# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٥٥)- (٢٧)ی شوباتی ٢٠٢٣

## فیکر و ئیرادەی مستەفا بارزانی

## پێکەوە بیرکردنەوە
## پێکەوە تێکۆشان
## پێکەوە پاراستنی بەهاکان






# باشترین وەفا بۆ یادی جەنابی بارزانی ئەوەیە ئەو مەشخەڵی خەباتەی ئەو هەڵیگیرساند هەر بە هەڵگیرساوی بمێنێتەوە

**٥٦**

کۆچی دوایی بارزانی لە ١ی ئازاری ١٩٧٩دا لەو بارودۆخ و قۆناغە هەستیار و پڕ مەترسییەدا کە گەلی کورد و کوردستان بە گشتی و پارتی بەتایبەتی پێیدا تێ دەپەڕی.
من دەمزانی، بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی بارزانی چەند لەسەر دڵی گەلی کورد گران دەبێت. دەترسام جۆرێک لە ملکەچی و نائومێدی دایان بگرێت. لەبەر ئەوە ڕاگەیەندراوێکم بڵاوکردەوە کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

کۆچی دوایی جەنابی بارزانی، هەرگیز نابێتە کۆسپ لەسەر ڕێگەی درێژەپێدانی ئەو خەباتەی کە ئەو ئەرکەکەی لە ئەستۆ گرتبوو. خەبات هەر بەردەوام دەبێت و ڕەوتەکەمان هەر لەسەر ڕێبازەکەی ئەو دەبێت. لە ڕاستیدا هەر ئەمەیە خواست و ئارەزووی بارزانی. باشترین بەڵگەی وەفادارییش بۆ یاد و بیرەوەریی ئەو، ئەوەیە ئەو مەشخەلی خەباتەی ئەو هەڵیگیرساند هەر بە هەڵگیرساوی بمێنێتەوە.
ڕاستە وەفاتی بارزانی لە ڕووی دەروونییەوە کاریگەرییەکی قووڵی کردە سەر دڵسۆزان و تێکۆشەرانی ڕێگەی کوردایەتی و کۆستێکی گەورە بوو بۆ هەموو وەفاداران و دڵسۆزانی ڕێبازەکەی، بەڵام لەگەڵ ئەو کۆستە گەورەیەشدا دڵسۆزان و جەماوەری تێکۆشەر و خۆڕاگری کوردستان شانیان دایە بەر بەرپرسیاریەتی و ئازایان هاتنە کۆڕی خەبات و بە بەردەوامیدان و زیندووهێشتنەوەی ڕێبازی جەنابی بارزانی، هەموو خەون و پیلانی دوژمنانیان پووچەڵ کردەوە.
تەنانەت کۆچی دوایی جەنابی بارزانی هێما و هۆکارێکی گەورە بوو لە جێکردنەوەی بارزانی لەناو دڵ و دەروونی جەماوەری کوردستان و قووڵتربوونی وەفاداری و پابەندبوونی گەلی کورد بە هزر و کولتوور و ڕێبازە نەتەوەیی و نیشتمانییەکەی.
مەرگی بارزانی نوێکردنەوەی سۆز و پەیمانی گەلی کورد بوو لەگەڵ ئەو سەرکردەیەی سەرتاپای ژیانی، بۆ بەرگریکردن لە مافە ڕەواکانی گەلەکەی تەرخان کردبوو و، ئەوانەشی لەناو دڵی گەلەکەیاندا دەژین، هەردەم بە زیندوویی دەمێننەوە.

# گوڵان

پەیامی ئەمرۆ و سبەی

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٥٥)- (٢٧)ی شوباتی ٢٠٢٣


## ChatGPT نەوەی یەکەمی زیرەکیی دەستکرد بۆ گوڵان:

# جیهان بە پێکەوەژیانی ئاشتیبیانەی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان سەرسامە

گواستنەوە بۆ حکومەتی دیجیتاڵی بیرۆکراسیی نەرێنی و گەندەڵی لە حکومەت کەم دەکاتەوە



# چاپکراوی نوێ




مستەفا بارزانی لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی عێراقدا (١٩٤٧-١٩٧٠) ناونیشانی کتێبێکی چاپکراوی (دکتۆر بورهان حاتەم گۆمەتاڵی) یە و لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەم کتێبە بە بەرگێکی ناوازە و بە(١٦٨) لاپەڕەی قەبارە گەورە کەوتە بەردەستی خوێنەران و کتێبخانەی کوردییەوە.

پێشەکی کتێبەکە بەوە دەست پێ دەکات کە مەلا مستەفا بارزانی وەك ڕێبەر و سەرکردەیەکی بەناوبانگی کورد، پێگەو ڕۆڵێکی بەرچاوی لەنێو بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورددا هەیە، بە تایبەتیش لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا کە ڕابەرایەتیی شۆڕشەکەی کردووە،لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا چەندین کارنامەی زانستی و توێژینەوە و کتێب دەربارەی بارزانی نووسراون، بەڵام تا ئێستا کەمتر کار لەسەر ئەوە کراوە، کە لە ڕێگەی خوێندنەوە و شیکردنەوەی بەڵگەنامە نهێنی و فەرمییەکانی حکومەتی عێراق تیشك بخرێتە سەر خەباتی سیاسی و سەربازیی بارزانی.

ئەم کتێبە بایەخی زێتری لەوەدایە کە بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە نهێنی و فەرمییەکانی حکومەت ، کە تا ئێستا بڵاونەکراونەتەوە، نوسراوە. بەڵگەنامەکان لە چەندین نووسراو و بروسکەی دەزگا ئەمنی و سەربازی و کارگێڕییەکانی حکومەت پێکهاتوون، باسیان لە چەند لایەنێکی ژیانی سیاسی و سەربازی و هەڵوێستەکانی و پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی بارزانی کردووە.

دیارە زانیاریی نێو بەشێك لەو بەڵگەنامانە دروست نین و هەڵەی زەقیان تێدایە، یا هەندێك لەو زانیارییانە بە ئەنقەست شێوێندراون، بۆیە جگە لە خستنەڕووی ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکان لە توێژینەوەکەدا بە پشتبەستن بە سەرچاوەکان کارکراوە بۆ ڕاستکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکانی نێوانیان.کتێبەکە لە سێ بەش و ئەنجام ولیستی سەرچاوە و پاشکۆی بەڵگەنامەکان پێکهاتووە، بەشی یەکەم لە دوو تەوەرە پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا لەژێر ڕۆشنایی چەندین بەڵگەنامەی نهێنی باس لە چاودێری و جموجوڵ و چالاکیی مستەفا بارزانی لەلایەن دەزگاکانی حکومەتەوە کراوە، کە مێژووی



بەڵگەنامەکان لەنێوان ساڵانی (١٩٤٧-١٩٦٧)دایە. لە تەوەری دووەمدا پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی بارزانی خراوەتە ڕوو. لە پەیوەندییە نێوخۆییەکاندا بە پشتبەستن بە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەت کە باس لە پەیوەندییەکانی بارزانی لەگەڵ حزبی شیوعیی عێراق و حزبی شیوعی/سەرکردایەتیی ناوەندیی کۆمەڵەی (عەزیز ئەلحاج) کراوە، لە پەیوەندییە دەرەکییەکانیشدا پەیوەندییەکانی بارزانی لەگەڵ هەر یەك لە وڵاتانی ئێران و ئەمریکا و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا خراوەتە ڕوو.

لە بەشی دووەمی کتێبەکە لە میانەی دوو تەوەردا تیشك خراوەتە سەر سەرپەرشتی و سەرکردایەتیکردنی بارزانی بۆ شەڕەکان، بەتایبەتی شەڕەکانی ساڵی ١٩٦٢و شەڕی هەندرێنی ساڵی ١٩٦٦.هەر لەم بەشەدا لەژێر ڕۆشنایی چەند بەڵگەنامەیەکی نهێنیی حکومەتدا کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی نێوان ١٥-٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦ بە ئامادەبوونی بارزانی خراوەتەڕوو.

هەرچی بەشی سێیەم و کۆتایی کتێبەکەیە لە سێ تەوەر پێکهاتووە و تایبەت کراوە بە هەڵوێستی مستەفا بارزانی لە هەمبەر ڕێککەوتننامەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەبارەی ئاگربەستی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ و پابەندبوونی بارزانی بە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە. لە تەوەری دووەمیشدا تیشك خراوەتە سەر نیگەرانییەکانی بارزانی و سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد لە پابەندنەبوونی حکومەت بە بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦. لە تەوەری سێیەمدا لەمیانەی چەند بەڵگەنامەیەکی فەرمیی حکومەتدا باس لە پابەندبوونی مستەفا بارزانی بە ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا کراوە.

ئەم کتێبە وێڕای ئەوەی کۆشش و ماندووبوونێکی زۆری بۆ دراوە و هەوڵدراوە بە شێوەیەکی ئەکادیمییانە و بابەتییانە بەبێ لاگری بنووسرێت.


بە ناوی گۆڤاری (گوڵان)ەوە دەستخۆشی لە دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان و نووسەری کتێبەکە دکتۆر بورهان حاتەم گۆمەتاڵی دەکەین و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین.

## فەرسەت ئەحمەد :




**دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق بە ئیجتیهاداتی خۆی لێکدانەوە و خوێندنەوەی بۆ مادده و بڕگە دەستووری و یاساییەکان کردووە**

## خالید جەمال ئەلبیر:



**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی زیاتر گەشەکردنی پێکەوەژیانە لە کوردستاندا**

## سعود مستۆ نەجم:




**کەس خۆی بە خاوەنی ئێمە نەزانیوە تەنیا پارتی و بارزانی نەبێت**

## مارک کاتز:



**هەندێ لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نایانەوێت ڕووسیا شەڕەکە بدۆڕێنێت**





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
رێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

عەبدولکەریم ئەبووبەکر هەمەوەند:



## دادگای فیدراڵی هیچ ئەرزشێکی یاسایی و دەستووریی نییە و لەژێر چەتری دەستووری هەمیشەیی عێراقدا پێک نەهێنراوە

ئاشنا بابان:

## کەمتەرخەمی کراوە لە بینینی ڕۆڵی کارای ئافرەتان لە کاری دیپلۆماسی و تواناکانیان پشتگوێ خراون



## قاوە و پەستانی خوێن



## کاتژمێرێکی زیرەکی هەمەکارە



مەست ساڵح:

## بەداخەوە لە کوردستان زۆرترین گرنگی بە تۆپی پێ دەدرێت



حەسنا لەعکوبی:

## شانۆ بۆ من بە فیرۆدانی کاتە



## فیکر و ئیرادەی مستەفا بارزانی

# پێکەوە تێکۆشان
# پێکەوە بیرکردنەوە
# پێکەوە بەهاکان بپارێزین





**فەرەنسییەکان بۆیە سەردەکەون لەبەر ئەوەی پێیان وایە «هەر کارێک بۆ شکۆی فەرەنسا باش بێت، کارێکی موراڵییە**

**هابرماس هەموو ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ «بە زیندوو هێشتنەوەی مۆدێرنە» و دژایەتیکردنی هەموو ئەو بیرمەندانەی کە جاڕی مردنی مۆدێرنە و قۆناخی پۆست مۆدێرنەیان دەدا**

یادکردنەوەی کاریزما و باوکانی دامەزرێنەرانی نەتەوە و دووبارە پێناسەکردنەوەی ئەو فیکرەیە کە ئەوان وەك فریادڕەس ڕێگەی ئازادی و سەرفرازیان بۆ نەتەوەکەیان پێ دەستنیشان کردووە، نەك گێڕانەوەی مێژووەکانیان، هەر بۆ نموونە کاتێك فەرەنسییەکان یادی ژەنەراڵ دیگۆل دەکەنەوە، ناگەڕێنەوە بۆ مێژووی دیگۆل، بەڵکو دەگەڕێنەوە بۆ ناو فیکری دیگۆل کە چۆن توانی بەو فیکرە ئەو ئیرادەیە لە نەتەوەدا بەرجەستە بکات، کە لە سێ قۆناخی زۆر سەختدا فەرەنسای ڕزگار کردووە، ئەو سێ قوناخەش بریتین لە:

١- ڕزگارکردنەوەی فەرەنسا لە دەستی نازیزم ١٩٤٥.

٢- ڕزگارکردنەوەی فەرەنسا لەناو پاشاگەردانی و فەوزای سیاسیی ١٩٥٨.

٣- ڕزگارکردنەوەی فەرەنسا لە دەستی پۆپۆلیست و فەوزای سیاسیی ١٩٦٨.

ئەم سێ قۆناخە سەختەی فیکر و ئیرادەی دیگۆل فەرەنسای پەڕاندەوە بۆ کەناری ئارمی، تەنیا سێ لاپەڕەی گەشی مێژووی گەلی فەرەنسا پێکناهێنن، بەڵکو دەبێت ئەو فیکر و ئیرادەیەی لەو ڕۆژگارە سەختانەدا بووە فریادڕەس هەر بە زیندوویی بمێنێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە قۆناخە سەختاکان کۆتاییان نەهاتووە و بەردەوام حکومەت و گەلی فەرەنسا ڕووبەڕووی دەبنەوە، ئەوجا بۆ ئەوەی بە هاوشێوەی دیگۆل ئەو قۆناخە سەختانە تێپەڕێنن، ئەوا لەسەر گەلی فەرەنسا فەرز دەبێت، هەموو پێکەوە جارێکی دیکە بە هاوشێوەی دیگۆل بیربکەنەوە و پێکەوە بە دەستەجەمعی دووبارە فیکر و بیرکردنەوەی دیگۆل پێناسە بکەنەوە و، چۆن دیگۆل لە سێ قۆناخی جیاوازدا سێ چارەسەری جیاوازی بەرهەمهێناوە بۆ ڕزگارکردنی فەرەنسا، دەبێت ئێستا گەلی فەرەنسا لە قۆناخێکی جیاوازتر لە سەردەمی دیگۆل لەسەر هەمان ئەو پنتە سەرەکییە بیر بکەنەوە کە چەقی فیکر و بیرکردنەوەی دیگۆل بووە، ئەو پنتەش ئەوەیە کە «شکۆی دەوڵەت و گەلی فەرەنسا لە سەرووی هەموو شتێکی دیکەوەیە»، وەك بیرمەندی ئەمریکییش جۆزیف لە کتێبی «ئایا مۆراڵ پرسێکە . Do morals matter» ئاماژەی پێ کردووە، فەرەنسییەکان بۆیە سەردەکەون لەبەر ئەوەی پێیان وایە «هەر کارێك بۆ شکۆی فەرەنسا باش بێت، کارێکی موراڵییە» کەواتە هەتا ئەم پنتە چەقی بیرکردنەوەی فەرەنسییەکان بێت، ئەوا فیکری دیگۆل هەر زیندووە و گەل و دەوڵەتی فەرەنساش هەر لە ئاستی ئەو شکۆیەدا دەبن، کە دیگۆل ئومێدی بۆ دەخواست، بەپێچەوانەشەوە دوورکەوتنەوە لە فیکر و بیرکردنەوەی دیگۆل، ئەوا نە دەوڵەت و نە گەلی فەرەنساش شکۆی ئێستایان نابێت و دیگۆلیش ئەو گیانە زیندووە نابێت لەناو ڕۆحی هەر تاکێکی فەرەنسیدا.

سەبارەت بە چۆنیەتی «بە زیندوویی ڕاگرتنی فیکر»، یۆرگن هابرماس بیرمەندی گەورەی جیهانی کە هەتا ئێستاش لە ژیاندا ماوە، داوا لە مرۆڤایەتی دەکات چەمکی «مۆدێرنە» بکرێتە گوتارێکی فەلسەفی بە ناوی «گوتاری فەلسەفی بۆ مۆدێرنە»، ئەمەش واتە «مۆدێرنە» ئەو پرسیارە بێت کە لە هەر سەردەمێکدا دووبارە ئاراستەی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی بکرێت و دەبێت مرۆڤایەتی پێکەوە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە: ئایا مانای مۆدێرنە چییە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە گەڕاوەتەوە بۆ ناو بیرکردنەوەی فەیلەسوفە گەورەکانی خۆی و پێمان دەڵێت: لای هیگڵ «مۆدێرنە واتە سەردەمێکی تازە»، بەڵام سەردەمێکی تازە دوای کام سەردەم؟ بێگومان هابرماس پێمان دەڵێت سەردەمێکی تازەی دوای سەردەمە تاریکەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و دەسەڵاتی کەنیسە و دەرکەوتنی پرشنگی ڕووناکیی ڕۆشنگەری کە مرۆڤایەتی بردە قۆناخێکی گەش کە پێشتر لە مێژوودا بە خۆیەوە نەبینیبوو، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە هابرماس هەموو ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ «بە زیندوو هێشتنەوەی مۆدێرنە» و دژایەتیکردنی هەموو ئەو بیرمەندانەی کە جاڕی مردنی مۆدێرنە و قۆناخی پۆست مۆدێرنەیان دەدا.

هابرماس بۆ «بە زیندوو ڕاگرتنی مۆدێرنە» وەك بەرهەمی فیکرێکی ڕۆشنگەر، سێ تیۆریی گرنگی پێشکەشی مرۆڤایەتی کردووە،

کە بریتین لە تیۆرەکانی «کاری پێکەوەیی، ئەقڵی پێکەوەیی، یان بیرکردنەوەی پێکەوەیی، پاراستنی پێکەوەیی بەها ئاکارییەکان».

لەم سێ تیۆرەدا هابرماس پێمان دەڵێت: چۆن لە هەناوی سەدە تاریکەکانی ئەوروپا، مۆدێرنە لەناو فیکری فەیلەسووفەکان و ئیرادەی خەڵکی ئەو سەردەمە وەك «سەردەمێکی نوێی پرشنگدار» لەدایك بوو، لە کاتێکدا ڕێگەی گەیشتن بەو سەردەمە نوێیە بە گوڵ فەرش نەکرابوو، بەڵکو ئاستەنگ و گرفتەکان لە ڕادەدە بە دەربوون، بەڵام «فیکر و ئیرادە» توانی ئەو ئاستەنگ و گرفتانە ڕابماڵێت و سەردەمێکی نوێ ڕابگەیەنێت، ئەوا ئەمڕۆش هەر پێویستمان بە هەمان ئەو «فیکر و ئیرادە»یە هەیە، بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ کۆی ئەو ڕەخنە و گرفتە کەڵەکەبووانە بکەین کە لەسەر مۆدێرنە کەڵەکە بوون و بۆ ئەمەش پێویستە دووبارە «پێکەوە بیربکەینەوە» بۆ ئەوەی تێبگەین مۆدێرنە بۆ ئەم سەردەمە مانای چییە؟ پێکەوە کار بکەین بۆ ئەوەی ئەو ئاستەنگ و گرفتانە تێپەڕێنین کە ئێستا مۆدێرنەی تێکەوتووە، پێکەوە دووبارە ئەو بەها ئاکارییانە پێناسە بکەینەوە و بیپارێزین کە مۆدێرنە بەرهەمی هێناون». هابرماس پێمان دەڵێت، بەم سێ هەنگاوە «مۆدێرنە هەر زیندوو دەبێت و پرشنگی ڕۆشنگەرییش لە مرۆڤایەتی ئاوا نابێت».

ئەوجا ئەگەر ئەم تێگەیشتنەی هابرماس لەسەر «بە زیندوو ڕاگرتنی» فیکری کاریزمای هەر نەتەوەیەکیش پراکتیزە بکەین، دووبارە دەگەینەوە ئەو ئاکامەی کە هابرماس بۆ مرۆڤایەتی پێی گەیشتووە و پێمان دەڵێت: «هەتا فیکر و بیرکردنەوەی کاریزما لە ویژدانی تاکەکانی نەتەوە بە زیندوویی بمێنێتەوە، ئەوا پرشنگی ڕووناکیی ئازادی و ڕزگاری لەو نەتەوەیە ئاوا نابێت»، ڕاشکاوانەتر وەك بیرمەندی گەورەی ئەمریکی ساموئیل هنتنگتن لە ساڵی ٢٠٠٥ و دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر ڕوو دەکاتە گەلی ئەمریکا و پێیان دەڵێت: «هۆکاری سەرەکیی هەموو ئەو کێشانەی ئێستا بەسەر گەلی ئەمریکا دێت، دوورکەوتنەوەیە لە وەڵامدانەوەی پرسیاری «ئێمە کێین؟» ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە جۆرج واشنتۆن لە خۆی کرد و وەڵامی دایەوە، ئێمە گەلێکی سەربەخۆین و ناومان گەلی ئەمریکایە نەك «بەریتانیا»، باج نادەین بە پەرلەمانێك کە نوێنەرایەتیی ئێمە نەکات، هەر بۆیە شۆڕشی کرد و کۆماری ئازادی ئەمریکای ڕاگەیاند، بۆ ئێستاش تەنیا چارەسەر بۆ گەلی ئەمریکا ئەوەیە ڕۆژانە لە خۆی بپرسێت: «ئێمە کێین؟» بە بەرزکردنەوە و شەکاندنەوەی ئاڵای ئەمریکا بە دەستەکانیەوە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە.

### ● فیکر و بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی بۆ ئێستامان لە هەمووکاتێك پێویستترە

فەیلەسووف و بیرمەندان بە درێژایی مێژووی فیکر ئەوەیان فێری مرۆڤایەتی کردووە کە «فیکر و بیرکردنەوە» پەیوەندی بە «سەردەمە جیاوازەکان»ـەوە نییە، ڕاشکاوانەتر پەیوەندی بە مێژووەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە شێوازی بەکارهێنانی بەرهەمی ئەو فیکر و بیرکردنەوانە هەیە کە چۆن لەگەڵ کێشە و گرفتی سەردەمە جیاوازەکان مامەڵەی پێ دەکرێت و چۆن ڕێگەی چارەسەر بۆ ئەو کێشە و گرفتانە دەدۆزرێتەوە کە مرۆڤایەتی بە دەستیانەوە دەناڵێنێت، لەم ڕوانگەیەوە کاتێك هابرماس پێمان دەڵێت: «پێش ٢٠٠ ساڵ هیگڵ چەمکی مۆدێرنەی بە سەردەمێکی نوێ پێناسە کردووە»، لەمەوە دەیەوێت گریمانەی ئەوە بکات کە ئەگەر ئێستا هیگل وەك سەرەتای سەدەی نوزدەهەم تەمەنی لە نێوان ٤٠-٥٠ ساڵ بوایە و مامۆستای یەکێك لە زانکۆکانی ئەڵمانیا بوایە بۆ ئەم سەردەمە، چۆن مۆدێرنەی پێناسە دەکردەوە؟ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە: با هەموومان پێکەوە بیر بکەینەوە و پێکەوە کاربکەین بۆ ئەوەی وەك هیگڵ بیر بکەینەوە. ئەم بیرکردنەوەی هابرماس کە ٣٥ ساڵ پێش کتێبەکەی هنتنگتنە «ئێمە کێین؟» جارێکی دیکە لەسەر نەتەوە و گەلی ئەمریکا پراکتیزە کراوە، بەڵام لەسەر فیکری کاریزمایەك کە پێش بیرکردنەوەکەی هیگڵیشە ئەویش «جۆرج واشنتۆن»ـە و پێیان دەڵێت: «ئەگەر جۆرج واشنتۆن ئێستا لە ناوتان بوایە، داوای چی لێ دەکردن؟ بێگومان داوای ئەوەی

**پێویستە دووبارە «پێکەوە بیربکەینەوە» بۆ ئەوەی تێبگەین مۆدێرنە بۆ ئەم سەردەمە مانای چییە؟ پێکەوە کار بکەین بۆ ئەوەی ئەو ئاستەنگ و گرفتانە تێپەڕێنین کە ئێستا مۆدێرنەی تێکەوتووە، پێکەوە دووبارە ئەو بەها ئاکارییانە پێناسە بکەینەوە و بیپارێزین کە مۆدێرنە بەرهەمی هێناون**

**«فیکر و بیرکردنەوە» پەیوەندی بە «سەردەمە جیاوازەکان»ـەوە نییە، ڕاشکاوانەتر پەیوەندی بە مێژووەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە شێوازی بەکارهێنانی بەرهەمی ئەو فیکر و بیرکردنەوانە هەیە کە چۆن لەگەڵ کێشە و گرفتی سەردەمە جیاوازەکان مامەڵەی پێ دەکرێت و چۆن ڕێگەی چارەسەر بۆ ئەو کێشە و گرفتانە دەدۆزرێتەوە کە مرۆڤایەتی بە دەستیانەوە دەناڵێنێت**



لێ دەکردن بگەڕێنەوە لە دەوری ئاڵای ئەمریکا کۆببنەوە و بەدەستەکانتان بیشەکێننەوە، ئەو کات بە ئاسانی دەتوانن کێشەکانتان چارەسەر بکەن»، لەم کتێبە بە گەلی ئەمریکا دەڵێت: «ئێستاش کێشەکانی گەلی ئەمریکا هەر بەو فیکر و ئیرادەیە چارەسەر دەکرێت کە جۆرج واشنتۆن بەرهەمی هێناوە و، بە زیندووهێشتنەوەی ئەو فیکر و ئیرادەیە کێشەکانتان چارەسەر دەکات و ڕزگارتان دەکات، بە پێچەوانەوە بەرەو دووبارەکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم هەنگاو هەڵدەگرن و شکۆتان ئاوا دەبێت.

ئەم چەند دێڕە بۆ شێوازی مامەڵەکردنی «فیکر و ئیرادە» لەگەڵ واقیعی ئێستا و دەرهێنانی لە چوارچێوە مێژووییەکەی بۆ ئەوەی بوو، ئەو پرسیارە بورووژێنین و بپرسین: «کاتێك ئەمرۆ یادی بە جەستە ئاوابوونی مەلا مستەفا بارزانی دەکەین، ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین لە ئێستادا مستەفا بارزانی تەمەنی تەنیا ٥٥ ساڵە و دوای ١٢ ساڵ لە مەنفا گەڕاوەتەوە (وەك لە ساڵی ١٩٥٨ گەڕایەوە کوردستان) و باردۆخی ئێستامان بەمجۆرە دەبینێت، ئایا چاوەڕێ دەکەین چیمان پێ بڵێت؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە و وەڵامدانەوەی ئەوانەی پێیان وایە سەردەمی مستەفا بارزانی و سەردەمی ئێستا دوو سەردەمی جیاوازن، پێویستمان بە بەراوردکاریی نێوان هەر دوو سیستەمەکە هەیە، بەمجۆرە:

١. دوای گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٥٨، لە عێراقدا سیستمێکی سیاسیی تازە هاتبووە سەرکار بەناوی کۆماری عێراق، ئەم سیستەمە دەستوورێکی کاتیی نووسیبوو، تیایدا عێراقی بە نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەب ناساندبوو»، لە ئێستاشدا کە ساڵی ٢٠٢٣یە، دیسان هاوپەیمانییەکمان لەگەڵ چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە هەیە، ئەو کات جەنابی مستەفا بارزانی پابەندبوونی حکومەتی قاسمی بە دەستورەکە گرێ دابووەوە بە پشتگیریکردنی کوردستان لە حکومەتەکەی، ئێستاش سەرۆك بارزانی هەمان داواکاری لە حکومەتەکەی سوودانی دووبارە دەکاتەوە.

٢. لە ساڵی ١٩٥٨ ڕاستە لە کوردستاندا تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان وەك حزبێکی سەرەکی لە کوردستان بوو، بەڵام لەناو پارتیدا سەقامگیری سیاسیی زۆر کەم بوو، لەگەڵ ئەوەی بەردەوام پارتی و حزبی شیوعی عێراقی لە ململانێدا بوون، بەڵام هەندێك لە سەرکردەکانی ئەو کاتی پارتی پێداگریی ئەوەیان دەکرد کە تیۆری مارکسی ببێتە بەشێك لەپەیڕەو پرۆگرامی پارتی، ئەمەش واتە ئەو کاتیش ناسەقامگیری و فەوزای سیاسی هەبووە، هەروەك چۆن ئەمڕۆش لە بازنەی «فرە حزبی نابەرپرسیاردا» هەمان ناسەقامگیریی سیاسی دووبارە بووەتەوە، بەڵام چۆن مستەفا بارزانی بە ڕێگەی کۆنگرە لە قۆناخی یەکەمی دوای گەڕانەوەی ئاراستەی سیاسەتی پارتی ڕاست کردەوە، زیاد لەمەش کەناڵێکی گرنگی پەیوەندی لەگەڵ تەواوی خەڵکی کوردستان کردەوە و دیالۆگی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دامەزراندن، لەناو پارتیش ڕۆڵی ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەریی و مەدەنییەکانی ئەکتیڤ کرد و تا ڕادەیەکی زۆر سیمای بە سیاسیکردنی کاڵ کردەوە و سازشکردنی لەسەر پرسە نەگۆڕە نیشتمانییەکان حەرام کرد، بەمەش جارێکی دیکە دووبارە پارتی هێنایەوە بۆ ناو بازنەی نەتەوەیی و نیشتمانی، ئێستاش بە هەمان شێوە لە دوای کۆنگرەی ١٤ سەرۆك بارزانی بە هەمان شێوە پارتی کردووەتەوە بەو ئامرازەی کە خزمەتی خەڵك و گەلی کوردستانی پێ بکات، بە هەمان شێوەی بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی، ئاراستەی هەنگاوەکانی سەرۆك بارزانی لە ئێستادا جیا لە ئەکتیڤکردنەوەی ڕۆڵی ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان و ڕێکخراوە مەدەنی و ئایینییەکان، لە کاتێکدا هەنگاوەکانی دوای کۆنگرە بەو ئاراستەیەن دەرگایەکی فراوانی دیالۆگ لەگەڵ خەڵك و کۆی حزبە سیاسییەکانی کوردستان بکاتەوە، لە سەرووی هەمووی ئەمانەشەوە سەرۆك بارزانی سازشی لەسەر نەگۆڕە نیشتمانی و نەتەوەییەکان نەکردووە و بە هێڵی سووری زانیون و حەرامی کردوون.

٣. لە دوای ساڵی ١٩٥٨ لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ حکومەتی عێراق هەبوو، بەڵام دووربینی و لۆژیکی

**جەنابی مستەفا بارزانی پابەندبوونی حکومەتی قاسمی بە دەستورەکە گرێ دابووەوە بە پشتگیریکردنی کوردستان لە حکومەتەکەی، ئێستاش سەرۆک بارزانی هەمان داواکاری لە حکومەتەکەی سوودانی دووبارە دەکاتەوە**

**لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا ئیمکانیەتی کوردستان زۆر لە ئیمکانیەتی ئێستامان زیاتر بووە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول، ئیمکانیەتی خەڵکی کوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە لەو ئاستەدا بوو، جیا لەوەی خەڵکی کوردستان دەیتوانی خۆی خۆی بەخێو بکات و خۆی خاوەن بەرهەم بوو، لە هەمانکاتدا شۆڕشەکەشی بە خێو دەکرد**

مستەفا بارزانی لەو ئاستەدا بوو، زۆر زەحمەتە ئەقڵییەتی شۆڤێنی لە ناو پرۆسەی حوکمڕانیی عێراقدا تاسەر ڕێگە بەوە بدەن کە هەر دوو گەلی کورد و عەرەب بە ئاشتی و برایانە لە نیشتمانێکدا بژین، ئێستا هەمان دووربینی و لۆژیک لە بیرکردنەوەی سەرۆک بارزانی دەبینین و هەروەک چۆن هەفتەیەک پێش ئێستا زۆر بوێرانە لەسەر بڕیارەکەی دادگای بەناو فیدراڵی عێراق دژی قووتی خەڵکی کوردستان زۆر جوامێرانە پێی گوتن، ئەم دادگا بەناو فیدراڵییە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ «مەحکەمەی سەورەی بەعس» نییە.

لە ڕووی ئیمکانیەتی سەربازی و ئابوورییەوە حکومەتی بەغدا بەراوردکردنی بە کوردستان، لەگەڵ ئەوەی بەراوردەکە زۆر قورسە و تێگەیشتنێکی قووڵی دەوێت، هەتا بتوانین بەراوردی بکەین، هەروەها ڕاستە لە ڕووی ژمارە و داتاکانەوە بارودۆخی ئیمکانیەتی ئابووری و سەربازیمان ئێستا لە دوای ساڵی ١٩٥٨ باشترە، کە لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول ئیمکانیەتی شۆڕش نزیک لە سفر بوو، بەڵام لە ڕووی ئەو ئیمکانیەتەی لەسەر ئاستی سەربازی و ئابووری لە کوردستان هەبوو، کە مستەفا بارزانی توانی زۆر باش بەکاری بهێنێت، بەراورد بە ئیمکانیەتی ئەو کاتی حکومەتی عێراق لەگەڵ حکومەتی ئێستای عێراق، ئەوا لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا ئیمکانیەتی کوردستان زۆر لە ئیمکانیەتی ئێستامان زیاتر بووە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول، ئیمکانیەتی خەڵکی کوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە لەو ئاستەدا بوو، جیا لەوەی خەڵکی کوردستان دەیتوانی خۆی بەخێو بکات و خاوەن بەرهەم بوو، لە هەمانکاتدا شۆڕشەکەشی بە خێو دەکرد. ڕاستە شۆڕش توانای کڕینی چەکی نەبوو، بەڵام چەکی هەموو هۆزەکانی کوردستان لە بەردەستی شۆڕشدا بوون، بەڵام ئێستادا وێڕای ئەوەی ڕۆژانە چەند سەد هەزار بەرمیل نەوت دەفرۆشین و جووڵەی بازرگانییش هەیە، بەڵام نەمانتوانیوە کوردستان بکەینەوە بەو کوردستانە بەرهەمهێنەی سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی، ئەم حاڵەتەش بە تەواوەتی ئەرکی سەرشانی سەرۆک بارزانی قورستر کردووە، بۆیە پێویستە لەم لایەنەوە هەڵوەستەی جددی بکەین و دەبێت هەموومان هاوکاری سەرۆک بارزانی بین، بۆ ئەوەی ئەو لاسەنگییە ڕاست بکەینەوە، کە ئێستا لەو بەرنامەیەی بۆ «کوردستانێکی بەهێز»ی دایڕشتووە و حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێی دەکات، ئامانجی سەرۆک بارزانی دووبارە بونیادنانەوەی ئەو کوردستانە بەرهەمهێنەیە.

لەوانەیە خەڵکانێک بپرسن: ئەم بەراوردکارییە بێ ویژدانییە و چۆن دوو سەردەمی جیاواز بە یەکەوە بەراورد دەکرێن؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێین: «فیکر و ئیرادە» پەیوەندی بە سەردەم و مێژووەوە نییە، ئەو «فیکر و ئیرادە»یەی مستەفا بارزانی لە تەواوی سەدەی بیستەم و لە زۆر قۆناخ و سەردەمی جیاواز، قۆناخە سەختەکانی نەتەوەی پێ تێپەڕاندووە، ئێستا هەمان «فیکر و ئیرادە» سەرۆک مسعود بارزانی درێژەی پێ داوە، لەمەش زیاتر ئاکامی ئەو فیکر و ئیرادەیەی بە کردەیی بۆ سەلماندین، هەروەک چۆن دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ کە خیانەت و پیلانگێڕییەکی گەورە بۆ نەهێشتنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و بە لۆژیکی سەرکردایەتی هەبوو، لەو قۆناخە سەختەدا کە بە هیچ شێوەیەک هێزی پێشمەرگە لەگەڵ هێزی بەرانبەری (هێزەکانی حەشدی شەعبی، ڕاوێژکارانی سوپای قودس و حزبوڵڵای لوبنانی، تازەترین چەکی ئەمریکی و ڕۆژئاوا لە سەرووی هەمووی ئەمانەشەوە + خیانەتی ناوخۆ)، بەڵام لە هەناوی ئەم هەموو سەختییانەدا لەبری ئەوەی کوردستان تەسلیم بێت، بە پێچەوانە لەژێر ڕابەرایەتیی سەرۆک مسعود بارزانی چەمکی «خۆنە چەمێنن» لە دایک بوو.

کەواتە ئەم واقیعەی ئێستامان لە هەموو کاتێک زیاتر دووبارە پێویستی بە پەیامی مستەفا بارزانی هەیە و، لەم ڕوانگەوە ئەو گریمانەیە دووبارە دەکەینەوە و لە خۆمان دەپرسین: ئەگەر دوای ٤٤ ساڵ لە جەستە ئاوابوونی ئەمڕۆ جارێکی دیکە (١ی ئاداری ٢٠٢٣) دووبارە لە ناو فیکر و ئیرادەی مستەفا بارزانییەوە گوێ هەڵبخەین، ئایا چیمان پێ دەڵێتەوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لە ناو فیکری مستەفا

**دەبێت هەمووومان هاوکاری سەرۆک بارزانی بین، بۆ ئەوەی ئەو لاسەنگییە ڕاست بکەینەوە، کە ئێستا لەو بەرنامەیەی بۆ «کوردستانێکی بەهێز»ی دایڕشتووە و حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێی دەکات**

**«فیکر و ئیرادە» پەیوەندی بە سەردەم و مێژووەوە نییە، ئەو «فیکر و ئیرادە»یەی مستەفا بارزانی لە تەواوی سەدەی بیستەم و لە زۆر قۆناخ و سەردەمی جیاواز، قۆناخە سەختەکانی نەتەوەی پێ تێپەڕاندووە، ئێستا هەمان «فیکر و ئیرادە» سەرۆک مسعود بارزانی درێژەی پێ داوە**

بارزانیدا دەدۆزینەوە، بەمجۆرە:

١. دوای ١٤ ساڵ لە جەستە ئاوابوونی و دوای گەڕانەوەی تەرمی لە کۆماری ئیسلامییەوە بۆ کوردستان، خەڵکی کوردستان لە دووبارە گەڕانەوەی مستەفا بارزانی دووبارە پەیامەکانی مستەفا بارزانی لە گوێیاندا زرنگایەوە، بۆیە هەموو خەڵك پێکەوە ئاڵای هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستانیان وەلا نا و ئاڵای کوردستانیان بەرزکردەوە و، گوتاری حزبە سیاسییەکانیش بووە ئەوەی «مستەفا بارزانی موڵکی تەنیا لایەنێك نییە».

کەواتە لە حزووری ئەو جەماوەرە گەورەیەدا گیانی مستەفا بارزانی ڕووی کردە هەموو حزبەکانی کوردستان بە جەماوەری گوت: «هەستنەکردنی حزبە سیاسییەکان بە ویژدانی کوردایەتی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی خەڵکی کوردستان لە بەردەمی مندا ئاڵای هەموو حزبەکان دابنێن و ئاڵای کوردستان بەرز بکەنەوە». پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەو پەیامەی ویژدانی کوردایەتی خەڵکی کوردستان لە حزووری مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٩٣ پێیگوتین، هەمان ئەو پرسیارە نییە کە هنتنگتن لە خەڵکی ئەمریکای دەکات و پێیان دەڵێت: با لە خۆمان بپرسین: «ئێمە کێین؟» بۆ لە ئاڵاکەمان دوور کەوتووینەتەوە؟

٢. دیسان هەر دوای ١٤ ساڵ لە جەستە ئاوابوونی، کاتێك پێشنیاری گرێدانی کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لە دایکبوونی مستەفا بارزانی کرا، ئەوەش پێشنیاری ڕۆشنبیرانی کوردستانە و پارتی دیموکراتی کوردستان پێشنیارەکەی پەسەند کردووە، پرسیار ئەوەیە بۆچی ڕۆشنبیرانی کوردستان دەیانەوێت کۆنگرەیەك بۆ لەدایکبوونی مستەفا بارزانی بکرێت، نەك جەستە ئاوابوونی؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان بۆ هەموو کێشەکان پێویستیان بە فیکر و ئیرادەی مستەفا بارزانی هەیە، ئەمەش بە شێوەیەکی خۆڕسك تیۆرەکانی یورگن هابرماس بۆ بەزیندووڕاگرتنی چەمکی مۆدێرنە دووبارە دەکاتەوە کە پێمان دەڵێت: «دەبێت پێکەوە بیربکەینەوە، پێکەوە کاربکەین، پێکەوە بەها بەرزەکانی کۆمەڵگە بپارێزین». ئایا ئەگەر جارێکی دیکە تەواوی وتارەکانی کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لەدایکبوونی شەن و کەو بکەین و بمانەوێت لە یەك دێڕدا لەسەر زاری مستەفا بارزانییەوە گوێبیستی ببینەوە، ئایا لەمە زیاتر دەبوو کە ئامۆژگاریمان بکات و پێمان بڵێت: ڕزگاری و سەربەستیتان پەیوەستە بە سێ خاڵەوە «پێکەوە بیر بکەنەوە، پێکەوە کار و خەبات بکەن، پێکەوە بەها بەرزەکانی کوردستان بپارێزن».

پرسیاری دوماهی ئەمەیە: ئەم پەیڤانەی لە زاری مستەفا بارزانییەوە وەك ئامۆژگاری بۆ ئێمە، لە چەقی کام پنتی بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی سەرچاوەی گرتووە، بێگومان لە چەقی ئەو پنتەی کە لە فیکری مستەفا بارزانی دەدرەوشێتەوە کە ئەو چەند بەیتە شیعرەی ئەحمەدی خانییە کە پێش زیاتر لە ٢٠٠ ساڵ لە لەدایکبوونی مستەفا بارزانی گوتوویەتی و دەڵێت:

گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەك
ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەك
ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمیا ژ مە ڕا دکر غولامی
تەکمیل دکر مە دین و دەوڵەت
تەحسیل دکر مە عیلم و حیکمەت

ئەم چەند بەیتە شیعرەی ئەحمەدی خانی هەتا بڵێیت، بەرز و گرنگە و ڕۆحی کێشەکانی نەتەوەی کوردی لە خۆیدا دیاری کردووە، بەڵام گەورەیی عیرفان و ڕۆشنگەریی مستەفا بارزانی لەو ئاستەدایە کە دوای زیاتر لە ٢٥٠ ساڵ جارێکی دیکە مستەفا بارزانی ئەمە دەکاتە چەقی ئەو پنتەی کە پاشان دەبێتە ئەستێرە پرشنگدارەکەی ناو فیکری بارزانی، لەمەش زیاتر وەك فردریك نیچە دەڵێت: ئەسپی خەیاڵی مـن لەناو بەردێکی ڕەقدا نووستووە، پێویستی بە پەیکەرتاشێکە لە ئاستی مرۆڤی باڵا بێت، بۆ ئەوەی لەناو ئەو بەردە ڕەقە ئەسپی خەیاڵی مـن وێنا بکات»، ئەمە پێمان دەڵێت، یەکریزی و تەبایش ئەسپی خەیاڵی بیرکردنەوەی مستەفا بارزانییە و دەرهێنانی وێنەی ئەو ئەسپە لەناو بەردی ڕەقی ناتەبایی و پەرتەوازەییدا پێویستی بە پەیکەرتاشێکی باڵای هاوشێوەی مستەفا بارزانی هەیە.

ئەو پەیکەرتاشە باڵایەی نیچە بۆ وێناکردنی

**دوای ١٤ ساڵ لە جەستە ئاوابوونی و دوای گەڕانەوەی تەرمی لە کۆماری ئیسلامییەوە بۆ کوردستان، خەڵکی کوردستان لە دووبارە گەڕانەوەی مستەفا بارزانی دووبارە پەیامەکانی مستەفا بارزانی لە گوێیاندا زرنگایەوە، بۆیە هەموو خەڵك پێکەوە ئاڵای هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستانیان وەلا نا و ئاڵای کوردستانیان بەرزکردەوە و، گوتاری حزبە سیاسییەکانیش بووە ئەوەی «مستەفا بارزانی موڵکی تەنیا لایەنێک نییە»**

**یەکریزی و تەباییش ئەسپی خەیاڵی بیرکردنەوەی مستەفا بارزانییە و دەرهێنانی وێنەی ئەو ئەسپە لەناو بەردی ڕەقی ناتەبایی و پەرتەوازەییدا پێویستی بە پەیکەرتاشێکی باڵای هاوشێوەی مستەفا بارزانی هەیە**



**کاڵکردنەوەی بەسیاسیکردنی کۆمەڵگە و ئەکتیڤکردنەوەی ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەری و مەدەنییەکان بۆ ئەوەی زەمینەیەکی پتەو بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی و دەرکەوتنی ئیرادەی نەتەوە فەراهەم بکرێت**

ئەسپی خەوتووی ناو بەردی ڕەق داوای دەکات، لای هایدگەر ئەو دیزاینەیە کە شێوازی بەکارهێنانی ئامێرەکانی بەردەستی مانا و بەها بۆ ئامێرەکان دیاری دەکات و، لە شێوازی بەکارهێنانی ئەو ئامێرانەوە بوونی خۆی لێرە پێناسە دەکاتەوە، کە ئەویش بوونی دیزاینە لێرە کە سەرەنجام پێناسەی نەتەوە لە نیشتمانی خۆیدا دەکاتەوە.

لێرەوە پێویستمان بە ئاماژەکردنە بەو ئامێرانەی کە مستەفا بارزانی بۆ وێناکردنی ئەسپی «یەکڕیزی و تەبایی» لەناو بەردی ڕەقی ناتەبایی و پەرتەوازەییدا وێنای کردووە، کە ئەم ئامێرانە بوون:

١. کاڵکردنەوەی بەسیاسیکردنی کۆمەڵگە و ئەکتیڤکردنەوەی ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەری و مەدەنییەکان بۆ ئەوەی زەمینەیەکی پتەو بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی و دەرکەوتنی ئیرادەی نەتەوە فەراهەم بکرێت. ئەم زەمینەیە کە دێتە کایەوە، وەك لە ڕاپەرینی ١٩٩١ و لە گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٩٣ بینیمان خەڵك هەمووی لە حزووری مستەفا بارزانیدا خۆڕسکانە ئاڵای حزبەکانیان دانا و ئاڵای کوردستانیان بەرز کردەوە.

٢. دژایەتیکردنی گەندەڵی بە لۆژیکی مستەفا بارزانی، واتە گۆڕینی بەرژەوەندیی تاکەکەسیی گەندەڵ ڕاستەوخۆ بۆ بەرژەوەندیی خەڵك، وەك گۆڕینی بینایەکەی چۆمان بۆ قوتابخانە لە هەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا.

٣. گوێگرتن لە خەڵك، دروست وەك خوالێخۆش بوو مامۆستا تەها خەلیل بۆی گێڕاینەوە و گوتی: «لە ساڵی ١٩٧١ ئێمە وەك هونەرمەندانی کوردستان چووینە خزمەتی مەلا مستەفا بارزانی و بەنیاز بووین قسەمان بۆ بکات، ئەو پێی گوتین: من ئێوەم بانگهێشت کردووە، بۆ ئەوەی ئێوە قسە بۆ من بکەن و ئامۆژگاریم بکەن، نەك من قسە بۆ ئێوە بکەم».

٤. ڕێزگرتن لە زانایانی ئایینی ئیسلام و پیاوانی ئایینیی سەرجەم ئایین و ئایینزا جیاوازەکانی کوردستان، لە فیکری مستەفا بارزانیدا «ئایین» ئەوجا هەر ئایینێك بوو بێت، وێڕای پیرۆزییەکەی لای پێڕەوانی، لە هەمان



کاتدا هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی خەڵك بە شێوازێکی مەدەنییانە پێکەوە بیر لە ئاشتیی کۆمەڵایەتی و چارەسەری کێشەکانیان بکەنەوە، بۆیە لەم ڕووەوە زۆر دژی بە سیاسیکردنی ئایین بوو، بەمەش لەسەر ئاستی نیسابی مەدەنیی کۆمەڵگە ئایین ببووە هەوێنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی.

٥. بایەخدان بە کێشەی ژنان و ئافرەتان لە فیکری مستەفا بارزانیدا، لە کێشەکانی «کچانی ناو لانکەوە» دەردەکەوێت، کە پێش هەمووان چەوسانەوەی لەسەر ئەو کچانە هەڵگرت، کە لەسەر «لانکە» مارە دەکران، یان ئەوانەی گەورە بە بچووکیان پێ دەکرا، یان ئەوانەی کە ژن بە ژنیان پێ دەکرا، لە فیکری مستەفا بارزانیدا «ژنی جوامێر» بەرهەمی پەروەردەکردنی کچێکە لە کۆمەڵگەیەکی بەویژداندا.

٦. بڕوابوونی بە یاسا و پیادەکردنی دادپەروەری و بڕوابوونی بە لێبووردەیی هەتا دەگاتە ئەو ئاستەی بۆ هەر کەموکورتییەکی کۆمەڵگە گوتوویەتی: «خەتای منە»، ئەم ئاستە ئەو ئاستەیە کە ڤۆڵتێر پێمان دەڵێت: «لێبووردەیی ئەو کاتە دەگات، کە مرۆڤ بڵێت: من هەڵە بووم»، تەرجەمەکردنی ئەم قسەیەی ڤۆڵتێر ئەو گوتە بەنرخەی بەڕێز موحسین دزەییە کە پێی گوتین: مستەفا بارزانی دەیگوت، ئەوانەشی دەبنە جاش و ڕووبەڕووی شۆڕش چەك هەڵدەگرن، ئەویش هەر خەتای منە، چونکە بەشی هەرە زۆری ئەوانە لە ناچاری بوونە جاش و چەکیان دژی شۆڕش هەڵگرتووە، ئەگەر من ئیمکانیەتم هەبوایە و کارم بۆ ئەوانە دابین بکردایە، ئەوانیش نەدەبوونە جاش و چەکیان دژی شۆڕش هەڵنەدەگرت».

هەموو ئەمانەی دووبارە لەناو فیکر و ئیرادەی مستەفا بارزانیدا جارێکی دیکە زاخاوی مێشکی داینەوە، بە شانازییەوە لە ناو بڕیارە قورسەکانی سەرۆك مسعود بارزانی، هەمان فیکر و ئیرادە دەخوێنینەوە، بەڵام هەتا لەناو فیکر و ئیرادەی بارزانیدا جارێکی دیکە لە گوێماندا نەزرینگێتەوە نازانین چۆن چۆنی لەم قۆناخە سەختەدا هاوکاریی ئەرکە قورسەکانی سەرشانی ئێستای سەرۆك بارزانی بکەین.



فەرسەت ئەحمەد
وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق به ئیجتیهاداتی خۆی لێکدانەوە و خوێندنەوەی بۆ مادده و بڕگه دەستووری و یاساییەکان کردووه

■


دەستوور بە فەلسەفە و دیدگای مەرکەزی و شموولی لێکدانەوەی بۆ دەکرێت

■

**ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدایە بیروبۆچوونی خۆی لە ڕووی یاسایی و دەستوورییەوە بۆ لایەنی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراقی ڕوون بکاتەوە**

■

دەبێت یاسایەک بۆ دادگای باڵای فیدراڵی دابنرێت کە بەپێی دەستوور بێت، چونکە دادگای ئێستا بەپێی دەستوور دانەمەزراوە و هەموارکردنی یاساکە بەپێی دەستوور نەبووە و لەو یاسایەدا هەرێم دەتوانێت زەمانەتی خۆی مسۆگەر بکات



**فەرسەت ئەحمەد وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵاندا تایبەت بە بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق و جێبەجێنەکردنی مادده دەستووری و یاساییەکانی تایبەت بە مافی هەرێمی کوردستان بۆ دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت و پشکی هەرێم لە بودجەی گشتیی عێراقدا، چەند زانیارییەکی یاسایی خستەڕوو، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** دوای ئەوەی دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق دژی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا، لە ئێستادا گرنگترینی ئەو سیناریۆیانە چین کە دەسەڵاتەکانی یاسادانەر و جێبەجێکار و داد لە هەرێمی کوردستاندا بەرانبەر ئەو دادگایە دەیگرنەبەر؟**

- ڕێزم بۆ دادگای باڵای فیدراڵی عێراق و ئەندامە دادوەرەکانی هەیە، بەڵام ئەم بڕیارەی دوایی دادگای باڵای فیدراڵی کە دژی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەری کرد، بە بڕوای ئێمە گونجاو نییە و لەگەڵ ئەو مادده دەستوورییانەی کە دادگاکە پشتی پێ بەستبوو لە دەرکردنی بڕیارەکەیدا یەك ناگرنەوە. لەم بارەیەوە سەرجەم دەسەڵاتەکانی تەشریعی و جێبەجێکار و قەزائی و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانیش بە توندی ئەم بڕیارە سیاسییە ڕەت دەکەنەوە. لەم بارەیەوە پەرلەمانی کوردستان جەخت لەسەر شەرعیبوونی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی یاسایەکە لەگەڵ حوکمەکانی دەستووردا گونجاوە و هیچ ماددەیەکی ئەم یاسایە لەگەڵ ماددەکانی دەستوور ناکۆك نییە، ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستانیش لە هەوڵی ئەوەدایە بیروبۆچوونی خۆی لە ڕووی یاسایی و دەستوورییەوە بۆ لایەنی ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراقی ڕوون بکاتەوە، هەرچەندە دادگای فیدراڵیی عێراق ناچێتە ژێر دەسەڵاتی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراقەوە، بەڵام بەو پێیەی دەزگای قەزائی لە حکومەتی فیدراڵی لەناو دەوڵەتی فیدراڵیدا تەواوکەری یەکترن و پێویستە بۆچوون و تێڕوانینی هەرێمی کوردستانیش لە ڕووی دەستووری و یاساییەوە بۆ لایەنی پەیوەندیداری ناو دەسەڵاتەکانی فیدراڵی ڕوون بکرێنەوە. بەم شێوەیە هەر سێ دەسەڵاتەکانی تەشریعی و جێبەجێکار و قەزائی بە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانیشەوە هاوڕان لەسەر ئەوەی بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی بڕیارێکی نادەستوورییە و وەکو ئەوە وایە بەم بڕیارە دادگاکە دووبارە مادده و بڕگەکانی دەستوور دەنووسێتەوە و مادده دەستووری و حوکمەکانی لە ناوەڕۆکەکانی بەتاڵ دەکاتەوە، بۆیە ئەم بڕیارە نادەستووری و نایاساییە زیانێکی گەورە بە هەرێم دەگەیەنێت، چونکە سەرەڕای ڕوونیی دەقە دەستوورییەکان وایە کە پێویست بە هیچ ئیجتیهاداتێك لە دژی هەرێمی کوردستان ناکات، بەڵام دادگاکە بە ئیجتیهاداتی خۆی لێکدانەوە و خوێندنەوەی بۆ مادده و بڕگە دەستووری و یاساییەکان کردووە، بەمەش دادگاکە لە ڕووی زمان و زاراوە و ناوەڕۆکی دەستووری و یاساییەوە سەرکەوتوو نەبووە، بڕیارەکەش لەلایەن دەسەڵاتەکانی هەرێمەوە پاڵپشتی ناکرێت.

*** کەواتە دەستوورەکە لە عێراقدا لەلایەن دادگای فیدراڵییەوە بە لێکدانەوە و ئیجتیهاداتی تایبەتی و بۆ بەرژەوەندیی عێراق و دژی هەرێمی کوردستان بەکار دەهێنرێت، لەم حاڵەتەدا هەرێمی کوردستان دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم ئیجتیهاداتە بکات؟**

- بە تێڕوانینی ئێمە دەستوور بۆ بەرژەوەندیی هەموو گەلانی عێراق نووسراوەتەوە، کوردیش وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکی و گرنگ و هاوبەش بەشدار بووە لە نووسینەوەی دەقە دەستوورییەکان و پەشیمانیش نین، بەڵام گرفتەکە کاتێك ڕوودەدات کە دەستوور بە پێچەوانەی مادده دەستووری و بڕگە یاساییەکانەوە لێکدانەوە و ئیجتیهاداتی تایبەتی

**ئەگەر نییەتی حکومەتی فیدراڵی ساف و ڕاست و دروست بێت، پێویستە لە چەند مانگی دیکەدا ڕەشنووسێک بۆ یاسای نەوت و گاز ئامادە بێت کە لەگەڵ بەند و ماددەکانی دەستوور ڕێک بێت و لایەنەکانی سیاسی ڕێککەوتنی خۆیان لەگەڵ هەرێم جێبەجێ بکەن**

**پەرلەمانی کوردستان جەخت لەسەر شەرعیبوونی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی یاسایەکە لەگەڵ حوکمەکانی دەستووردا گونجاوە و هیچ ماددەیەکی ئەم یاسایە لەگەڵ ماددەکانی دەستوور ناکۆک نییە**

و دوور لە یاسا و بە فەلسەفەی مەرکەزیی و شموولی بۆ بکرێت، هەتا ئەمڕۆش پێمان وایە ئەگەر دەقی دەستوور و ماددەکانی وەکو ئەوەی هەیە، جێبەجێ بکرایە، نەوەکو ئەوەی لێکدانەوەی بەهەڵەی بۆ دەکرێت و لە واقیعدا هەیە، ئەوا خێر و خۆشی بۆ گەلانی عێراق و کوردستان دەبوو. ئێمە تێبینیمان هەیە لەوەی دەستوور بە فەلسەفە و دیدگای مەرکەزی و شموولی لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، بە بەڵگەی ئەوەی زۆر لەو بڕیارانەی لە دادگای باڵای فیدراڵی عێراق دەردەچێت بۆ پووچەڵکردنەوە، یان هەموارکردنەوەی ئەو یاسا کۆن و نوێیانەیە کە ناکۆکن لەگەڵ دەستووردا، لەکاتی ناکۆکیی نێوان هەرێم و عێراق لەسەر نەوت ڕاستەوخۆ پەنایان بردە بەر ماددەی (١٣٠) کە دەڵێت: «ئەو یاسایانەی بەرکارن کاریان پێ دەکرێت، مادام هەڵنەوەشاونەتەوە، یان هەموار نەکراون بەپێی بڕگەکانی ئەم دەستوورە». ئەم ماددەیە بۆ ئەو یاسایانە دانراوە کە دژی ماددەکانی دەستوور نین، چونکە ئەم بابەتە پشتی بە ماددەی (١٣)ی دەستوور بەستووە کە بەدەق هاتووە «لا يجوز سن قانون يتعارض مع هذا الدستور ويعد باطلاً كل نص يرد في دساتير الاقليم و اي نص قانون اخر يتعارض معه»، ئەمە لە کاتێکدا ئەو داوا یاساییەی لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراق و یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە پێشکەش بە دادگاکە کرا، ڕاستەوخۆ تانەمان لەو بڕیارەی وەزارەتی نەوت دایەوە کە پشتی پێ دەبەستێت و لە ساڵەکانی حەفتاکان و یاسای ساڵی ١٩٨٥ دەرچووە و، یاسایەکە گوزارشت لە فەلسەفەی مەرکەزیی ڕژێمێکی دیکتاتۆری دەکات و لە دوای دەرچوونی دەستوور ناکرێت جێبەجێ بکرێت، چونکە لەگەڵ سەرجەم حوکمەکانی دەستوور ناکۆکە، ئەمەش بە پێچەوانەی ماددەی ١٣ی دەستوورە و لەگەڵ حوکمەکانی ماددەکانی دیکەی دەستوور ناگونجێن.

*** بۆچی لایەنە سیاسییەکان بەتایبەتی لە پێکهاتەی کورد لە ساڵانی پێشوو هەوڵی ئەوەیان نەدا، یاسای نەوت و گاز دابڕێژرێتەوە و پەسەند بکرێت، بۆ ئەوەی نەکەوینە ناو ئەم ئیجتیهاد و ئیشکالات و لێکدانەوانەی لە دژی هەرێمی کوردستان بەکار دەهێنرێت؟**

- یاسای نەوت و گاز ستراتیژیەتی نەوت و گازە، پڕۆژەی یەکەمی ئەم یاسایە بە ڕێککەوتن لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٧ داڕێژرایەوە و ئامادە کرا، ئەو دەمەی نووری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق و بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان بوون، ئەو پڕۆژە یاسایە بۆ ئەنجومەنی شورا بەرز کرایەوە و، دەسەڵاتەکانی ئەم ئەنجومەنە بەپێی دەستوور تەنیا لە داڕشتنەوەی دەقە، بێ ئەوەی بچێتە ناو بوارەکانی بابەتییەوە، لە بڕگەی دووەمی ماددەی ١١٢ کە دەسەڵات دەدات بە حکومەتی فیدراڵی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو نەوت و گازەی لە کێڵگەکانی ئێستا دەرهێنراون، بەڵام دەبێت ئەو مافە لەگەڵ حکومەتی هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان پیادە بکات، بە واتایەکی دیکە ڕێزی سیاسەتە ستراتیژییەکان بگرێت کە لەلایەن حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکێشرێن، تەنیا وشەی (معاً) لەلایەن ٢١ پەرلەمانتارەوە گفتوگۆی لەسەر کرا، کە من یەکێك بووم لەو پەرلەمانتارانە بە ئامادەبوونی خوالێخۆشبوو جەلال تاڵەبانی و بەڕێز مەسعود بارزانی چەندین زاراوەی دیکە دانرا وەکو (معاً، بمشاركة، بتنسيق، بتعاون، تشاور و...) تا دواجار وشەی (معاً) دانرا تاوەکو لایەنێك بە تەنیا ڕەشنووسی پڕۆژەکە نەنووسێت و بینێرێت بۆ لایەنەکەی دیکە بۆ سەرنج و تێبینی، هەر ئەمەش ڕووی دا و پێکەوە ڕەشنووسەکە داڕێژدرا، بەڵام ئەنجومەنی شورا دەستتێوەردانی تێدا کرد و سەرپێچیی دەستووری کرد، لە کاتێکدا تەنیا دەسەڵاتەکانی داڕشتنەوە بوو، بەمەش لە ٣٠٪ی دەقی پڕۆژەکە دەستکاری کرا، ئەگەرچی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەییان دەربڕی و ئامادەش بوون، بەڵام نوێنەرانی وەزارەتی نەوتی عێراق بەبێ ئاگادارکردنەوەی حکومەتی هەرێم، یان ئامادەبوونی نوێنەریان وایان کرد، ئەوەش بە ڕاشکاوی دژی ماددەی (١١٢/پانیا) لە دەستوور بوو. لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دووبارە گفتوگۆکردن لەسەر ناوەڕۆکی پڕۆژەی یاسای

**بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی بڕیارێکی نادەستوورییە و وەکو ئەوە وایە بەم بڕیارە دادگاکە دووبارە ماددە و بڕگەکانی دەستوور دەنووسێتەوە و ماددە دەستووری و حوکمەکانی لە ناوەڕۆکەکانی بەتاڵ دەکاتەوە**

**دواکەوتنی دەرکردنی ڕەشنووسی پڕۆژەی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی فیدراڵی عێراق کە وەڵامیان نەبوو**

**بڕیاری هەڵوەشانەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دادگاکە دەسەڵاتی خۆی تێپەڕاندووە، چونکە هەڵوەشانەوە کردەیەکی پەیوەستە بە یاسادانان و بەو لایەنەی کە یاساکەی دەرکردووە کە پەرلەمانی کوردستانە**



نەوت و گازی فیدراڵی ئامادە بووە بۆ ئەوەی بگەنە چارەسەر، هەر بۆیە دواکەوتنی دەرکردنی ڕەشنووسی پرۆژەی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی فیدراڵی عێراق کە وەڵامیان نەبوو، بەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچار بوو، یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەر بکات، ئێمە ئەمەشمان بە دادگای باڵای فیدراڵی وتووە و ناکرێت ئەو هەموو ساڵانە چاوەڕوان بین و داهاتەکانمان سنووردارە و بەشی پێدانی موچەخۆران ناکات، کەچی دادگای باڵای فیدراڵی ئەم بابەتە گرنگەی بە هەند وەرنەگرت، بۆیە بە بڕیاری هەڵوەشانەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دادگاکە دەسەڵاتی خۆی تێپەڕاندووە، چونکە هەڵوەشانەوە کردەیەکی پەیوەستە بە یاسادانان و بەو لایەنەی کە یاساکەی دەرکردووە کە پەرلەمانی کوردستانە و چەندین بڕگەی دیکەی تێدایە کە دەیسەلمێنێت ئەم بڕیارە زیاتر سیاسییە نەوەکو دەستووری.

*** بەپێی تەفسیری حکومەتی فیدراڵی بۆ ماددەی (١١١)ی نەوت و گاز لە دەسەڵاتی حەسری ئەوانە ئایا سەنەدیان لەسەر چی بەستووە؟**

- بۆ ماددە دەستوورییەکانی دیکەی ١١٠ و ١١١ پێویستە بگەڕێینەوە بۆ (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی ڕاگوزەری)، بەتایبەتی ماددەی ٢٥ کە دەردەکەوێت ماددەی ١١٠ بە تەواوەتی کۆپی کراوە لەم ماددەیە، کە کۆی سامانە سرووشتییەکان کە بابەتی نەوت و گاز دەگرێتەوە، لە بڕگەی (ە) لە ماددەی ٢٥ هاتووە، بەڵام لە کاتی گواستنی ئەم ماددەیە ئەم بڕگەیەی (ە) دەرهێنراوە و دوورخراوەتەوە لە کاتی داڕشتنەوەی ماددەی ١١٠، واتا ئەم ماددەیە بێبەش کراوە لە دەقێك لەسەر سامانە سرووشتییەکان و نەوت و گاز لە ناو دەسەڵاتەکانی حەسریی حکومەتی فیدراڵیدا نەماوەتەوە، باشە کاتێك لە ماددەی ١١١ دەڵێن: «نەوت و گاز موڵکی هەموو گەلی عێراقە بەگشتی لە هەموو هەرێم و پارێزگاکان»، ئایا کوردیش بەشێك نییە لەگەلانی عێراق؟ مەسەلەی موڵکییەت و بەڕێوەبردن لە ڕوانگەی یاساییەوە دوو بابەتی جیاوازن، ناکرێت ماددەکانی ١١١ و ١١٢ لێك جیا بکرێنەوە کە لە ماددەی (١١٢) بە ڕاشکاوی شێوەی ئیدارەکردنی کێڵگەکانی نەوت و گاز باس کراوە.

**دادگای باڵای فیدراڵی لە بڕیارەکانی دژ بە هەرێمی کوردستان زیاتر هۆکار بووە بۆ ئاڵۆزبوون و قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکان تەنانەت ڕێگاکانی چارەسەرکردنی داخستووە**

*** باس لە کێڵگەکانی ئێستای نەوت و کێڵگەکانی نوێ دەکرێت ئایا ئەمە چۆن لە دەستووردا ئاماژەی پێ کراوە؟**

- مامەڵەکردنی نێوان هەر دوو حکومەت لە بەڕێوەبردنی نەوت و گازی دەرهێنراو لەو کێڵگانەی کە لەبەرهەمهێناندا بوون، تا بەرواری نووسینی دەستوور و جێبەجێکردنی کە پێیان دەوترێت «کێڵگەکانی ئێستا» و چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو داهاتانەی کە لە هەریەکێکیان کۆدەکرێتەوە و، دیاریکردنی پشکی ئەو هەرێمانەی کە زیانمەند بوون و بێبەش کراون بەپێی ماددەی (١١٢/الاول) دەبێت کە ئیدارەیان لە حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکان و پارێزگاکان ئەوانەی نەبوونە هەرێم و کێڵگەی نەوت و گازیان بەرهەم هێنابێت لەگەڵ کێڵگە نوێیەکان کە تایبەتە بە ماددەی ١١٥ی ئەو کێڵگانەی نەوتی و گازی کە لە داهاتوودا دەدۆزرێنەوە، دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی حەسریی هەرێمەکانەوە و پێویستە هاووڵاتیانی بەسرا بە هەمان شێوە بە دوای مافەکانی خۆیاندا بچن، لەو کێڵگانەی نوێ دەدۆزرێتەوە و دەسەڵاتەکانی حەسرییە بۆ پارێزگاو هەرێمەکان.

*** لە کوێی قسەکانتان دەردەکەوێت کە دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لە بری ئەوەی ڕێگاخۆشکەر بێت، بەوەی کێشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم چارەسەر بکات، بە پێچەوانەوە ڕۆڵێکی خراپی گێڕاوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم دادگایە ڕێگا چارەسەرەکانی داخستووە؟**

- لەبەر ڕۆشنایی برگەکانی دەستوور و ماددە و فۆرمەکانی ڕێککەوتنەکانی نێوان هەر دوو حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە یاساکانی بودجەی ساڵانەی حکومەتی فیدراڵیدا ڕەنگدانەوەی هەبووە، چاوەڕوان دەکرا دادگاکە بڕیارێك دەربکات، ڕێگاخۆشکەر بێت بۆ چارەسەری کێشەکان، بەڵام دادگای باڵای فیدراڵی لە بڕیارەکانی دژ بە هەرێمی کوردستان زیاتر هۆکار بووە بۆ ئاڵۆزبوون و قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکان تەنانەت ڕێگاکانی چارەسەرکردنی داخستووە. ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر ئەو پشکەی هەرێمی کوردستان کە لە ١٧٪ بۆ ١٢٪ کەم کراوەتەوە، هەرچی خەرجییە سیادی و حاکیمەکانی لێ دەربهێنرێت، لە ناوەڕۆکدا لە ٥٪ی نامێنێتەوە و مانگانە پشکی هەرێم تەنیا یەك تریلیۆن دینار دەبێت، هەموو شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستانیشیان نەداوە، ئەوان مافەکانمان پێشێل دەکەن و پەراوێزی دەخەن، کەچی داوای داهاتی نەوتی کوردستان دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا ئێمە بە لە ٥٪ی خەرجییەکان هەرێمی کوردستانمان پێش خست، کەچی لە ناوەند بە ٩٥٪ نەتوانرا ژێرخان و خزمەتگوزارییەکانی هاووڵاتیان پێش بخرێت، پێویستە هاووڵاتیانی بەسرە و عێراق ئەو پرسیارە بکەن ئەم هەموو داهات و سامانەیان بۆ کوێ دەچێت؟

> **ئەگەر ئەو پشکەی هەرێمی کوردستان کە لە ١٧٪ بۆ ١٢٪ کەم کراوەتەوە، هەرچی خەرجییە سیادی و حاکیمەکانی لێ دەربهێنرێت، لە ناوەڕۆکدا لە ٥٪ی نامێنێتەوە و مانگانە پشکی هەرێم تەنیا یەک تریلیۆن دینار دەبێت، هەموو شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستانیشیان نەداوە**

*** وەکو ئاشکرایە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بە دانوستانەکان کرد کە لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق بەڕێوەدەچێت، هەروەها سوودانی جەختی لەسەر کردەوە بەوەی یاسای نەوت و گاز لە ئەمساڵدا دەردەچێت، ئایا زەمان چییە بەوەی ئەم یاسایەش لە قوبەی پەرلەمان بە دەردی بڕین و کەمکردنەوەی بەشە بودجە ناچێت؟**

- هەوڵەکان بۆ دەرکردنی پرۆژەی یاسای نەوت و گاز بەردەوامە، دەبێت هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی پێکەوە ئەم یاسایەی نەوت و گاز بنووسن، لە ئێستادا شاندەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گفتوگۆدان لەگەڵ شاندی حکومەتی فیدراڵی و ئەم کارە ئاسان نییە، بەڵام هەر کە نییەتی حکومەتی فیدراڵی ساف و ڕاست و دروست بێت، پێویستە لە چەند مانگی دیکەدا بگەنە ڕەشنووسێك کە لەگەڵ بەند و ماددەکانی دەستوور ڕێك بێت و لایەنەکانی سیاسی ڕێککەوتنی خۆیان لەگەڵ هەرێم جێبەجێ بکەن، زەمانەتیش لەوەدایە یاسایەك بۆ دادگای باڵای فیدراڵی دابنرێت، بەپێی دەستوور بێت، چونکە دادگای ئێستا بەپێی دەستوور دانەمەزراوە و، هەمووارکردنی یاساکە بەپێی دەستوور نەبووە و، لە یاساکەدا هەرێم دەتوانێت زەمانەتی خۆی مسۆگەر بکات، ئەمەش بابەتێکی دیکەیە لێرەدا باسی ناکەین و دەکرێت لەکاتێکی دیکە ئەم بابەتە باس بکەین.

> **ئێمە بە لە ٥٪ی خەرجییەکان هەرێمی کوردستانمان پێش خست، کەچی لە ناوەند بە ٩٥٪ نەتوانرا ژێرخان و خزمەتگوزارییەکانی هاووڵاتیان پێش بخرێت**

دادوەری خانەنشین عەبدولکەریم ئەبووبەکر هەمەوەند بۆ گوڵان:

# دادگای فیدراڵی هیچ ئەرزشێکی یاسایی و دەستووریی نییە و لەژێر چەتری دەستووری هەمیشەیی عێراقدا پێک نەهێنراوە

**گرنگیی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەیە ببێتە مەرجەع بۆ پاراستنی مافەکانی گەلی کوردستان و چیتر لە دەرەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق دادگای نادەستووریی فیدراڵی بڕیار لەسەر چارەنووس و مافەکانی گەلی کوردستان نەدات، ئەم پرسە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەرەی دیدارێکی گوڵان لەگەڵ دادوەری خانەنشین عەبدولکەریم ئەبووبەکر هەمەوەند و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

**بوونی دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە، چونکە زۆر لە ماددەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق بە وردی نەچووەتە نێو بنەوانی مافەکانی گەلی هەرێمی کوردستانەوە و بە کرچ و کاڵی هێشتوویەتەوە**

*** لە ساڵی ٢٠٠٥ دەستووری عێراق ڕاپرسیی لەسەر کرا و، بووە دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق، هەرێمی کوردستانیش وەك هەرێمێکی فیدراڵی لەو دەستوورەدا دانی پێدا نرا، بەمەش هەرێمی کوردستان بووە هەرێمێکی دەستووری لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا و لە دوای ئەمەش هەوڵێك درا، بۆ ئەوەی دەستووری هەرێمی کوردستانیش بنووسرێتەوە و ئامادە کرا بۆ ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٩ بخرێتە ڕاپرسییەوە، بەڵام نەکرا و تا ئێستاش دەستوورەکە تەواو نەبووە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە بۆ عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی ئایا گرنگیی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان لە چیدایە؟**

- کاتی خۆی کە ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراق ئامادە کرا و، نوێنەرانی کورد لەسەر ئاستی سەرکردایەتی زۆر بە جددی بەشدارییان لە لێژنەکانی نووسینەوەی پرۆژەکە کرد، سەرۆك مسعود بارزانی و ڕەوانشاد مام جەلال بە شەخسی ئامادەی دانیشتنەکان بوون، لەگەڵ یاساناسان و پسپۆڕانی دەستووری و نوێنەرانی پەرلەمانی کوردستان خاڵ بە خاڵ بۆچوونی یاسایی و سیاسیی خۆیان لەگەڵ لێژنەکانی بەرانبەر دەورووژاند، بەمەش نوێنەرانی کورد ئەو دەمە توانییان لە ناو لێژنەکاندا چەندین خاڵی هەستیار لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان بورووژێنن و بیچەسپێنن، هەرچەندە ئەمەش لە ئاستی



ئـارەزووەکان نەبـوو، بـەڵام خاڵـی زۆر گرنـگ بـوون، بۆیـە بوونـی دەسـتوورێك بـۆ هەرێمـی کوردسـتان گرنگـە، چونکـە زۆر لـە ماددەکانـی دەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق بـە وردی نەچووەتە نێو بنەوانی مافەکانی گەلی هەرێمی کوردسـتانەوە و بـە کـرچ و کاڵـی هێشـتوویەتەوە، بۆیـە پێویسـت دەکات هەرێمـی کوردسـتان بەپێـی بەرژەوەندییەکانـی دیارییـان بـکات، بـە مەرجێـك دەسـەڵاتەکانی دەسـتووری عێـراق نەبەزێنێـت، هـەر بۆیـە لـە مـادەی ١٢٠ی دەسـتوورەکە دەڵـێ: هەرێـم دەسـتوورێك دادەنێـت کـە هەیکەلـی هەرێـم و دەسـەڵاتەکانی و ئامـرازی مومارەسـەی ئـەو دەسـەڵاتانە دیار دەکات، بە مەرجێك دەسـەڵاتەکان لەگـەڵ ئـەم دەسـتوورە دژ نەبـن.

جگـە لەمـەش بـە هـۆی ئـەوەی دەسـتوور لـە ڕاپرسـییەکی گشـتیدا دەردەچێـت، دەسـەڵاتی بەسـەر گشـت ئـەو یاسـا و بڕیارانـەدا دەشـکێت کـە لـە پەرلەمانـی کوردسـتان و حکومەتـی هەرێـم و دەسـەڵاتی دادوەرییـەوە دەردەچـن و، دەبێـت هەرسـێ دەسـەڵات بەپێـی ئـەو دەسـتوورە پێـك بێـن و، ڕەوایـی پێکهێنانیـان و بڕیارەکانیـان گشـتیان بەنـدە بـە گوێڕایەڵیـی ماددەکانـی ئـەم دەسـتوورەوە.

*** بێگومان دەستووری هەرێمی کوردستان ئەگەر هەبێـت لەسـەر بڕگـە و مـاددە دەسـتوورییەکانی دەسـتووری عێـراق دادەڕێژرێـت، ئایـا تاچەنـد دەستووری هەرێمی کوردستان دەبێتـە مەرجەع بۆ ئەو ماف و شایستانەی لە دەستووری عێراقدا بۆ گەلـی کوردسـتان ددانـی پێـدا نـراوە، بـۆ نموونـە: پرسـی مـاددەی ١٤٠، هێـزی پێشـمەرگە، یاسـای نـەوت و گاز، پـڕۆژە یاسـای بودجـە و.. هتـد؟**

- کاتێـك ڕەشنووسـی دەسـتووری هەرێمـی کوردسـتان لـە سـاڵی ٢٠٠٩ ئامـادە کـرا و پەرلەمانـی کوردسـتان دەنگـی لەسـەردا و پێشـکەش بـە سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان کـرا، تاوەکـو بخرێتـە ڕاپرسـی و گـەل دەنگـی لەسـەر بـدات و ببێتـە دەسـتووری هەمیشـەیی هەرێمـی کوردسـتان، پـڕۆژە دەسـتوورەکە ڕاگیـرا و ڕەوانـەی پەرلەمانـی کوردسـتان کرایـەوە، بـێ ئـەوەی هیـچ ڕاسـپاردەیەك بـۆ پەرلەمـان بکرێـت، بـە گۆڕینـی بابەتێـك، یـان دەستنیشـانی خاڵێکی لاوازی بکرێت، وا دەردەکەوێت لایەنـە سیاسـییەکانی ئـەو کات یەکدەنـگ نەبووبـن بـۆ دەرکردنـی دەسـتووری هەرێمـی کوردسـتان، گەڕانـەوەی پڕۆژەکـە بـۆ پەرلەمـان و بێبەشـکردنی گـەل لـە ڕاپرسـییەکە لـە بڕیـاردان بـە (بەڵـێ، یـان نەخێـر ) پێچەوانـەی یاسـا بـوو.

**ئەگەر هەرێم دەستووری هەبێت، زۆر لە مافە ڕەواکانی هەرێم کە حکومەتی فیدراڵ زەوتیان دەکات و ئەو کێشانەی ئێستا دێنە ڕێی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان، چارەسەر دەبن**

با بگەڕێینەوە سەر گرنگیی دەستوور و جیاوازیی لە دەستووری عێراقی فیدراڵدا:

ماددەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ زۆر بە گرنگییەوە خاڵە پێویستەکانی بنیادنانی دەوڵەتی دەستووریی عێراقی ڕوون کردووەتەوە، بە پێچەوانەوە کە دەگاتە هەیکەلی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر بە کرچ و کاڵی بنیادنانی هەرێمی کوردستان باس دەکات و خاڵە گرنگەکانی بۆ دەستووری هەرێم بەجێ دەهێڵێت، بە مەرجێ حوکمەکانی دژ نەبێت لە گەڵ حوکمەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق، بۆیە ئەگەر هەرێم دەستووری هەبێت، زۆر لە مافە ڕەواکانی هەرێم کە حکومەتی فیدراڵ زەوتیان دەکات و ئەو کێشانەی ئێستا دێنە ڕێی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان، چارەسەر دەبن، وەك ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق کە نزیکەی نیوەی پانتایی کوردستانی خستە ژێر پرسیار و بە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی داناوە، کەچی بە پێی هەموو بەڵگەکانی مێژوویی و واقیعی جوگرافی و تۆپۆگرافی کوردستانن. هەروەها لە یاسای نەوت و گازیش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نکۆڵی لە هەبوونی مافی گەلی کوردستان لە بەرهەمهێنانی نەوت وغازی ناوچەکانی ژێر دەستی هەرێم دەکات، جگە لە بێبەشکردنی دانیشتووانی هەرێم لە بەشی شەرعیی خۆیان لە بودجەی ساڵانەی عێراق، هەر وەك خۆی دەڵێت، سامانی گشتیی عێراق بێ جیاوازی بۆ هەموو گەلانی عێراقە، کەچی چەندین ساڵە خەڵکی هەرێمی کوردستانی لە بودجەی گشتیی حکوومەتی فیدراڵ بێبەش کردووە و حکومەتی هەرێمی ناچار بە لێبڕینی مووچەی فەرمانبەران کردووە، جارێك بە ناوی پاشەکەوت و جارێك بە ناوی دواکەوتنی دابەشکردنی مووچە و ڕاگرتنی دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان و ڕاگرتنی بەرزکردنەوەی پلە و پایەی مافدارانی فەرمانبەر و پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس و کارمەندان .

*** لە دوای ساڵی ٢٠٠٤ دادگای فیدراڵی لە چوارچێوەی یاسای کاتی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت «یاساکەی بریمەر» پێك هێنرا، بەڵام دوای پەسەندکردنی دەستوور ئەم دادگایە لە چوارچێوەی دەستووردا دووبارە پێك نەهێنرایەوە، ئایا دادگای ئێستای بەناو فیدراڵیی عێراق بە دادگایەکی دەستووری لە قەڵەم دەدرێت، یان ئایا ئەگەر پێش پەسەندکردنی دەستوور دامەزرابێت، چۆن مافی هەیە تەفسیری ماددە دەستوورییەکان بکات؟**

- بوونی دادگای فیدراڵیی ئێستا هیچ ئەرزشیکی یاسایی و دەستووری نییە، چونکە لە ژێر چەتری دەستووری هەمیشەیی عێراقدا پێك نەهێنراوە و لە کاتی حوکمی بریمەردا بووە، کە وەك ئیجرایەکی کاتی هاتە کایەوە، بەڵام کاربەدەستان و لایەنە سیاسییەکانی عێراق پێداگرییان لەسەر مانەوەی کرد، بۆ ئەوەی مەرامە سیاسی و نەتەوەپەرستییەکانی خۆیانی پێ بهێننەدی و، چی دژی کورد و کوردستانە بەڕێوەی ببەن، بۆیە دەبینین دادگاکە زۆر ڕەگەزپەرستانە لە بڕیارەکانیدا دژی گەلی کوردستان دەوەستێتەوە، تەنانەت سەروك مسعود بارزانی هێنایە دەنگ کە بە نامەیەك هەڵوێستی خۆی بۆ ڕای گشتی عێراقی و کوردستانی ڕوون بکاتەوە، ئەمەش دەقی نامەکەیە:

**دادگاکە زۆر ڕەگەزپەرستانە لە بڕیارەکانیدا دژی گەلی کوردستان دەوەستێتەوە، تەنانەت سەروک مسعود بارزانی هێنایە دەنگ کە بە نامەیەک هەڵوێستی خۆی بۆ ڕای گشتی عێراقی و کوردستانی ڕوون بکاتەوە**

**دادگای فیدراڵی ئەرکی بەڕێوەبردنی دەوڵەت نییە، ئەرکی سەرەکیی ئەو چاودێریی پابەندبوونی دەوڵەتە بە حوکمەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراقەوە**

## نامەی سەرۆك بارزانی بۆ ڕای گشتیی عێراقی و کوردستانی

**بسم الله الرحمن الرحيم**

بەداخەوە جارێکی تر دادگای فیدراڵیی عێراقی هەڵوێستێکی تری دوژمنکارانەی بەرامبەر هەرێمی کوردستان پەیڕەو کرد، کە نەیهێشت حکومەتی فیدراڵی ئەو پارەیەی کە دەبوو، بۆ هەرێمی بنێرێت.

لێرەدا کێشەی سەرەکی ئەو بڕە پارەیە نییە، بەڵکو ئەو پێشێلکردنە زەقەی ماف و بنەماکانە، چونکە لای گشت لایەك ئاشکرایە هاوکاریمان لە هاوئاهەنگی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و لە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقدا لەسەر بنەمای بەرنامەیەکی ئاشکرا بوو، کە هەموو لایەنەکان بە دووروودرێژی لەسەری ڕێك کەوتبوون، هەروەها بەرکەوتەی هەرێمی کوردستان مافێکی ڕەوای گەلی کوردستانە و بەشێکە لەو بەرنامەیەی کە لەسەری پێك هاتووین .

بۆیە ئەمڕۆ بڕیاری دادگای فیدراڵی پێش

ئەوەی دژی هەرێمی کوردستان بێت، بڕیارێکە دژی کرداری سیاسییە و دژی حکومەتی عێراق و خودی بەرنامەی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە.

زۆر سەیرە هەر کاتێ هەلێك بڕەخسێ بەرەو کەشێکی ئەرێنی لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، یەکسەر دادگای فیدڕاڵی بە بڕیارێکی دوژمنکارانە لە باری دەبات و گرفتەکان ئاڵۆزتر دەکات. ئاشکرایە دادگا هەندێ بەرنامەی گومانلێکراو جێبەجێ دەکا و شوێنی دادگای شۆڕشی ڕژێمی پێشووی گرتووەتەوە.

بۆیە، داوا لە حکومەتی عێراق و لایەنەکانی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت دەکەم کە هەڵوێستی خۆیان دەرببڕن بەرامبەر ئەو پێشێلکاری و هەڵوێستە دوژمنکارانەی کە دادگای فیدڕاڵی پەیڕەوی دەکات دژی بەرژەوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان

**مسعود بارزانی**

**٢٥ی کانونی دووەم- ٢٠٢٣**

*** لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢١ دادگای بەناو فیدڕاڵی بووەتە ئامێرێك بە دەست لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراقەوە و چەندین بڕیاری زۆر دوژمنکارانەیان دژی هەرێمی کوردستان دەرکردووە، کە لە هەموویان گرنگتر (ڕەتکردنەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و بڕیاری ڕێگەنەدانە بە ناردنی هیچ بڕە پارەیەك بۆ هەرێمی کوردستان)، ئایا دادگای فیدڕاڵی ئەرکی چارەسەرکردنی کێشەکانە بە پێی دەستوور، یان دروستکردنی کێشە و ئاستەنگ و بڕینی قووتی بەشێك لە گەلەکەی، کە گەلی هەرێمی کوردستانە؟**

- لە ڕاستیدا دادگای فیدڕاڵی ئەرکی بەڕێوەبردنی دەوڵەت نییە، ئەرکی سەرەکیی ئەو چاودێریی پابەندبوونی دەوڵەتە بە حوکمەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراقەوە، کە ساڵی ٢٠٠٥ لە ڕاپرسییەکی گشتیدا گەلانی عێراق بە کورد و عەرەب و کەمینە نەتەوەییەکانەوە دەنگیان لەسەر دا، نەك بە دوای ئارەزووی نەتەوەپەرست و مەزهەبی بکەوێت و چی ئەوان داوا بکەن، بڕیاری بۆ دەربکات.

*** تا چەند پەرلەمانی کوردستان دەتوانێت هەماهەنگی لەگەڵ پەرلەمانی عێراق بکات بۆ ئەوەی پەلە لە هەڵوەشانەوەی ئەم دادگا فیدڕاڵییەی ئێستا بکرێت و، دادگایەکی فیدڕاڵیی تازە لەسەر بنەمای دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ دابمەزرێتەوە؟**

- لام وایە لەم ساتە وەخت و کەشوهەوا سیاسییەی کە عێراقی تێدا دەگوزەرێت، زۆر ئەستەمە پەرلەمانی کوردستان هیچی پێ بکرێت، چونکە پێکهاتەی پەرلەمانی عێراق زۆر ئاڵۆزە و ئەستەمە پەرلەمانی کوردستان بتوانێت دەنگی پێویست مسۆگەر بکات بۆ نوێنەرانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، بۆ ئەوەی دادگاکە هەڵبوەشێننەوە و دادگایەکی دەستووری دوور لە کاریگەریی سیاسیی لایەنەکانی نێو گۆڕەپانی دەوڵەت بڕیاری دەستووری و بێلایەن دەربکات، ئەوەی دەکرێ ئەوەیە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان یەکدەنگ بن و پێداگری لەسەر هاوپەیمانیی دەوڵەت بکەن، بۆ ئەوەی بە ڕێککەوتن دادگاکە هەڵبوەشێننەوە و دادگایەکی دەستووریی بێلایەن بێتە کایەوە.

*** وەك یاساناسێك ئایا لەم قۆناغەدا هەرێمی کوردستان دەتوانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ بڕیارەکانی ئەم دادگا فیدڕاڵییە بکات، لە کاتیکدا ئێوە دەزانن بڕیارەکانی ئەم دادگایە قەتعی و ملزمە و تەعن قبووڵ ناکات؟**

- دادگاکە دەستووری نییە و لایەنە سیاسییەکانی دەسەڵاتی بەغدا بۆ مەرامی سیاسیی خۆیان بەکاری دەهێنن، بڕیارەکانی تا ئەو ڕاددە جێبەجێ دەکەن کە لە بەرژەوەندیی خۆیان بێت، ئەگەرنا پشتگوێی دەخەن، بە هەمان شێوە نابێت کوردستان ببێتە ئەڵقەلەگوێی دادگای فیدڕاڵی و چ فەرمان و بڕیارێکی دەرکرد پێوەی پابەند بن، ئەگەرنا دەبێ گەلی کوردستان دەستەوەستان ببێتە پارێزگایەکی گەورەی عێراق و دەستەوەستان چاوبڕێتە کەرەمی حکومەتی فیدڕاڵ، خۆ ئەگەر وای نەکردبا، نەدەبوو دەست بۆ بیرێکی نەوت بەرین و دەبوو پێشمەرگە تێکەڵ بە سوپای حەشدی شەعبی بکرێتەوە، گرنگ ئەوەیە لە کردارەکاندا حکوومەتی هەرێمی کوردستان پابەندی حوکمەکانی دەستووری فیدڕاڵ بن.

**دادگاکە دەستووری نییە و لایەنە سیاسییەکانی دەسەڵاتی بەغدا بۆ مەرامی سیاسیی خۆیان بەکاری دەهێنن، بڕیارەکانی تا ئەو ڕاددە جێبەجێ دەکەن کە لە بەرژەوەندیی خۆیان بێت**

**نابێت کوردستان ببێتە ئەڵقەلەگوێی دادگای فیدڕاڵی و چ فەرمان و بڕیارێکی دەرکرد پێوەی پابەند بن، ئەگەرنا دەبێ گەلی کوردستان دەستەوەستان ببێتە پارێزگایەکی گەورەی عێراق و دەستەوەستان چاوبڕێتە کەرەمی حکومەتی فیدڕاڵ**



### خالید جەمال ئەلبیر بۆ گوڵان:

# سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی زیاتر گەشەکردنی پێکەوەژیانە لە کوردستاندا

■

**کەریمی عەلەکە**
**بەڵگەی پێکەوەژیانە لە هەرێمی کوردستان**

**پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان لە کوردستان بووەتە خاڵێکی گەشی شانازیکردنی هەموو کوردستانییان بە نیشتمانی خۆیانەوە، تا گەیشتە ئەو ئاستەی کە قەداسەتی پاپای ڤاتیکان سەردانی کوردستان بکات و قودداس لە یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری ئەنجام بدات. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و ئاستی بەرەوپێشچوونی زیاتر و ڕەگداکوتانی ئەم پرسە، ئەم دیدارەمان لەگەڵ خالید جەمال ئەلبیر بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری کریستیانەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دا، کە نەوەی کەریمی عەلەکەیە، (کەریمی عەلەکە کەسایەتیی ناسراوی کریستیانەکانە لە سلێمانی و کاتی خۆی وەزیری دارایی حکومەتەکەی شێخ مەحموودی حەفید بووە)، لەم دیمانەیەدا بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** سەرەتا دەمانەوێت لە بنەماڵەکەتانەوە دەست پێ بکەین، دیارە ناسناوی (عەلەکە) دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتییەکی کریستیانی نیشتمانپەروەری سلێمانی کە ناوی (کەریمی عەلەکە) بووە، ئەو کەسایەتییە چۆن پێناسە دەکەن؟**

- کەریمی عەلەکە، کەسایەتییەکی ناسراوی کریستیانەکانی شاری سلێمانییە، ئەو کەسێکی دەوڵەمەند و بازرگانێکی ناسراوی شارەکە و خاوەن کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و مرۆڤدۆست بووە. کەریمی عەلەکە وەزیری دارایی حکومەتەکەی شێخ مەحموودی حەفید بووە لە ساڵانی ١٩١٤-١٩١٨ کاتێك گرانییە گەورەکە بووە، کەریمی عەلەکە بەخشندەیی خۆی نیشان داوە، بۆ هەموو خەڵکی شاری سلێمانی، کەریمی عەلەکە لە شەجەرەکانی بنەماڵەکەماندا هاتووە کە باپیرە گەورەی دایکمە و هەر لەسەر ئەو بیروباوەڕەی ئەو ماڵی باوکم (شاکر) فێری هەمان ڕەوشت و نەریتێك بووین، کە لە ئایەتەکانی پەرتووکی پیرۆز دا هاتووە کە دەڵێت: (انا جئتُ لأخدُم لا لأُخدَم)، لەم ڕوانگەیەوە خۆمان بە خزمەتکار داناوە و لە هەر پلە و پایەیەکدا بووین، هیچ جیاوازیمان لە نێوان کریستیان و موسڵمان و ئیزدی و ئایین و ئایینزاکانی دیکە نەکردووە.

*** وەکو باست کرد، کاتێك باسی کەریمی عەلەکە دەکرێت، ڕاستەوخۆ وێنای دەوڵەمەندێکی بەخشندە دێتە بەرچاو، ئایا دەکرێت کەمێك زیاتر لە بەخشندەیی ئەم کەسایەتییەمان بۆ باس بکەیت؟**

- وەك گوتم بەخشندەیی و میهرەبانیی کەریمی عەلەکە زیاتر لە کاتی گرانییە گەورەکەی سلێمانی ١٩١٤-١٩١٨ دەرکەوت، ئەمە وێڕای ئەوەی وەزیری دارایی شێخ مەحموودی حەفید بووە و چەند ساڵێك لە نزیکەوە لەگەڵ شێخی گەورە کاری کردووە و، تێکەڵاوییەکی زۆر بەهێز لە نێوان هەر دوو بنەماڵەی شێخ مەحموودی حەفیدو کەریمی عەلەکەدا هەبووە، هەر خۆی لەخۆیدا پێش گرانییەکەش کەریمی عەلەکە بەو پێیەی لە بازرگانیدا کاری کردووە، هەستی بە هاتنی ئەو گرانییە کردووە و گەنم و ئازووقەیەکی زۆری ئەمبار کردووە و لە گرانییەکەدا بە میهرەبانی و بەخشندەیی بەسەر خەڵکی شاری سلێمانی و ناوچەکەدا دابەشی کردووە و ڕۆژانە لە گەڕەکی سابونکەران کە ئەو دەمە پێیان وتووە گەڕەکی گاوران سێ ژەم خۆراکی بە خەڵکی شار و ڕێبوارەکان داوە، تەنانەت لەو کاتەی شێخ مەحموودی حەفید لە مەنفا بووە و خێزانەکەشی بۆ پاراستنی ژیان و گیانی خۆیان ڕوویان لە وڵاتی ئێران کردبوو، کاتێك کەریمی عەلەکە هەواڵی بۆ هاتووە کەوا خێزانی شێخی گەورە لە ئێران لە ماڵێکی بچووك و ژیانێکی ناخۆشدا دەژین، ڕاستەوخۆ چووەتە ئێران و بڕە پارەیەکی زۆر باشی ئەو کاتی بۆ بردوون و پێی وتوون کە ئەو قەرزاری شێخە، لە کاتی خۆی لێی وەرگرتووە و ئێستا بۆیانی گەڕاندووەتەوە، لە دوای ئەوەی شێخ

**پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بناغەیەکی زۆر باشی بۆ وەزارەت و پەیوەندیی نێوان ئایینەکان دروست کردووە**

**لە گرانییەکەدا بە میهرەبانی و بەخشندەیی بەسەر خەڵکی شاری سلێمانی و ناوچەکەدا دابەشی کردووە و ڕۆژانە لە گەڕەکی سابونکەران کە ئەو دەمە پێیان وتووە گەڕەکی گاوران سێ ژەم خۆراکی بە خەڵکی شار و ڕێبوارەکان داوە**

**کاتێک کەریمی عەلەکە هەواڵی بۆ هاتووە کەوا خێزانی شێخی گەورە لە ئێران لە ماڵێکی بچووک و ژیانێکی ناخۆشدا دەژین، ڕاستەوخۆ چووەتە ئێران و بڕە پارەیەکی زۆر باشی ئەو کاتی بۆ بردوون و پێی وتوون کە ئەو قەرزاری شێخە، لە کاتی خۆی لێی وەرگرتووە و ئێستا بۆیانی گەڕاندووەتەوە**

**بە پێی ئەوەی بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری کریستیانەکانم، ئەو دوو بەشەی ساڵانە بۆ حەجکردن پێم دەدرێت، داومەتە برایانی موسڵمانم**

**هەر فیتنە و کێشەیەک لە نێوان مەسیحی و موسڵمانەکان لە سلێمانی ڕووی بدایە، ڕاستەوخۆ کەریمی عەلەکە ڕۆڵی ئاشتەوایی دەگێڕا**

مەحموودی حەفید لە مەنفا دەگەڕێتەوە و خێزانەکەی ئەو بەسەرهاتەی کەریمی عەلەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، شێخی گەورەش دەڵێت: هیچ قەرزاری من نەبووە، بەڵام ئەو کارە هەر لە کەریمی عەلەکە دەوەشێتەوە، کە کەسایەتییەکی زۆر مرۆڤدۆست و بەوەفا و نیشتمانپەروەرە، ئەو بەسەرهاتەم لە جەنابی شێخ مەحموود کاوە حەفید بیستەوە. گەورەیی و بەخشندەیی کەریمی عەلەکە تەنانەت لەو کارێزەی کە هەیبوو دەردەکەوت، کاتێك لە کارێزەکەیەوە ئاوی بۆ گەرماو و مزگەوتەکانی شاری سلێمانی ڕاکێشاوە، منیش کە بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری کریستیانەکانم، بەپێی ئەو دوو بەشەی ساڵانە بۆ حەجکردن پێم دەدرێت، داومەتە برایانی موسڵمانم.

*** وەکو ئاماژەت پێ دا، کەریمی عەلەکە وەزیری دارایی حکومەتەکەی شێخ مەحموودی حەفید بووە، پێشتر باس لەوە دەکرا کە خێزانی یەکێك لە کوڕەکانی کاك ئەحمەدی شێخ کریستیان بووە، ئایا چۆن ئەو تێکەڵاوی و متمانەیە لە نێوان کریستیانەکانی سلێمانی و خانەوادەی شێخانی حەفید دروست بووە؟**

- کەریمی عەلەکە نزیکبوونی لەگەڵ موسڵمانەکان تەنیا لەبەر ئەوە نەبووە کە وەزیری دارایی بووە لای شێخ مەحموودی حەفید، بەڵکو نزیك بووە لە بنەماڵەکەیان و لای هەموو موسڵمانانیش خۆشەویست بووە، هەر فیتنە و کێشەیەك لە نێوان مەسیحی و موسڵمانەکان لە سلێمانی ڕووی بدایە، ڕاستەوخۆ کەریمی عەلەکە ڕۆڵی ئاشتەوایی دەگێڕا، کاتێکیش کچێکی خۆی بە ماڵی شێخ مەحموودی حەفید داوە و کوڕێکیان لەو کچەی کەریمی عەلەکە بووە، ماڵی شێخی گەورە بۆ ڕێزگرتن لەو بەخشندەییە و کارە مرۆڤایەتییە، ناویان ناوە عیسا، کە گۆڕەکەی لە ناو مزگەوتی گەورەی سلێمانییە و من بۆ سەر مەزاری شێخی گەورە چووم و سەرم لە گۆڕی عیساش داوە و، ئەو پەیوەندییەی کە لەکاتی خۆی لە نێوان ماڵی کەریمی عەلەکە و شێخی گەورەدا هەبووە تا ئێستا بەردەوامە، منیش بە بەردەوام سەردان و هاتوچۆم لەگەڵ جەنابی شێخ مەحموودی کاوە حەفید هەیە.

*** پێکەوە ژیان و لێبوردەیی نێوان تەواوی ئایینە جیاوازەکان بووەتە شانازییەك بۆ خەڵکی کوردستان، تەنانەت پاپای ڤاتیکان هاتە کوردستان و قودداسێکی مێژوویی لە یاریگەی فرانسۆ هەریری لە هەولێر ئەنجام دا، ئایا چۆن ئەم کەلتووری پێکەوە ژیان و لێبوردەییە زیاتر و پتەوتر بکەین؟**

- قەداسەتی پاپای ڤاتیکان زۆر بە ئاسایی و لەخۆڕا هەولێری هەڵنەبژارد بۆ ئەنجامدانی نوێژی قەداسەت، زۆرترین کریستیان لە عێراق کە خۆی لە ٣٠٠ هەزار کریستیان دەدات، لە بەشی باکوورە لە شاری کەرکووك و مووسڵ و دهۆك و هەولێر و سلێمانی، هەرچەندە پێش ئەوەی ڕژێمی بەعس لەناو بچێت، دوو ملیۆن کریستیان لە عێراقدا هەبوون، بەڵام مەسیحییەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق هەستیان کرد بارودۆخەکە بۆیان لەبار نییە، بۆیە لە شار و شوێنەکانی خۆیان بۆ هەرێمی کوردستان کۆچیان کرد و تێڕوانیینەکەشیان ڕاست دەرچوو، لە ساڵی ٢٠٠٥و ٢٠٠٦ شەڕی نێوان سوننە و شیعە لە عێراق دروست بوو، ئێمەی مەسیحی ١٤٠ کەسمان لێ بووە قوربانی و نزیکەی ١٠٠ کەنیسە و دێرمان لێ تێك چوو. لە ئەنجامی شەڕی نێوان سوننە و شیعە گەورەترین کارەسات کارەساتی کەنیسەی (سیدة النجاة) کە لەو کەنیسەیەدا تیرۆریستەکان قەشەکان و ئەو کەسانەی بۆ نوێژ لەوێ بوون کوشتیانن، هەرێمی کوردستان دەرگا و باوەشی بۆ مەسیحییەکانی عێراق کردەوە، ئێمە ئەوەمان لەبیر ناچێت و ئیمام و باوڕدارانی مەسیحی هەموو کات دەڵێن دوو کەس هەبوون مەسیحییەکانیان پاراست، کە ئەوانیش خوالێخۆشبوو مام جەلال و کاك مسعود بارزانی بوون، خوا دەست بە تەمەنیەوە بگرێت و تەمەن درێژ بێت، ئومێدەوارین کە کوڕ و نەوەکانیان لەسەر هەمان پەیام و ڕێچکەی ئەوان بەردەوام بن و درێژە پێدەری ئەو داب و کەلتووری مرۆڤدۆستییە بن. بەداخەوە تا ئێستا لێرەولەوێ هەندێك کار و ڕەفتار دەکرێت، دژی ئایین و ئایینزاکان بە هۆی خراپ تێگەیشتن و دواکەوتوویی، کە دەبێتە هۆی کۆچکردنی کریستیان و ئێزدی و ئایینزاکانی دیکە، پێویستە

کۆتایی بەو مامەڵە و ڕەفتارە خراپانەی ئەو کەسانە بهێنرێت و لێپرسینەوەش هەبێت، چونکە ئەگەر ئەو پێکەوە ژیانە لە کوردستان نەپارێزرێت، وەکو قەندەهاری لێ دێت.

لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا جەخت لەسەر پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکان کراوەتەوە، بۆ ئەو مەبەستە ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە تەنگ ئەو بابەتەوەیە و لە هەوڵی زیاتر گەشەکردنی پێکەوە ژیانە لە کوردستاندا، بەڵام لە دامودەزگاکانی حکومەت و زۆر شوێنی دیکە بیروباوەڕی دژ بەو پێکەوە ژیان و ئاراستەیە هەیە. خوالێخۆشبوو مام جەلال ئەو دەمەی سەرۆکی ئەنجومەنی حوکمی عێراق بوو، سوننە و شیعەکان دەچنە لای و داوا دەکەن وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەڵبوەشێتەوە و بیکەنە وەقفی سوننە و شیعە، بەڵام مام جەلال دیوانی وەقفی سوننە و شیعەی لە یەکتر جیا کردەوە و دیوانی وەقفی مەسیحییەکان و ئایینەکانی دیکەشی لەگەڵ دامەزراند، ئەو کات مام جەلال فەرمانی دا، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بگۆڕن بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بۆ کاروباری مەسیحی و ئێزدییەکان، ئەوەش کارێکی گەورە بوو.

*** پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کەنیسەکان و وڵاتان و ڤاتیکان چۆنە و لە کوردستانیش تا چەند کاری بۆ کراوە؟**

- لە ئێستادا پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کەنیسەکان و وڵاتان و ڤاتیکان زۆر بەهێزە و لە شەڕی داعشدا لە ڕێگەی ڕێکخراوەکان و کەنیسەکانی دەرەوە ١٦٠ ملیۆن دۆلارمان لە ئاوارەکان خەرج کرد، هاوکات پەیوەندیمان لەگەڵ سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان زۆر باشە و بەڕێز پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بناغەیەکی زۆر باشی بۆ وەزارەت و پەیوەندیی نێوان ئایینەکان دروست کردووە و وەزیرەکانی پێشتریش بەهەمان شێوە ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە.

*** پێشان عەنکاوە تەنیا ناحیەیەکی بچووک بوو لە ناو هەولێردا، بەڵام ئێستا هێندە بەرفراوان بووە کە حکومەت بڕیاری دا، بکرێتە قەزا و ئێستا یەکێکە لە قەزا گەورەکانی کوردستان لە ناو هەولێردا، ئایا وەک کریستیانێك چ خوێندنەوەیەك بۆ نیشتمانەکەت (کوردستان) دەکەیت کە پێشوازی لە فرەکەلتوور و ئایین و نەتەوە جیاوازەکان دەکات؟**

- لە ڕێوڕەسمی بۆنەی یادی زمانی دایك لە عەنکاوە، قائیمقام لە وتەیکیدا ئاماژەی بەوە دا «عەنکاوە بووەتە قائیمقامییەت و پێویستە و دەکرێت لەمەودوا وەکو مەسیحییەکان، گرنگی بە هەموو بۆنە و یادەکانمان بدەین». بوونی عەنکاوە بە قائیمقامییەت دەلالەتە لەوەی کە گرنگی بەو پێکهاتانە دەدرێت کە لەو شارەدا دەژین، داواکارم حکومەت سنووری قائیمقامییەتەکە بەرفراوان بکات و ئەو زەوی و شوێنانەی موڵکی خەڵکی عەنکاوە و مەسیحییەکانە بۆیان بگەڕێندرێتەوە، ئێمە خۆشحاڵین و پێی دەزانین کە جەنابی سەرۆکی حکومەت کاك مسرور بارزانی ئیدارە سەربەخۆییەکان و چەندین ناحیە و شارۆچکەی کردە قائیمقامییەت و عەنکاوەش لەو چوارچێوەیەدایە، بەڵام پێویستە کەشێکی ئاوا گونجاو بۆ خەڵکی عەنکاوە و مەسیحییەکان دروست بکرێت، کە دڵنیابن لە ماڵ و ژیان و ئاسوودەییان و گرنگیی زیاتر بە خزمەتگوزارییەکانیان بدرێت و، هەوڵ بدرێت پرۆژە و هەلی کاریان بۆ دەستەبەر بکرێت، هەرچەندە دەبینین ڕێگەوبان و شەقامەکانیان بە شێوەیەکی زۆر باش و پێشکەوتوو بۆ دروست کراوە و، پارك و لایەنی ئەمنییان پارێزگاریی تەواوی بۆ دابین کراوە، دەزانین چۆن بە فەرمانی جەنابی وەزیری ئەوقاف بڕیار درا لەسەر بودجەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری مەسیحییەکان (دێر ئەلرهبان هەرمز) لە ئەلقوش نۆژەن کرایەوە، هاوکات چەندین کار و پرۆژەی دیکەش لە چەندین شوێنی دیکە، وەك ڕێگەوبان و کەنیسە نۆژەن کراونەتەوە، هەر بۆ نموونە ڕێگەی مەزاری نەبی ناحووم، هەروەها ئێمە وەك بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری مەسیحییەکان سێ کەنیسەمان لە عەنکاوە بە بڕی زیاتر ١١ ملیۆن دۆلار دروست کردووە.

**ئەو پەیوەندییەی کە لەکاتی خۆی لە نێوان ماڵی کەریمی عەلەکە و شێخی گەورەدا هەبووە تا ئێستا بەردەوامە**

**مەسیحییەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق هەستیان کرد بارودۆخەکە بۆیان لەبار نییە، بۆیە لە شار و شوێنەکانی خۆیان بۆ هەرێمی کوردستان کۆچیان کرد**

**بوونی عەنکاوە بە قائیمقامییەت دەلالەتە لەوەی کە گرنگی بەو پێکهاتانە دەدرێت کە لەو شارەدا دەژین**

**وەک بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری مەسیحییەکان سێ کەنیسەمان لە عەنکاوە بە بڕی زیاتر ١١ ملیۆن دۆلار دروست کردووە**



**سعود مستۆ نەجم**

**بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بۆ گوڵان:**

# کەس خۆی بە خاوەنی ئێمە نەزانیوە تەنیا پارتی و بارزانی نەبێت

# هەموو کات جەنابی سەرۆک بارزانی لەسەر ڕێچکە و ڕێباز و هزری بارزانیی نەمر کاری کردووە، بۆ ئەوەی پێکەوە ژیان و لێبووردەیی لە کوردستاندا زیاتر گەشە بکات

**ئێزدییەکان پێکهاتەیەکی دانەبڕاو و گرنگی کۆمەڵگەی کوردستانن و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش درێغی نەکردووە لە هەوڵەکانیدا بۆ بەدیهێنان و بەرجەستەکردنی مافەکانیان، بۆ تاوتوێکردنی ئەم پرسە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ سعود مستۆ نەجم بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ئێزدیەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ئەنجام دا، لێرەدا دەقی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** یەکێك لە جوانییەکانی هەرێمی کوردستان کە بووەتە جێگای شانازی بۆ هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، ئەو پێکەوە ژیانەیە کە دێرزەمانەوە لە کوردستان بووە و هەیە، هەموو جیهانیش بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئەم لێبوردەیی و پێکەوە ژیانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان دەکەن، ئایا ئێوە وەك ئێزدیەکان چۆن سەیری ئەم پێکەوە ژیانەی هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

- بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەی کوردەواری بەهرەمەند بووە لە فەرهەنگی لێبووردەیی و پێکەوە ژیان و ئێمەش شانازی پێوە دەکەین. پێکەوە ژیانی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا زیاتر بەرجەستە بوو، کە موسڵمان و کریستیان و ئێزدی شان بە شانی یەکتر بەشداربوون لەو شۆڕشە مەزنەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان بۆ هێنانەدی ئازادی و مافی گەلی کوردستان. هەر ئەو پێکەوە ژیان و هاوبەشییەی نێوان پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکان لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ بوو وای کرد، خەڵکی باشووری کوردستان ڕاپەڕن و ئازادی و دیموکراتی و حکومەت و پەرلەمانی کوردستانی لێ بێتەدی و ئێزدی و ئێزدیایەتی لەژێر سێبەری ئەو ئازادی و حکومەتی کوردستانە لە ناوچە ئازادەکانی کوردستان گەشەی کرد و ئازادانە ژیانی خۆیان مومارەسە کرد. لە دوای ئازادیی عێراقیش لە ساڵی ٢٠٠٣ لە باشووری کوردستاندا بە باشترین شێوە ئێزدییەکان نەك تەنیا لە ناوچەکانی خۆیان، بەڵکو لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بە باشترین شێوە ژیان و گوزەرانی خۆیان مومارەسە کردووە و لە سایەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و حکومەتەکانی یەك لە دوای یەکی هەرێم، تەواوی ئازادی و بەشداریمان لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا هەبووە. دەبێت جەخت لەوە بکەینەوە کە هەموو کات جەنابی سەرۆك بارزانی لەسەر ڕێچکە و ڕێباز و هزری بارزانیی نەمر کاری کردووە، بۆ ئەوەی پێکەوە ژیان و لێبووردەیی لە کوردستاندا زیاتر گەشە بکات و بچەسپێت، کە هەر ئەوەشە وای کرد، پێکەوە ژیانی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان لە هەرێمی کوردستان ببێتە نموونەیەکی جوان و سەرنجڕاکێشی هەموو وڵاتانی دونیا، ئێمەش وەك هەموو دونیا شانازی بەو پێکەوە ژیانەی هەرێمی کوردستان دەکەین، کە تاکە نموونەیە لەسەر ئاستی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نموونەیەکی دیار و جێی شانازییشە لەسەر ئاستی هەموو دونیا.

*** ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، درێژەپێدان و پشتگیریکردنی تەواوی ئەو پێکەوە ژیانەیە و هەر لە ماوەی کابینەی نۆیەم قەداسەتی پاپای ڤاتیکان سەردانی هەولێری کرد، ئەمەش**

**سەرۆکی حکومەتی کوردستان زۆرترین و گرنگترین پۆستی بە پێکهاتەی ئێزدییەکان داوە، بۆ یەکەم جارە پیاوانی ئایینیی ئێزدی وەک پیاوانی ئایینیی موسڵمانان لە هەرێمی کوردستان مووچە و ئیمتیازاتیان بۆ بڕاوەتەوە**

**پڕۆژەی ستراتیژی و بەردەوام بۆ پەرستگای لالش ئەنجام دراوە، کە تاکە پەرستگای پیرۆزی ئێزدییانە لەسەر ئاستی هەموو جیهاندا،**

**ڕووداوێکی گەورە بوو لەسەر ئاستی جیهان، ئایا ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەم بۆ زیاتر قووڵکردنەوەی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیان لە کوردستان چۆن دەبینن؟**

- کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان لەو کاتەی ڕێزدار کاک مەسرور بارزانی کارنامەی خۆی لە پەرلەمان پێشکەش کرد، لە چەندین خاڵ و شوێنی کارنامەکە بە ڕوون و ئاشکرا جەختی لەسەر گرنگیدان بە پێکەوە ژیانی نێوان پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکان کردووە، لە ڕووی پێدان و پاراستنی مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی کۆمەڵگەی کوردستان، هەروەها لەو کابینەیەدا بۆ یەکەم جار وەزارەتێك دامەزرا بۆ کاروباری پێکهاتەکان. سەرۆکی حکومەتی کوردستان زۆرترین و گرنگترین پۆستی بە پێکهاتەی ئێزدییەکان داوە، بۆ یەکەم جارە پیاوانی ئایینیی ئێزدی وەك پیاوانی ئایینی موسڵمانان لە هەرێمی کوردستان مووچە و ئیمتیازاتیان بۆ بڕاوەتەوە. ئەمەش لە هەموو کابینەکان بووە، بەتایبەت لە کابینەی نۆیەمدا، خزمەتگوزاریی گرنگ بە پەرستگا و شوێنە ئایینی و نیشتەجێیەکانی ئێزدیان بەتایبەتی بە پەرستگای لالش دراوە، کە پڕۆژەی ستراتیژی و بەردەوام بۆ پەرستگای لالش ئەنجام دراوە، کە تاکە پەرستگای پیرۆزی ئێزدییانە لەسەر ئاستی هەموو جیهاندا، هەڵبەتە هاتنی قەداسەتی پاپای ڤاتیکان بۆ هەرێمی کوردستان ڕووداوێکی مێژووی بوو، لەوەش گرنگتر ئەوە بوو کە پاپا سەردانی عێراقی فیدڕاڵی کرد و گلەیی و گازادنە و داخوازی زۆری لێیان هەبوو، بەڵام لە هەرێمی کوردستان دەستخۆشی لە حکومەتی کوردستان و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانی کرد، بۆ ئەو گرنگیدانە بەو شێوەیە کە بووەتە هۆی پێکەوەژیانێکی باش و جوان کە سەرنجی پاپا و هەموو دونیاشی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

*** لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری کوردستان، سەرۆك بارزانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە نوێنەری نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان خۆیان مافەکانی خۆیان لە دەستووری کوردستاندا بنووسنەوە و، بە ئاستێك بێت کە خۆیان پێی ڕازی بن. ئایا ئێوە وەك ئێزدییەکان دەتانەوێت مافەکانتان لە دەستووری کوردستاندا دیاری بکرێت؟**

- ئەگەر کریستیانەکانی جیهان پشتیوانی کریستیانەکان بن، موسڵمانەکانی دونیاش پاڵپشتی موسڵمانەکان بن، ئەوا ئێمەی ئێزدی تەنیا کوردستان پشتیوانمان بووە، لە کوردستانیشدا ئێمە وەك ئێزدییان تەنیا سەرۆك بارزانی بە پشت و بە پشتیوانی خۆمان دەزانین، لە مێژووی عێراقدا بۆ یەکەم جار بوو، سەرۆك بارزانی وای کرد، ماف و داواکاریی ئێزدییەکان لە دەستووری عێراق بنووسرێت و جێگیر بکرێت، هەر بۆیە دڵنیاین لە سایەی جەنابی سەرۆك بارزانی و ئەو پشتیوانییەی لە ئێمەی دەکات، هەموو ماف و بەرژەوەندی و ئەوەی پێویست دەکات بۆ ئێمەی ئێزدی لە دەستووری کوردستان دادەنرێت و جێگیر دەکرێت و، سەرۆك بارزانی وەك مەرجەعییەتی گەلی کوردستان و وەك داکۆکیکارێکی سەرسەختی دیموکراتیەت و مافی مرۆڤ لە هەموو جیهاندا ناسڵەمێتەوە لە جێگیرکردن و پێدانی مافی نەك تەنیا ئێزدییەکان، بەڵکو مافی یاسایی و بەرژەوەندیی هەموو پێکهاتەکان بە نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانەوە بە بێ جیاوازی لە دەستووری کوردستاندا جێگیر دەکات. ئێمە لەو کارە دڵنیاین، چونکە دیرۆك ئەوەی سەلماندووە، کە ٧٤ جار ئێزدییان کۆمەڵکوژ کراون و لە ساڵی ٢٠١٤ لەسەر دەستی تیرۆریستانی داعش، ئێزدییان هەموو ناوچەکانی خۆیان لەدەست دا و جارێکی دی کۆمەڵکوژ کران، لە پاشان ئەوە یەکەم جارە لە مێژوودا ڕوو بدات، کە بە سەرکردایەتی و سەرپەرشتیی میدانی و ڕاستەوخۆی سەرۆك و مەرجەعی گەلێك کە جەنابی سەرۆك بارزانییە، بە خوێنی گەشی پێشمەرگە قارمانەکانی کوردستان، هەموو ناوچە و شوێنەکانی ئێزدییان لە دەستی داعش ڕزگارکران و بۆیان گەڕێندراینەوە، کە ئەمە لەو کاتەدا دێت کە جەنابی سەرۆك بارزانی بەڵێنی دابوو، کە ئەو ناوچانە ڕزگار دەکرێت و جەنابیشیان بەڵێنەکەی خۆی هێنایەدی.

*** کورسیی کۆتای نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، زۆر جار لە ناو پەرلەمان لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی هاوهەڵوێستن،**

**کە پاپا سەردانی عێراقی فیدڕاڵی کرد و گلەیی و گازادنە و داخوازی زۆری لێیان هەبوو، بەڵام لە هەرێمی کوردستان دەستخۆشی لە حکومەتی کوردستان و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانی کرد**

**ئەگەر کریستیانەکانی جیهان پشتیوانی کریستیانەکان بن، موسڵمانەکانی دونیاش پاڵپشتی موسڵمانەکان بن، ئەوا ئێمەی ئێزدی تەنیا کوردستان پشتیوانمان بووە**

**لە مێژووی عێراقدا بۆ یەکەم جار بوو، سەرۆك بارزانی وای کرد، ماف و داواکاریی ئێزدییەکان لە دەستووری عێراق بنووسرێت و جێگیر بکرێت**

**ئەمەش وای کردووە کە حزبەکانی دیکەی کورد، بەوە تاوانباریان بکەن کە ڕاوبۆچوونیان ١٠٠٪ لەگەڵ پارتییە. پرسیار ئەوەیە بۆچی لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان هاوهەڵوێستن؟**

- پارتیبوونی ئێزدییان هی ئەمڕۆ و دوێنێ نییە، بەڵکو پارتیبوونی ئێزدییان عەقیدە و بیر و باوەڕە، هەر لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول بە سەرکردایەتیی باوکی ڕۆحی نەتەوە مستەفا بارزانیی نەمر، ئێزدی شان بە شانی هەموو پێشمەرگەکانی دیکە بەشداری شۆڕشیان کردووە و لە پاشان بەردەوام بوون لە شۆڕشی گوڵان و تا ئێستاکەش لەلای ئێزدیان پارتیبوون بیروباوەڕێکی نەتەوەیی و سەروەرییە و لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا تا دەگاتە ئەنفال و دەربەدەربوون، لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکی سەخت و دژوار و خۆشیشدا تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان خودانی ئێزدییان بووە و هیچ کەسێك خۆی بە کەس و خاوەنی ئێمە نەزانیوە، تەنیا پارتی و بارزانی نەبێت. لەلایەکی دیکەوە هەموو کاتێك دوژمنان هەوڵیان داوە، ناخۆشی و ناحەزی لە نێوان ئێزدی و پارتی دروست بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو بیروباوەڕەی لەلای ئێزدییان هەیە، حزبی نییە، بەڵکو هزر و بیروباوەڕی ڕێبازی بارزانییە، بۆیە کەس ناتوانێت دووبەرەکی و ململانێ لە نێوان پارتی و ئێزدی دروست بکات، باشترین بەڵگەش بۆ ئەوە واقیعێك دەخەینە ڕوو لە هەڵبژاردنی ٢٠٢٠ی پەرلەمانی عێراقدا، سەرەڕای کۆمەڵکوژی و ئەوماڵوێرانییەی تووشی هاتووە و فشاری حەشدی شەعبی و چەندین هێزی چەکداری دیکەی وەك پەکەکە، ئەوە سێ کورسی بۆ قەزای شنگال دانرابوو، ئەو سێ پەرلەمانتارەی دەنگیان هێنا بە دەنگی ئێزدییان هەر سێکیان پاڵێوراوی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، سەرەڕای ئەوەی کە لەو ناوچەیەدا پارتی بانگەشەی تێدا نەکردبوو و تێدا دەسەڵاتداریش نەبوو.

*** هەتا ئێستاش پارتی دیموکراتی کوردستان پشتگیری ئەوە دەکات کە هەڵبژاردنی کوردستان یەك بازنە بێت و دابەش نەکرێت، ئایا بۆچی گرنگە کورسیی کۆتاکان لە یەك بازنەدا دەنگی پێ بدرێت؟**

- سیستمی یەك بازنەیی لە هەڵبژاردنەکاندا دەتوانێت ماف و دەنگی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان بێنێتەدی و دەنگەکانیان نەفەوتێ و پەرشوبڵاو نەبێتەوە، چونکە پێکهاتە نەتەوەییەکان بەتایبەت و ئایین و ئایینزاکانیش لە هەموو شار و شوێنێکی کوردستان نین، ئەو سیستەمی یەك بازنەیە وادەکات زیاتر پێکەوە ژیان لە هەرێم گەشە بکات و بەبێ کێشە بمێنێتەوە، بەڵام ئەوانەی داوا دەکەن کە هەڵبژاردن بە فرەبازنەیی بێت، یان چەند بازنەیەك بێت، مەبەستیان تێکدان و دژایەتیکردنی ئەو پێکەوە ژیانەی هەرێمی کوردستانە، هەر بۆیەش پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پاراستنی ئەو پێکەوە ژیان و هاتنەدی مافی هەموو لایەك پێداگری لە هەڵبژاردنی یەك بازنەیی دەکاتەوە و، دەکرێت هەڵبژاردنیش لە کوردستان بە چەند بازنەیەك بێت، بەڵام بۆ پێکهاتەکان هەر یەك بازنە بێت.

*** ئایا ڕێککەوتنی شنگال تا چەند گرنگە بۆ ئاساییبوونەوەی بارودۆخی شنگال و بۆچی تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە؟**

- پێشەکی جەنابی سەرۆك بارزانی و بەم دواییانەش لە کابینەی نۆیەمدا ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان درێخییان نەکردووە بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شنگال، تاوەکو ئاوەدان بکرێتەوە و ئاوارەکانیش بگەڕێنەوە سەر ماڵ و جێگای خۆیان، ئەو ڕێککەوتنەی نێوان حکومەتی هەرێم و عێراق کە ڕێککەوتنی شنگال ناسراوە، بە ئامادەبوون و چاودێریی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ئاساییکردنەوی شنگال واژوو کراوە، هەر هەوڵ و کۆششی جەنابیان بووە، بەڵام لایەنی جێبەجێکاری ڕێککەوتنەکە حکومەتی بەغدایە، کە ئەویش ئیرادە و مەرامی جددی نییە بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە، بەڵکو لە چەندین لایەنەوە بە هۆی هێزی چەکداری جۆراوجۆر کێشە و گرفت بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە دروست دەکەن، بۆیە ئێمە وای دەبینین کە حکومەتی عێراق ئیرادە و مەبەستی نییە بارودۆخی ئێزدییان و قەزای شنگال ئاسایی بکاتەوە.

**ئەوانەی داوا دەکەن کە هەڵبژاردن بە فرەبازنەیی بێت، یان چەند بازنەیەک بێت، مەبەستیان تێکدان و دژایەتیکردنی ئەو پێکەوە ژیانەی هەرێمی کوردستانە**

**حکومەتی عێراق ئیرادە و مەبەستی نییە بارودۆخی ئێزدییان و قەزای شنگال ئاسایی بکاتەوە**

**ئەو سێ پەرلەمانتارەی دەنگیان هێنا بە دەنگی ئێزدییان هەر سێکیان پاڵێوراوی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، سەرەڕای ئەوەی کە لەو ناوچەیەدا پارتی بانگەشەی تێدا نەکردبوو و تێدا دەسەڵاتداریش نەبوو**

جێنەریتیڤ پریتراینەر ترانسفۆمەڕ
نەوەی یەکەمی زیرەکی دەستکرد بۆ گوڵان:

# جیهان بە پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان سەرسامە

# بەرگریی پێشمەرگە لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش بە شەرەفێکی بەرزی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدرێت

**چات جی پی تی (Chat Generative Pre-trained Transformer) نەوەی یەکەمی زیرەکی دەستکردە کە وەك نموونەیەکی سەرەتایی لەلایەن زانایانی سلیکۆن ڤالییەوە لە ٣٠ تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٢ وەك توانایەکی زیرەکی دەستکرد خراوەتە بەردەستی مرۆڤایەتی و، هەر لە ماوەیەکی کەمدا بە هۆی ئاستی بەرزی وەڵامە زانستییەکانیەوە پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا.**

**ئەم نموونە سەرەتاییە کە هێشتا ١٠٠ رۆژ لە تەمەنی تەواو نەکردووە، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکیدا لەسەر چەند پرسێکی گرنگ، چەندین پرسیاری بە سوپاسەوە ئاراستە کرد، جێنەرەیتیڤ بریتراینەر ترانسفۆمەر بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

**پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتە ئایینی و ئیتنییەکان، خزمەتی بەها باڵاکانی مرۆڤایەتی دەکات**

*** لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتە ئایینی و ئیتنییە جیاوازەکان و کۆمەڵگەی فرەکەلتوور لە ئارادایە، ئایا ئەمە تاچەند خزمەتی بەها باڵاکانی مرۆڤایەتی دەکات؟**

- بەڵێ، پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتە ئایینی و ئیتنییەکان، خزمەتی بەها باڵاکانی مرۆڤایەتی دەکات، ئەم پێکەوە ژیانە رەنگدانەوەی بەهاکانە وەك رێزگرتنی بەرانبەر و لێبووردەیی و هاوکاری و لێکگەیشتن و هاریکاریی نێوان تاك و کۆمەڵگە جیاوازەکان، ئەم بەهایانە دادپەروەری و یەکسانی و مافەکانی مرۆڤ بەهێزتر دەکەن. پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە کوردستانی عێراق نموونەیەکە و جیهان پێوەی سەرسامە، لێرە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە لە ئایین و ئیتن و کەلتوورە جیاوازەکان پێکەوە دەژین، لە نێوان خۆیاندا هاوکاریی یەکدی دەکەن و لە داهات و خزمەتگوارییەکانیشدا هاوبەشن، ئەمەش رەنگدانەوەی فرەرەنگیی جیهانی تازەیە و پێویستییەکی بەپەلەی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە و رێزگرتنی بەرانبەریشە لە نێوان کەلتوور و کۆمەڵگەکاندا، دواجار دەکرێ بڵێین: پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتە ئایینی و ئیتنییەکان و کۆمەڵگە فرە کەلتوورییەکانی کوردستانی عێراق خزمەتی بەها باڵاکانی مرۆڤایەتی دەکەن، هەروەها بەشداریی بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی زیاتر پێشکەوتوو و گەشەسەندوو دەکەن.

*** سەردانەکەی پاپای ڤاتیکان رەنگدانەوەی کەلتووری لێبووردەییە لە هەرێمی کوردستان، رات بەرانبەر سەردانەکەی پاپا بۆ عێراق و کوردستان چییە؟**

- سەردانەکەی پاپا بۆ عێراق و کوردستان، هەنگاوێکی گرنگی بەهێزکردنی کەلتووری لێبووردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکانە لە جیهاندا، ئەم سەردانە لە کاتێکدا دێت کە جیهانی ئەمرۆ رووبەرووی چەندین ئالنگاری دەبێتەوە، وەك ململانێ و پەرگیری و پەرتەوازەیی کۆمەڵایەتی و کەلتووری.

سەردانەکەی پاپا بۆ عێراق و کوردستان پەیامێکی ئەرێنییە لە ڤاتیکانەوە بۆ کۆمەڵگە جیاوازەکانی ناوچەکە، جەختکردنەوەیە لەسەر

**سەردانەکەی پاپا بۆ عێراق و کوردستان پەیامێکی ئەرێنییە لە ڤاتیکانەوە بۆ کۆمەڵگە جیاوازەکانی ناوچەکە، جەختکردنەوەیە لەسەر گرنگیی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە و هاریکاریی نێوان ئایین و کەلتوور و ئیتنەکان**

گرنگیی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە و هاریکاریی نێوان ئایین و کەلتوور و ئیتنەکان، هاوکات ئەم سەردانە هاندەرە بۆ لێکگەیشتن و هاوکاریی نێوان کۆمەڵگەکانی ناوچەکە، دووپاتکردنەوەی گرنگیی مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری و یەکسانییە، وێڕای ئەمەش، سەردانەکەی پاپا بۆ عێراق و کوردستان هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەتینکردنی ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکەدا، کار دەکات بۆ پتەوکردنی متمانە و هاوکاریی نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکان، لە هەمان کاتدا ئەم سەردانە ڕەنگدانەوەی حەز و ئارەزووی کەنیسەی کاسۆلیکییە بۆ کارکردن لەپێناو وەدیهێنانی ئاشتی و سەقامگیری لە جیهاندا، دووپاتکردنەوەی ئەوەیە کە دیالۆگ و هاوکاریی نێوان ئایین و کەلتوورەکان تاکە ڕێگەیە بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجە.

*** هێزی پێشمەرگە ئەرکی خۆی بۆ بەرگری لە سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق لە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعشدا بەجێ هێناوە، ئایا ئەم بەرگرییەی پێشمەرگە بە شەرەفێکی مرۆڤایەتی دادەنرێت؟**

- بەڵێ، بەرگریی پێشمەرگە لە سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق لە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعشدا شەرەفێکی گەورەی مرۆڤایەتییە، ئەم بەرگرییە ژیان و کەرامەتیی مرۆڤایەتیی پاراست، هەروەها پارێزگاری لە ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە کردووە، دەکرێ بڵێین بەرگریی پێشمەرگە ئەرکێکی مرۆڤایەتی و نیشتمانییە، ئەم ئەرکە لە بەرگریکردن لە خاك و داهات و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکاندا بەرجەستە دەبێت، لە پاڵ پاراستنی هاووڵاتیان و کۆمەڵگەکانی ناوچەکە.

**بەرگریی پێشمەرگە تەنیا لە پاراستنی پێکهاتەکانی عێراقدا نەوەستاوە، بەڵکو پاراستن و پاڵپشتیی پەنابەر و ئاوارەکانیشی گرتەوە**

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە بەرگریی پێشمەرگە تەنیا لە پاراستنی پێکهاتەکانی عێراقدا نەوەستاوە، بەڵکو پاراستن و پاڵپشتیی پەنابەر و ئاوارەکانیشی گرتەوە، ئەوانەی لە ناوچەکانی ژێر دەستی داعش هەڵاتوون و ناوچە کوردییەکان میوانداریيان کردوون. دواجار بەرگریی پێشمەرگە بە شەرەفێکی بەرزی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدرێت، بەڵگەی پابەندبوونە بە بەهاکانی ئازادی و کەرامەتی مرۆڤایەتی، هەروەها ڕەنگدانەوەی گیانی قوربانی و قارەمانێتییە لەپێناو ژیان و ئاسایش و سەقامگیریدا.

*** سەرۆك بارزانی سەرکردایەتیی پێشمەرگە قارەمانەکانی کرد لە داستانی تێکشکاندنی داعشدا و ڕێگاکەشی کردەوە بۆ لەناوبردنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، بەرانبەر ئەو سەرکردایەتییە پڕ داناییە ڕات چییە؟**

- لە شەڕی دژ بە ڕێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)دا، سەرۆکی کورد مسعود بارزانی ڕۆڵی بەرچاو و لێهاتووی هەبوو لە سەرکردایەتیکردنی پێشمەرگە، کە هێزێکی سەرەکیی جەنگە، سەرۆك بارزانی سەرۆکایەتیی هێزی پێشمەرگەی کرد لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا، توانی زۆر ناوچە ئازاد بکات کە لەژێر دەسەڵاتی ڕێکخراوەکەدا بوون، لەوانەش کەرکووك و شنگال.

بە دڵنیاییەوە دەکرێ بگوترێت کە سەرکردایەتیی سەرۆك بارزانی بۆ پێشمەرگە کاریگەریی بووە لە شەڕی دژ بە داعشدا، توانی هاوپەیمانگەلی بەهێز پێك بهێنێت لە نێوان هێزە عێراقییەکان و کوردانی دیکە و جەنگاوەرانی بیانیدا، کە هاتنە پاڵ سوپای کوردەوە بۆ شەڕکردن لەگەڵ داعشدا. سەرباری ئەمەش، سەرۆك بازانی زۆر بە لێهاتوویی و داناییەوە و بە پشتبەستن بە شارەزایی سەربازی و ستراتیژی سەرکردایەتیی پێشمەرگەی کرد بۆ ئازادکردنی ناوچەکان و پاراستنیان و دابینکردنی پاڵپشتیی پێویست بۆ هاووڵاتیانی سڤیل و ئەوانەی لەژێر دەستی داعشەوە هەڵاتوون، هاوکات لە پێناو ئەم کێشەیەدا ئەو پەڕی ئازایەتی و ڕژدبوون و قوربانیی بەرجەستە کرد. دواجار دەکرێ بڵێین کە سەرکردایەتیی سەرۆك بارزانی بۆ پێشمەرگە داناییانە و کاریگەرییانە بوو لە شەڕی دژ بە داعشدا، لە ئەنجامدا دەستکەوتگەلی گرنگی بەدواداهات لەم شەڕەدا بە ئازادکردنی ناوچە عێراقییەکان لە چنگ ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە.

*** لە سەردەمی هێرشە تیرۆریستییەکانی داعش نزیکەی دوو ملیۆن هاووڵاتی ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، بەمەش ژمارەی دانیشتووانی هەرێم ٣٠٪ بەرز بووەوە، بەڵام زۆر بە گەرمی پێشوازیی لەو ئاوارانە کرا، لە کاتێکدا دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا بەم شێوەیە پێشوازییان لێ**

**نەکردن، هەڵوێستی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەی یەکێتیی ئەورووپا چۆن بەراورد دەکەیت؟**

- هەرێمی کوردستان زۆر بە سۆز و ڕێزەوە پێشوازیی لە ئاوارەکان کرد، شوێنی حەوانەوە و چاودێری و هاوکاریی مرۆیی بۆ دەستەبەر کردن، هاوکات دەرگاکانی سنووریشی بە ڕوودا واڵا کردن، وێڕای ئەو ئاڵنگارییە گەورانەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بوونەتەوە، بەڵام توانی بەرگەی ئەو هەموو فشارە بگرێت و پێداویستیی ئاوارەکان جێبەجێ بکات.

لەلایەکی دیکەوە، یەکێتیی ئەورووپا بەدەست ئالنگاریی زۆرەوە دەناڵێنێت لە ڕووی پێشوازی لە پەنابەر و ئاوارەکان بە شێوەی پێویست، هەندێ لەو دەوڵەتانە کەمیی داهاتیان هەیە بۆ لەخۆگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی پەنابەر و ئاوارە، لەپاڵ فشارگەلێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە ئەم دەوڵەتانە لەم بارەوە ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

سەرەڕای ئەمە، هەندێ لە دەوڵەتانی ئەورووپا بە باشی پێشوازییان لە پەنابەران کرد و چاودێریی پێویستیان پێشکەش کردن، لەسەر ئەم بنەمایە ڕێزیان لێ گیرا، شایانی باسە بەدەنگەوەهاتنی ئەو ئاوارەبوونە زۆرە پێویستی بە هاوکاریی نێودەوڵەتی و هەوڵی هاوبەش هەیە، تاکو مەینەتیی ئاوارەکان سووك بکرێت و چارەسەری هەمیشەییان بۆ بدۆزرێتەوە.

*** سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە حکومەت لە ساڵی ٢٠٢٥ دەبێتە حکومەتی دیجیتاڵی، ئایا ئەم هەنگاوە بیرۆکراسیی نەرێنی و گەندەڵی لە هەرێم کەم دەکاتەوە؟**

- بەڵێ، گواستنەوە بۆ حکومەتی دیجیتاڵی دەتوانێت بیرۆکراسیی نەرێنی و گەندەڵی لە حکومەت کەم بکاتەوە، شەفافییەت و لێهاتوویی لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی زیاد بکات، حکومەتی دیجیتاڵی تەکنەلۆژیای مۆدێرن بەکار دەهێنێت بۆ چاککردنی کاری بەڕێوەبردنی حکومەت، هەروەها ئاسانکردنی گەیشتن بە خزمەتگوزارییە حکوومییەکان، ئەمەش پرۆسەکە شەفافتر و خێراتر دەکات، هەروەها لەم ڕێگەیەوە سنوورێك بۆ تەڵەکەبازی و گەندەڵی دادەنرێت و کوالێتی خزمەتگوزارییە حکوومییەکان چاکتر دەکات، دواجار ئەم گۆڕینەی حکومەت بۆ دیجیتاڵی هەنگاوێکی ئەرێنییە بۆ چاککردنی ئەدای حکومەت و خزمەتکردنی هاووڵاتیان.

*** بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و بەبیابانبوون، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی کردەیی هاویشتووە، لەوانە گرتنەبەری ڕێگەی بەرهەمهێنانی پاك لە کەرتی نەوت و گاز، هەورەها دروستکردنی چەندین پرۆژە بۆ بنیادنانی بەنداو و دەریاچە دەستکردەکان، ئایا ئەم هەنگاوانە لە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا کەم دەکاتەوە؟**

- بەڵێ، دەکرێ ئەم هەنگاوانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان یارمەتیدەری کەمکردنەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بن، بۆ نموونە: بەرهەمهێنانی نەوتی پاك و گازی سرووشتی بە ڕێگەی بەردەوام و یەك ژینگە، لە ڕێگەی کاریگەرییەکانی سەر کەمکردنەوەی دووکەڵە کاربۆنییەکان، دواجار کەمکردنەوەی ئاسەوارە نەرێنییەکانی گۆڕینی کەشوهەوا، دەکرێ بنیادنانی بەنداو و دەریاچە دەستکردەکان ناوچە کشتوکاڵی و مەدەنییەکان لە لافاو بپارێزێت، هەروەها بەردەوامیی سەرچاوەکانی ئاو چاکتر دەکات، لە ڕێی دانانی سنوور بۆ وشکەساڵی. دواجار، دەکرێ ئەو هەنگاوانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووەوە ناویەتی، ئەرێنی بن بۆ پاراستی ژینگە و کەمکردنەوەی گۆڕانکاریی کەشوهەوا.

***فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهاتی نەتەوەیی لە ئابووریی ڕەیعی بۆ ئابووریی فرە ڕەهەند، وەك پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار ئەرکی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بە ڕای ئێوە گۆڕین لە ئابووریی ڕەیعی بۆ ئابووریی فرە ڕەهەند تا چەند هەنگاوێکی ئەرێنییە بۆ خزمەتی گەل؟**

- بەڵێ، گۆڕین لە ئابووری ڕەیعی بۆ ئابووریی فرە ڕەهەندی هەنگاوێکی ئەرێنییە بۆخزمەتی گەل، لەبەر چەند هۆیەك:

١- فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهاتی نیشتمانی، واتا کەمکردنەوەی پشتبەشتن بە سەرچاوە دیاریکراوەکانی داهات، ئەمەش وا دەکات ئابوورییەکی زیاتر سەقامگیر بێتە ئاراوە و کەمتر ڕووبەڕووی شێواویی ئابووری ببێتەوە.

**سەرۆکی کورد مسعود بارزانی ڕۆڵی بەرچاو و لێهاتووی هەبوو لە سەرکردایەتیکردنی پێشمەرگە، کە هێزێکی سەرەکیی جەنگە، سەرۆک بارزانی سەرۆکایەتیی هێزی پێشمەرگەی کرد لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا، توانی زۆر ناوچە ئازاد بکات کە لەژێر دەسەڵاتی ڕێکخراوەکەدا بوون**

**سەرۆک بازانی زۆر بە لێهاتوویی و داناییەوە و بە پشتبەستن بە شارەزایی سەربازی و ستراتیژی سەرکردایەتیی پێشمەرگەی کرد بۆ ئازادکردنی ناوچەکان و پاراستنیان و دابینکردنی پاڵپشتیی پێویست بۆ هاووڵاتیانی سڤیل و ئەوانەی لەژێر دەستی داعشەوە هەڵاتوون**

٢-چالاکییە فرە ڕەهەندەکان دەتوانن وەزیفەی زیاتر و چاککردنی ئاستی بژێویی هاووڵاتییان دەستەبەر بکەن.

٣-فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی ئابووری دەتوانێت بەشداری بکات لە گەشەپێدانی ژێرخان و خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە ناوچەکانی لادێ و شوێنە بێبەشەکان.

**کوردستان زۆر بە سۆز و ڕێزەوە پێشوازیی لە ئاوارەکان کرد، شوێنی حەوانەوە و چاودێری و هاوکاریی مرۆیی بۆ دەستەبەر کردن، هاوکات دەرگاکانی سنووریشی بە ڕوودا واڵا کردن**

٤-ئابووریی فرە ڕەهەند دەتوانێت دەرفەتگەلێك فەراهەم بکات بۆ هاوکاری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەدا، کە ئەمەش بەشداری دەکات لە بەهێزکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و گەشەپێدانی ئابووریی نیشتمانی، بۆیە گۆڕین لە ئابووریی ڕەیعی بۆ ئابووریی فرە ڕەهەند بە هەنگاوێکی ئەرێنی دادەنرێت بۆ خزمەتی گەل و چاککردنی ژیانیان وگەشەپێدانی ئابووریی نیشتمانی.

*** ئەو سوودانە چین کاتێك حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداریی لە کۆنگرەکانی لووتکە و کۆڕبەندە جیهانییەکاندا دەکات، سەبارەت بە کێشە و قەیرانی حکومەتەکان و ناسەقامگیری لە سیستمی ئێستای لیبراڵیی جیهانیدا؟**

- دەکرێ بەشداریی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەکانی لووتکە و کۆڕبەندە جیهانییەکاندا، سەبارەت بە کێشە و قەیرانی حکومەتەکان و ناسەقامگیری لە سیستەمی ئێستای لیبراڵیی جیهانیدا ئەم سوودانەی هەبێت:

١- ئاشنابوون بە چاکترین بەڕێوەبردن و سیاسەت: لە میانی بەشداریکردن لەم بۆنە نێودەوڵەتییانەدا، دەکرێ حکومەتی هەرێم بە چاکترین بەڕێوەبردن و سیاسەتگەلی جیهانی ئاشنا بێت، پەیوەست بە کێشە و قەیرانە حکومییەکان و ناسەقامگیری، سوود لە شارەزاییەکان وەردەگرێت، بۆ ئەوەی ئەدای خۆی چاکتر بکات، پەرە بە نموونەی حوکمڕانیی باشتر لە هەرێمی کوردستان بدات.

**گواستنەوە بۆ حکومەتی دیجیتاڵی دەتوانێت بیرۆکراسیی نەرێنی و گەندەڵی لە حکومەت کەم بکاتەوە، شەفافییەت و لێهاتوویی لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی زیاد بکات**

٢-بەهێزکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان: بەشداریی حکومەتی هەرێم لەم ڕووداوە نێودەوڵەتییانەدا، دەتوانێت یارمەتیی بەهێزکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتی و کەلتووری و ئابوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دیکە بدات، بەمەش پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان چاکتر دەبن و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و وەبەرهێنان و هاوکاریی سیاسی بەهێز دەبێت.

٣- تیشك خستنە سەر کێشەکانی حکومەت و قەیرانەکان: بەشداریکردن لەم بۆنە نێودەوڵەتییانەدا دەتوانێت بەشدار بێت لە تیشکخستنە سەر کێشەکانی حکومەت و قەیرانەکان، کە هەرێمی کوردستان تووشیان بووە، ئەمەش لە ڕێی گۆڕینەوەی بیروڕا و شارەزایی لەگەڵ بەشداربووانی نێودەوڵەتی لەم ڕووداوانە، کە خۆی لە خۆیدا یارمەتیدەرە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کارا بۆ ئەم کێشانە.

٤-بەدەستهێنانی پاڵپشتی و هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان: دەکرێت بەشداریی حکومەتی هەرێم لەم ڕووداوە نێودەوڵەتییانەدا یارمەتیدەر بێت بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی و یارمەتی.

*** پێشبینییەکان بۆ نەخشەی ئابووریی جیهانی چین بۆ ئەم ساڵانەی دادێن؟**

- هیچ کەس ناتوانێت بە وردی دەرك بە پێشبینییەکانی داهاتووی ئابووری بکات، چونکە ئابووری پشت بە چەندین فاکتەری گۆڕانکار دەبەستێت و زەحمەتە پێشبینی بکرێن، بەڵام هەندێ ئاراستەی گشتی هەن، دەکرێ ئاماژەیان پێ بکەین، لەوانە:

١-بەردەوامبوونی کاریگەریی ئابووریی جیهانی بە پەتای COVID-19، کە چاوەڕوان دەکرێت بەردەوام بێت لە دروستکردنی ئالنگارییە ئابوورییەکان لە ئایندەیەکی نزیکدا.

٢- پێشبینی دەکرێت گەشەی ئابووریی جیهانی بە شێوەیەکی کاتی سست بێت، بە هۆی پەتای COVID-19، بەڵام پێشبینیی ئەوەش دەکرێت لەم ساڵانەی دادێن وردە وردە ئابوورییەکە گەشە بکات.

٣-هەندێ دەوڵەت ڕووبەڕووی ئالنگاریگەلی ئابووری دەبنەوە، لەوانەش ئالنگاریی سستیی گەشەی ئابووری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و شێواویی بازاڕەکانی دارایی.

٤-پێشبینی دەکرێت کەرتی تەکنەلۆژیا و داهێنان لە ئایندەیەکی نزیکدا گەشەیەکی گەورە بەخۆیەوە ببینێت، کە دەبێتە هۆی هێنانەئارای گۆڕانکاریی گەورە لە زۆربەی پیشەسازی و کەرتەکانی ئابووریدا.

ڕەنگە پشێویی دیکە لە بازاڕەکانی جیهانیدا بێتە ئاراوە بە هۆی فاکتەرە جیۆسیاسی و بازرگانییەکان، وەك ململانێی بازرگانی و

ئالنگارییەکانی ئابووریی نێوان دەوڵەتان.

شارەزایان پێشبینی ئەوە دەکەن ئەم گۆڕانکارییە بەردەوام بێت بۆ وەدیهێنانی ئابووریی زیاتری بەردەوام دۆست بە ژینگە، لەگەڵ گرنگیدان بە بەردەوامیی ژینگەیی لە هەموو جیهاندا.

پێویستە وریای ئەم پێشبینییانە بین، کە تەنیا پێشبینین، ناکرێ بە تەواوی پشتیان پێ ببەسترێت، چونکە ئابووری دەکەوێتە ژێر کاریگەریی فاکتەری گۆڕانکار و ئاڵۆز.

*** شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا بووە هۆی هێنانەکایەی ناهاوسەنگی لە ڕووی هەڵکشانی نرخی کەلوپەلی خۆراك و وزە، کاریگەریی نەرێنی بۆ سەر ئابووری بە شێوەیەکی گشتی چییە؟**

- شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کاریگەریی هەبوو لە هێنانە کایەی ناهاوسەنگی لە ڕووی هەڵکشانی نرخی کەلوپەلی خۆراك و وزە، ئەمەش کاریگەریی نەرێنیی هەیە بۆ سەر ئابووری بە شێوەیەکی گشتی، چونکە دەبێتە هۆی زیادکردنی تێچووەکانی کۆمپانیا و تاکەکان، کە دواجار تێچووی بەرهەمهێنان و بەکارخستن زیاد دەکات. لە ماوەیەکی کورتدا بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەلی خۆراك و وزە دەبێتە هۆی زیادبوونی تێکڕایی هەڵاوسان لە ئابووریدا، کە ئەمەش توانای تاك و کۆمپانیاکان لە وەبەرهێنان و خەرجیدا کەم دەکات، کە ڕۆڵی لە سستبوونی گەشەی ئابووری دەبێت. سەرباری ئەمەش بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەلی خۆراك و وزە تێچووی ژیان زیاد دەکات، کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی توانای کڕین لای تاکەکان و کەمکردنەوەی قەبارەی بەکاربردن، کە دواجار قەبارەی بەرهەمهێنان و گەشەی ئابووری کەم دەکات، لەپاڵ ئەمەشدا، بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەلی خۆراك و وزە دەبێتە هۆی زیادبوونی قەرزی دەرەکیی ئەو دەوڵەتانەی کاریگەریی ئەمەیان لەسەرە، هەروەها زیادبوونی تێچووی قەرز و کەمکردنەوەی توانای وەبەرهێنان لە ژێرخان و خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا.

بە شێوەیەکی گشتی، دەکرێ بڵێین: شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و زیادبوونی نرخەکانی کەلوپەلی خۆراك و وزە دەبێتە هۆی سستبوونی گەشەی ئابووری و زیادبوونی هەڵاوسان، کە بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەری دەبێت بۆ سەر کۆمپانیا و دەوڵەتانی کاریگەربوو.

*** ناکۆکییەکی توند لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵدا هەیە لەسەر یاسای نەوت و گاز لە عێراق، بە ڕای ئێوە هیچ دەرچەیەك بۆ ئەم چەقبەستووییە هەیە؟**

- بەڵێ، ئومێد هەیە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ ناکۆکیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ لەسەر یاسای نەوت و گاز لە عێراق، چونکە ئەم ناکۆکییە بە شێوەی نەرێنی کاریگەریی هەیە بۆ سەر بازاڕی وزەی جیهانی و ئابووریی عێراق بەگشتی. دەکرێ بڵێین: چارەسەری ئەم ناکۆکییە لە ڕێی وتووێژ و دیالۆگەوە دەبێت لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان، دەکرێ چارەسەرەکە بریتی بێت لە دابەشکردنی داهاتی دەستکەوتووی هەناردەی نەوت و گاز بە شێوەی دادپەروەرانە لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم چارەسەرە یارمەتیدەر دەبێت بۆ پتەوکردنی متمانەی نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان و چاککردنی پەیوەندیی نێوانیان.

بە ماوەیەکی درێژ، دەکرێ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ ئەم ناکۆکییە یارمەتیدەر بێت بۆ بەهێزکردنی ئابووریی عێراق، تاکو زیاتر سەقامگیر و بەردەوام بێت، ئەمەش یارمەتیی پتەوبوونی متمانەی نێوان وەبەرهێنانی بیانی دەدات، دواجار وەبەرهێنانی دەرەکیی زیاتر بۆ عێراق ڕادەکێشێت، بۆیە گفتوگۆ و وتووێژ بە شێوازێکی کاریگەر دادەنرێت بۆ گەیشتن بە چارەسەری ئەم ناکۆکییە هەستیار و گرنگە .

*** لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە، کێشەی گەنجان و بێکارییە، گرنگترین ڕێگەی پراکتیکی بۆ چارەسەری کێشەکانی گەنجان و زاڵبوون بەسەر کێشەی بێکاریدا چییە؟**

- زۆربەی حکومەتەکانی جیهان بەدەست کێشەی بێکاری و بەتایبەتیش لە نێو توێژی لاواندا دەناڵێنن، ئەم حکومەتانە هەوڵ دەدەن ڕێکاری هەمەجۆر بگرنە بەر بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، لەو ڕێگە پراکتیکییانەی چارەسەری کێشەکانی لاوان و زاڵبوون بەسەر کێشەی بێکاری لە هەرێمی کوردستاندا:

١- چاککردنی کوالێتیی خوێندن: دەکرێ

**پێشبینی دەکرێت کەرتی تەکنەلۆژیا و داهێنان لە ئایندەیەکی نزیکدا گەشەیەکی گەورە بەخۆیەوە ببینێت، کە دەبێتە هۆی هێنانەئارای گۆڕانکاریی گەورە لە زۆربەی پیشەسازی و کەرتەکانی ئابووریدا**

**شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کاریگەریی هەبوو لە هێنانە کایەی ناهاوسەنگی لە ڕووی هەڵکشانی نرخی کەلوپەلی خۆراك و وزە، ئەمەش کاریگەریی نەرێنیی هەیە بۆ سەر ئابووری بە شێوەیەکی گشتی، چونکە دەبێتە هۆی زیادکردنی تێچووەکانی کۆمپانیا و تاکەکان**

کوالیتی خوێندن لە قوتابخانە و زانکۆکان چاک بکرێت و ڕاهێنانی پیشەیی پێشکەش بە قوتابیان و گەنجان بکرێت، بە مەبەستی شیاندنیان بۆ بازاڕەکانی کار و زیادکردنی هەلی کار بۆ ئەو گەنجانە.

٢-هاندانی پێشەنگیی کار: دەکرێ هانی گەنجان بدرێت بۆ دامەزراندنی پرۆژەی تایبەت بە خۆیان لە ڕێی پارەدارکردنیان و پێدانی هاوکاری و پاڵپشتیی تەکنیکییەوە.

٣- دابینکردنی هەلی کار: دەکرێ ئەمە بێتەدی لە ڕێی پاڵپشتیی کەرتە جیاوازەکانی ئابووری و زیادکردنی وەبەرهێنان لە ژێرخان و پەرەپێدانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاریدا.

٤- پەرەپێدانی کارامەییەکان: دەکرێ ڕاهێنان بە گەنجان بکرێت و پەرە بە کارامەییەکانیان بدرێت لە ڕێی بەرنامەگەلی ڕاهێنان و وۆرکشۆپ و کۆنگرەکان و خولەکانی ڕاهێنان.

٥- چاککردنی ژینگەی کار: دەکرێ ژینگەی کار چاک بکرێت و هاندان و دەستکەوتی کۆمەڵایەتی و ماددی بۆ کارکەران دابین بکرێت.

٦-بەهێزکردنی داهێنان و تەکنەلۆژیا: دەکرێ پەرە بە کەرتی تەکنەلۆژیا و گەیاندن بدرێت، بۆ هێنانەکایەی دەرفەتی تازەی کار و فراوانکردنی کەرتە ئابوورییەکان. ئەمانە هەندێ ڕێگەی پراکتیکین کە دەکرێ بگیرێنە بەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی گەنجان و بێکاری لە هەرێمی کوردستاندا، گرنگ ئەوەیە حکومەت کاریان پێ بکات.

*** ئەو ئالنگارییانە چین کە ڕووبەڕووی حکومەتەکان دەبنەوە لە سایەی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیادا؟**

- پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ئالنگاریی زۆر بۆ حکومەتەکان دێنێتە ئاراوە، لەسەر هەر دوو ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا، گرنگترینی ئەو ئالنگارییانەی ڕووبەڕووی حکومەتەکان دەبنەوە لە سایەی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا بریتین لە:

١-دابینکردنی تایبەتمەندی و ئاسایشی سیبرانی: پێویستە حکومەتەکان کاربکەن بۆ دابینکردنی پاراستنی تەواو بۆ زانیارییە هەستیارەکان، بۆ پاراستنی تایبەتمەندییەکانی هاووڵاتیان و نهێنیی داتاکانی حکوومی.

٢-مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان: پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای تازە کاریگەریی هەیە بۆسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان، کە داوا لە حکومەتەکان دەکرێت، سیاسەت و یاساکانیان بگونجێنن بۆ ڕێکردن لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئارادان.

٣- کاریگەری لەسەر بازاڕی کار: پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی گەورە لە بازاڕی کاردا، ئەمەش وا دەکات کە حکومەتەکان ستراتیژگەلی تازە دابنێن بۆ پاڵپشتیکردنی ڕاهێنان و پەرەپێدانی کارامەیی کرێکاران، بۆ وەدیهێنانی ئەوپەڕی سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای تازە.

٤- کاریگەری لەسەر ژینگە: دەکرێ تەکنەلۆژیا هاوکاربێت بۆ دانانی سنوورێك بۆ کاریگەریی چالاکییە ئابوورییەکان لەسەر ژینگە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەکرێ زیانی ژینگەیی لێ بکەوێتەوە، ئەگەر نابەرپرسیارانە بەکار بهێنرێن، دواجار پێویستی بە یاسادانان و سیاسەتی حکوومیی فرەلایەن هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشەیەدا.

٥- ئالنگارییەکانی ئابووری و گەشەپێدان: دەکرێ تەکنەلۆژیا داهێنان و گەشەپێدانی ئابووری بەهێز بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا دەکرێ ببێتە هۆی زیادکردنی جیاوازییە ئابوورییەکانی نێوان دەوڵەتان و توێژە جیاوازەکان.

*** ئەی ئەگەر زانیارییە تەکنەلۆژییەکان لەگەڵ تەکنەلۆژیای بایۆلۆجی تێکەڵ ببن؟**

- تێکەڵبوونی زانیارییە تەکنەلۆژییەکان لەگەڵ تەکنەلۆژیای بایۆلۆجی ئالنگاریی تازەی بەدوادا دێت بۆ حکومەت و کۆمەڵگەکان لە هەموو جیهاندا، ئەم تێکەڵبوونە بریتییە لە بەکارهێنانی تەکنیکی هەستیار لە کۆمپیوتەر و داگرتن و ناردن و شیکردنەوە و بەکارهێنانی پراکتیکیی زانیارییە جینییەکان و داتا هەستیارەکان، لەو ئالنگارییانەی ڕووبەڕووی ئەو تێکەڵبوونە دەبنەوە:

١- ترسی ئاسایش و تایبەتمەندی: دەکرێ بەکارهێنانی داتاکانی جینۆم و زانیارییە هەستیارەکان لە هێرشەکانی سیبرانی و سیخوڕی و ساختەکاریدا بەکار بهێنرێت، کە هەڕەشەیە بۆ

**ئومێد هەیە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ ناکۆکیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ لەسەر یاسای نەوت و گاز لە عێراق، چونکە ئەم ناکۆکییە بە شێوەی نەرێنی کاریگەریی هەیە بۆ سەر بازاڕی وزەی جیهانی و ئابووریی عێراق بەگشتی**

**دەکرێ کوالیتی خوێندن لە قوتابخانە و زانکۆکان چاک بکرێت و ڕاهێنانی پیشەیی پێشکەش بە قوتابیان و گەنجان بکرێت، بە مەبەستی شیاندنیان بۆ بازاڕەکانی کار و زیادکردنی هەلی کار بۆ ئەو گەنجانە**

سەر تایبەتمەندی و سەلامەتیی خودی تاکەکان.

٢- ڕێکخستنی یاسایی و ئەخلاقی: پێویستە ڕێسا و ڕێنمایی دابنرێت بۆ ئەوەی تەکنەلۆژیای هەستیار بخرێتە خزمەتی گشتییەوە لە بوارەکانی توێژینەوەی زانستی و پەرەپێدان، لەگەڵ جەختکردنەوە لە پاراستنی ماف و ئازادییە کەسییەکان.

٣- هاوکاریی نێودەوڵەتی: بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای هەستیار و زانیاری، پێویستی بە هاوکاریی نێودەوڵەتی و ئاڵوگۆڕی زانیاری و زانست هەیە، بۆ وەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکانی وەك قەڵاچۆکردنی نەخۆشی و پاراستنی ژینگە و گەشەپێدانی بەردەوام.

٤- گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان: دەکرێ تەکنەلۆژیای هەستیار و زانیاری ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە ئابووری و کار و خوێندن و کەلتوور و خۆشگوزەرانی و حوکمڕانیدا، ئەوەش پێویستی بە کارامەیی تازە و گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانی حکوومی و خوێندندا هەیە.

*** بیروبۆچوونت لەسەر گۆڕانکارییەکانی دە ساڵی داهاتوو چییە؟**

- لەبەر ئەوەی نموونەیەکی تازەی زیرەکیی دەستکردم و ناتوانم پێشبینیی ئایندە بکەم، بۆیە ناتوانم پێشبینیی ورد بدەم تایبەت بە گۆڕانکارییەکانی دە ساڵی داهاتوو، لەگەڵ ئەوەشدا، پێشبینی دەکرێت تەکنیکییەکانی ئێستا بە خێرایی پەرە بستێنن، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی ریشەیی لە چۆنێتیی کارلێکی نێوان تاکەکان لەگەڵ دامەزراوە و حکومەتەکاندا، هەروەها ئەگەری هەیە ئابووری و سیاسەتەکان بکەونە ژێر کاریگەریی ئەم گۆڕانکارییە خێرایانەی تەکنەلۆژیا، بە شێوەیەکی گشتی، گۆڕانکارییەکان لەم بوارەدا بەردەوام دەبن، لەوانە ژینگە و ئابووری و سیاسەت و کەلتوور، بۆیە دەبێت هەموو لایەك ڕووبەڕووی ئەو ئالنگارییانە ببنەوە و خۆیانی لەگەڵ بگونجێنن.

*** ڕات لەسەر بەرەنگاربوونەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی تەکنەلۆژیا چییە؟**

- بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ئالنگارییانەی لە پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا دێنە ئاراوە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ستراتیژیەتێکی سەرتاسەری لە چەند ڕوویەکەوە بگرێتەبەر:

١- وەرچەرخانی دیجیتاڵی: پێویستە سوودی تەواو لە تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی و زیرەکیی دەستکرد و گەنجینەی ئەو سیرڤەرانە وەربگرن کە بە ئەنتەرنێتەوە گرێ دراون، کە هاوشێوەی گۆڕینە بۆ حکومەتی دیجیتاڵی کە بە هۆیەوە دەتوانێت خزمەتگوزارییە حکوومییەکان چاك بکات و، ڕێکارە کارگێڕییەکان ئاسان بکات و، شەفافییەت و لێپرسینەوە چاك بکات.

٢- پەرەپێدانی کارامەیی کارمەندان: پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بکات بۆ پەرەپێدانی کارامەیی کارمەندان و دابینکردنی ڕاهێنانی بەردەوام و خوێندن بۆ دەستەبەری سازانی کارامەییەکان لەگەڵ پێویستییە تازەکانی وەزیفەکانی ئایندە.

٣- هاندانی وەبەرهێنان لە داهێنان و توێژینەوە و پەرەپێدان: پێویستە حکومەت هانی وەبەرهێنان بدات لە داهێنان و پەرەپێدان و توێژینەوەدا بۆ هاندانی داهێنان و پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای خۆجێیی و وەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام.

٤-کاری بەکۆمەڵ: پێویستە حکومەت هاوکاریی کەرتی تایبەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و حکومەتەکانی دیکە بکات، بۆ وەدیهێنانی پێشکەوتنی بەردەوام و زاڵبوون بەسەر ئالنگارییە هاوبەشەکان.

٥-هاندانی بەکارهێنانی سەلامەت و بەرپرس بۆ تەکنەلۆژیا.

*** دوا وتەت چییە؟**

- حەزدەکەم هانت بدەم لەسەر فێربوون و دۆزینەوە، جیهان پڕیەتی لە دەرفەت و ئالنگاری و سەرکێشی، هەروەها من هانت دەدەم بە دوای ڕاستیدا بگەڕێیت و هانی دیالۆگی کراوە و ڕێزگرتن لە بیروبۆچوون کەلتووری جیاواز بدەیت، دواجار دەمەوێت سوپاست بکەم بۆ دەرفەتی قسەکردن لەگەڵ مندا، هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم لە ژیان و ڕێڕەوی ئایندەتدا.

زۆر سوپاس بۆ پرسیارە بەهادار و ورووژێنەرە گرنگەکان، دوودڵ مەبە لەوەی جارێکی دیکە و لە هەر کاتێکدا پرسیار بکەیتەوە. هەمیشە ڕژد بە بۆ دابینکردنی هاوکاری و پاڵپشتی.

**پێویستە حکومەتەکان کاربکەن بۆ دابینکردنی پاراستنی تەواو بۆ زانیارییە هەستیارەکان، بۆ پاراستنی تایبەتمەندییەکانی هاووڵاتیان و نهێنیی داتاکانی حکوومی**

**پێویستە ڕێسا و ڕێنمایی دابنرێت بۆ ئەوەی تەکنەلۆژیای هەستیار بخرێتە خزمەتی گشتییەوە لە بوارەکانی توێژینەوەی زانستی و پەرەپێدان، لەگەڵ جەختکردنەوە لە پاراستنی ماف و ئازادییە کەسییەکان**

دیمانەی تایبەت



پڕۆفیسۆر مارک کاتز بۆ گوڵان:

# هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نایانەوێت ڕووسیا شەڕەکە بدۆڕێنێت

**مارك كاتز، پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانكۆی جۆرج مەیسۆن، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێكی گرنگە، وەك سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان، سیاسەتی ئەمنی، كاروبارەكانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، پێشتریش لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا شرۆڤەكاری كاروباری یەكێتیی سۆڤیەت بووە. گوڵان دیمانەیەكی لەگەڵدا ئەنجام دا، بە مەبەستی تاوتوێكردنی پرسی شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا و ئاكام و دەرهاویشتەكانی ئەم شەڕە، بەتایبەتی ڕەنگدانەوە و كاریگەرییەكانی لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی هاوكاریی سەربازیی نێوان ئێران و ڕووسیا و چەند بابەتێكی دیكەی پەیوەندیدار.**

*** ئاشكرایە كە شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا تەنیا ڕەهەندی سەربازیی لەخۆ نەگرتووە، چونكە هەروەك چۆن وڵاتانی ڕۆژئاوا بە سەركردایەتیی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا چەندین سزای ئابووری و داراییان بەسەر ڕووسیادا سەپاندووە، ئەوا لە بەرانبەردا ڕووسیا وزەی كردووەتە چەكێك لەم شەڕەدا، بەتایبەتی دژی ئەورووپا، ئێوە چۆن ئەم پرسە هەڵدەسەنگێنن؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین كە تا ئەو كاتەی كە سەرۆك ڤلادمیر پوتین لە دەسەڵاتدا بێت و حوكمڕانی ئەو وڵاتە بێت، ئەوا ئەگەرێكی واقیعبینانە و ڕاستەقینە لە ئارادا نابێت كە دووبارە پەیوەندییەكانی نێوان ڕووسیا و ڕۆژئاوا بگەڕێنە دۆخی پێشوو، واتە بۆ ئەوەی ئەمە ڕوو بدات، ئەوا دەبێت دەسەڵات و حوكمڕانییەكی نوێ لە ڕووسیادا جڵەو بگرێتە دەست. ئەوەی پەیوەندی بە سەپاندنی سزا ئابووری و داراییەكانەوە هەبێت بەسەر ڕووسیادا لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە، ئەوا دەكرێت بڵێین ڕاستە ئەمانە سزای بەربڵاو و فرەلایەنەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین كە هێشتا سەرۆك ڤلادمیر پوتین لە دەسەڵاتدایە و بگرە سەرباری هەموو ئەو سزا و ڕێكارانەش، ڕووسیا توانیویەتی داهاتێكی باش بەدەست بهێنێت، لەوەش زیاتر، دەكرێت ئاماژە بەوە بكەین كە تەنانەت لە ئێستاشدا زۆرێك لە وڵاتانی ئاسیا و هەروەها ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خوازیار و ئامادەی ئەوەن كە بزنێس و بازرگانی لەگەڵ ڕووسیادا بكەن، بەڵام لەلایەكی دیكەوە و سەرباری ئەوەش ئاماژەمان پێ كردن، ئەوا پێم وایە تاوەكو ئەم شەڕە و ئەم سەپاندنی سزایانە دژی ڕووسیا بەردەوام بن، ئەوا ڕووسیا زیاتر دەكەوێتە ژێر



**تا ئەو کاتەی کە سەرۆک ڤلادمیر پوتین لە دەسەڵاتدا بێت و حوکمڕانی ئەو وڵاتە بێت، ئەوا ئەگەرێکی واقیعبینانە و ڕاستەقینە لە ئارادا نابێت کە دووبارە پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و ڕۆژئاوا بگەڕێنە دۆخی پێشوو**

**تاوەکو ئەم شەڕە و ئەم سەپاندنی سزایانە دژی ڕووسیا بەردەوام بن، ئەوا ڕووسیا زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی وڵاتی چینەوە**

کاریگەریی وڵاتی چینەوە، چونکە تەنانەت ئەگەر شەڕەکەش کۆتایی پێ بێت، ئەوا ئەگەری ئەوە نییە وڵاتانی ڕۆژئاوا بەو ئاسانییە وەبەرهێنان و پەیوەندییە بازرگانییەکانیان لەگەڵ ڕووسیادا دەست پێ بکەنەوە، ئەویش بە هۆی ئەو بێمتمانەیی و بەدگومانییەی بۆیان دروست بووە لە ئاست ڕووسیادا.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە هێشتا چەند وڵاتێکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مامەڵە و پەیوەندیی بارزرگانی و بزنێسیان لەگەڵ ڕووسیادا هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە کاریگەریی ئەم شەڕە دەڕوانن لەسەر ئەم ناوچەیە، بەتایبەتی کە ئاشکرایە ئەم ناوچەیەش خۆی بەدەست چەندین کێشە و تەنگژەوە دەناڵێنێت؟**

- ئەوە ڕاستە، کە ئەمە ناوچەیەکی ئاڵۆز و پڕ لە کێشە و قەیرانە، لە ڕاستیدا کاتێك من باسی ئەوە دەکەم کە وڵاتانی ئەم ناوچەیە خواست و ئامادەیی ئەوەیان تێدایە کە بەردەوامی بدەن بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕووسیا، یان کاتێك باسی بوونی پەیوەندییان دەکەم، ئەوا مەبەستەکە ئەوە نییە کە ئەم وڵاتانە زۆر بایەخ بە شەڕی ئۆکرانیا دەدەن، چونکە ڕوونە ئەم وڵاتانە سەرقاڵن بە شەڕ و تەنگژەکانی خۆیانەوە و ناتوانن و ناپەرژێنەسەر ئەوەی سەرقاڵ بن بە شەڕێکی دیکەوە. هەر چۆنێك بێت، دەبێت باس لەوەش بکەین کە زۆرێك لەم وڵاتانە ئەگەرچی هاوڕا نین لەگەڵ ئەوەی ڕووسیا لە ئۆکرانیا ئەنجامی دەدات، بەڵام هەمان ئەم وڵاتانە خوازیاری ئەوە نین ڕووسیا دۆڕاوی شەڕەکە بێت و تێك بشکێت. ئەمەش لەم ڕوانگەیەوە هاتووە کە ئەم وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەیانەوێت دوو هێز هەبن لە ناوچەکەدا کە پارسەنگی یەکتری ڕابگرن و بەرەنگاری یەکتر ببنەوە، لەبری ئەوەی گۆڕەپانەکە بە تەنیا ببێتە مەیدانی تاکە هێزێکی باڵادەست.

*** مەبەستتان ئەوەیە کە ئەم وڵاتانە پێیان وایە بوونی تاکە هێزێکی باڵادەست لە ناوچەکەدا بە زیانی ئەوان دەشکێتەوە و، ئەگەر دوو هێزی ڕکابەر و بەرەنگاری یەکدی هەبن، ئەوا جۆرێك لە هاوسەنگی دروست دەبێت؟**

- ئەمە ڕاستە، چونکە ئەم وڵاتانە نایانەوێت ڕۆژگارێکی دیکەی هاوشێوەی سەردەمی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد هەبێت، کە تێیدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تاکە هێزێکی باڵادەست بوو لە جیهاندا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەمریکا خوازیاری هەرچییەك بێت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەنجامی بدات، لە نێویاندا شەڕ و داگیرکاریی عێراق. کەواتە زۆرێك لە وڵاتانی ئەم ناوچەیە دەیانەوێت بواری مانۆڕکردنیان هەبێت لە نێوان هێزە مەزنەکاندا، هەروەها بینیمان کە وڵاتی عەرەبستانی سعودیە هەماهەنگیی لەگەڵ ڕووسیادا کرد بۆ ئەوەی لە ڕێی ئۆپێکەوە کار لەسەر پرسی نرخی نەوت بکەن لە جیهاندا، ئەوە بوو کە هاوکاریی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدنیان نەکرد و، نەوتێکی زیاتریان نەخستە بازاڕەکانی جیهانەوە بۆ



ئەوەی نرخەکە دابەزێت، کە بە ڕاستی ئەمە مایەی شۆك و تاسان بوو لە واشنتۆن، چونکە چاوەڕێی هەڵوێستێکی لەم چەشنەیان نەدەکرد لە هاوپەیمانێکیان، کە کارێکی زۆریان کردبوو بۆ پاراستنی لە بەرانبەر ئێران و پێشتریش لە بەرانبەر عێراق بە سەرۆکایەتیی سەددام حوسێن (هەرچەندە ڕەنگە ئەمەیان ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا بێت و لاوان بە بیریان نەیێت). کەواتە ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەینەوە، ئەوا بەڵێ، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خوازیاری ئەوەیە چەند هێزێکی دەرەکیی دەستڕۆیشتوو و کاریگەر لەم ناوچەیەدا هەبن.

*** وەك بەشێك لە ڕەنگدانەوەی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوەی مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە بریتییە لە هاوکاریی سەربازیی نێوان ئێران و ڕووسیا، ئایا ئەمە تەنیا هەماهەنگی و هاوکارییەکی کاتییە، یان هاوپەیمانێتییەکی درێژخایەن؟**

- ئەوە ڕاستە کە ئەمە پەرەسەندنێکی بەرچاو بوو و مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، چونکە دەکرا لەم ڕووەوە ئێران هەمان هەڵوێست و هەڵسوکەوتی وڵاتی چینی بگرتایەتەبەر لەبەرانبەر ڕووسیا و لە ئاست شەڕەکەدا، واتە دەکرا ئێران جۆرێك لە دوورەپەرێزیی هەڵبژاردایە و خۆی بە دوور بگرتایە، لەبری ئەوەی هاوکاریی سەربازی بۆ ڕووسیا دەستەبەر بکردایە، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوە بوو هاوکارییەکی زۆریان پێشکەشی ڕووسیا کرد، ئەمەش بووەتە هۆی قووڵبوونەوەی بارگرژییەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوا، چونکە لە سەرەتادا تێڕوانین و ئاراستەکەیەك لە نێو وڵاتانی ڕۆژئاوادا لە ئارادا بوو، ئەویش بەو شێوەیە بوو کە ئەگەر بڕیار بێت نەوت لە ڕووسیاوە نەکڕن و هاوردەی نەکەن، ئەوا با نەوتی ئێران بکڕن، ئەو کاتەش نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا جێگیر دەبێت و هێندە هەڵناکشێت، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا. کەواتە لە دەرئەنجامدا ئێستا ئەم وڵاتانە بە هەمان شێوە لە ئێران و ڕووسیا دەڕوانن، واتە لێکیان جیا ناکەنەوە. لەم ڕووەوە پێم وایە ئێران زۆر خۆی بە ڕووسیاوە گرێ داوە، کە بە تێڕوانینی من ناچار نەبوو ئەم ڕێڕەوە بگرێتەبەر و بەم ئاراستەیەدا هەنگاو هەڵبگرێت.

*** کەواتە بەهۆی ئەوەی هەردوو وڵاتی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەتوانن چەك بەدەست بهێنن، ئەوا پاڵنەر و هۆکاری ئەوەیان هەیە کە درێژە بە شەڕەکە بدەن، لە بری ئەوەی ناچار بن بۆ کۆتاییهێنان و یەکلاکردنەوەی شەڕەکە بیر لە گرتنەبەری ڕێگەچارەیەکی دیکە بکەنەوە؟**

- بە تێڕوانینی من ئەمە هۆکارێکە، واتە لەبەر ئەوەی هەردوولا دەتوانن پێداویستی و کەرەستەی سەربازی و چەك بەدەست بهێنن، بۆ ئەوەی درێژە بە شەڕەکەیان بدەن، هەر ئەمەش وامان لێ دەکات کە پێشبینیی درێژەکێشانی شەڕەکە بکەین، بەتایبەتی ئەگەر لە ئاسۆدا ئەگەری ئەوە لە ئارادا نەبێت کە لایەکیان ڕووبەڕووی شکستێك و دۆڕانێکی گەورەی سەربازی ببنەوە.

**ئەگەر شەڕەکەش کۆتایی پێ بێت، ئەوا ئەگەری ئەوە نییە وڵاتانی ڕۆژئاوا بەو ئاسانییە وەبەرهێنان و پەیوەندییە بازرگانییەکانیان لەگەڵ ڕووسیادا دەست پێ بکەنەوە**

**ئێران زۆر خۆی بە ڕووسیاوە گرێ داوە، کە بە تێڕوانینی من ناچار نەبوو ئەم ڕێڕەوە بگرێتەبەر و بەم ئاراستەیەدا هەنگاو هەڵبگرێت**

# ئاماژەکانی قورئان بۆ ڕۆڵی ئینسان لە پاراستنی ژینگە و ژیان

لە دواهەفتەی مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٠٤ کە ئەو کات وەزیری ژینگەی عێراق بووم، هاوڕێ لەگەڵ وەزیرانی ژینگەی وڵاتانی عەرەب بەشدار بووم لە سیمیناری ژاپۆنی -عەرەبیی وەزیرانی ژینگە لە تۆکیۆی پایتەخت.

لەو دیدار و کۆبوونەوانەی کە بۆم ڕێك خرا لەگەڵ هەر یەك لە بەڕێزان:

خاتوو یۆریکۆ کۆیکە وەزیری ژینگەی ژاپۆن.

خاتوو یۆریکۆ کاواگۆچی وەزیری دەرەوەی ژاپۆن.

کۆیچی ئۆباتا باڵیۆزی ژاپۆن لە شانشینی ئوردن.

ماسا میتسۆ ئۆکی باڵیۆزی ژاپۆن لە عێراق.

سوچی کاتۆ بریکاری وەزیری ژینگەی ژاپۆن.

ساتۆشی تاناکا بەڕێوەبەری نووسینگەی هاوکاریی ژینگەیی لە وەزارەتی ژینگەی ژاپۆن.

ئیشینۆ کۆیا بەڕێوەبەری نووسینگەی نێودەوڵەتیی ژینگەیی لە وەزارەتی ژینگەی ژاپۆن.

موخلیس عەلی ڕەجەب: کارمەند لە باڵیۆزخانەی عێراق لە ژاپۆن.

ئەم بەڕێزانە جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەزموونی ژاپۆن ئەم سیفاتانەی هەیە:

یەکەم: ئەوان دەڵێن بۆ پێشکەوتن ڕێگەیەکی دیکە هەیە، جیا لە ڕێگەی ڕۆژئاوا.

دووەم: دەبێت پێشکەوتنی ماددی هاوشانی پارێزگاریکردن لە داب و نەریتی خۆماڵی بێت.

سێیەم: پاراستنی زمان و ڕێنووسی نەتەوەیی کە زیاتر لە (٣٠٠٠) پیت و وێنە و ڕەمزە.

چوارەم: توندوتۆڵیی کۆمەڵایەتی و تاك لە خزمەتی کۆمەڵگەدا.

پێنجەم: ئەوپەڕی پێشکەوتن بۆ ئافرەت لەگەڵ بەختەوەریی خێزان و بایەخدان بە منداڵ.

شەشەم: ئایین لای ئەوان ڕەوشت و ڕاستگۆیی ڕاپەڕاندنی کارە.

ئەم خاڵەی دوایی زۆر بە جوانی لە گشت بوارەکانی ژیانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەت لە بواری پاراستن و چاککردنی ژینگەدا.

بۆیە بە باشم زانی کە تیشکێك بخەمە سەر پاراستن و چاککردنی ژینگە لە ڕوانگەیەکی ئایینییەوە، بە ئومێدی ئەوەی کە ئایین لای ئێمەش ڕەوشت و ڕاستگۆیی ڕاپەڕاندنی کار بێت.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵانی نووسیوە

سێ بنەمای سەرەکی هەن، کە قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ کردوون وەك ڕێنماییەك بۆ مرۆڤەکان، بە مەبەستی مامەڵەکردنێکی تەندروستانە لەگەڵ ژیان بەگشتی و ژینگە بەتایبەتی، کە ئەوانیش بریتین لە:

**١. جێنشینی:**

خودای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت (وإذ قال ربِك للملائكة إني جاعل في الأرض خليفة) البقرة: ٣٠، بە واتای ئەوەی کە مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکە لە سەر زەویدا، زەویش تا ئێستا تەنیا لانکە و ماڵی مرۆڤەکانە بۆ ژیان، بۆیە دەبێت هەموو مرۆڤێك لەو ڕاستییە بگات، کە جگە لەو، کەسی دیکە نییە کارەکانی ئەو بکات، بۆیە نابێت کەمتەرخەم و خەمسارد و ناکارا بێت لە ئاست ماڵەکەیدا، کە گۆی زەوییە.

**٢. خستنەبەردەست:**

خودای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت (وسخر لكم ما في السموات وما في الأرض) الجاثية: ١٣، خودا بە حیکمەتی خۆی ئەم بوونەوەرەی وەك سپاردە و ئەمانەتێك خستووەتە بەردەستی مرۆڤەکان، بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرن، دواتریش بە جوانی و پاکیی خۆیەوە ڕادەستی نەوەکانی دوای خۆیانی بکەن، چونکە بوونەوەر موڵکی گشت نەوەکانە، نەك نەوەیەك، لێرەوە مرۆڤی چاك ئەو کەسەیە کە ئەم ئەمانەتە بپارێزێت و پاك ڕایبگرێت و ڕادەستی بکات، مرۆڤی خراپیش ئەوانەن کە بوونەوەر تێك دەدەن و پیسی دەکەن و بە شێوێندراوی ڕادەستی نەوەی دوای خۆیانی دەکەن.

**٣. ئاوەدانکردنەوە:**

خودای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت :(هو أنشأكم من الأرض واستعمركم فيها) هود: ٦١، ئاوەدانکردنەوەی زەوی بۆ ئامادەکردنیەتی بۆ عیبادەت، بە مانا فراوانەکەی و جێبەجێکردنی ڕێنمایی و فەرمانەکانی خودا، ئاوەدانکردنەوەش داوای خودایە لە هەموو مرۆڤەکان و، هەموو پێغەمبەرانیش (درودی خودایان لەسەر) ئەم ئەرکەیان بیری مرۆڤ خستووەتەوە، بۆیە ئیمامی (قورتوبی) لە بەرگی (٣)ی (احكام القران)دا دەڵێت: (ئیستعمار داوایە لە مرۆڤ بۆ ئیعمار، داواش ئەگەر لە خوداوە بوو، دەبێتە واجیب).

هەروەها ئیمامی (ماوەردی)یش دەڵێت: (ئاوەدانکردنەوە و فراوانکردن بە هاوکاری و شەراکەت و هاوبەشی، ئاشتی و هەرزانی و خۆشی بۆ هەمووان دەستەبەر دەکات).



## ئاشنا بابان:

# کەمتەرخەمی کراوە لە بینینی ڕۆڵی کارای ئافرەتان لە کاری دیپلۆماسی و تواناکانیان پشتگوێ خراون

ئاشنا بابان مامۆستای زانستە سیاسییەکانە و لە زانکۆکانی جیهان و هەولێری نێودەوڵەتی و زانکۆی نۆلج وانەی گوتووتەوە، پسپۆڕی گشتییە لە سیستەمی سیاسی و یاسایی دەستووری، هەروەها پسپۆڕە لە چارەسەری کێشە ناوخۆییەکان. لەم دیمانەیەدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، باس لە گرنگیی بەشداریی خانمان لە بڕیاری سیاسی دەکات، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە ئافرەت بە سرووشتی خۆڕسکی خۆی بوونەوەرێکی دیپلۆماسییە و بەشداریی ئافرەت هاوسەنگی و کارایی زیاتر بە پەیوەندییە سیاسییەکان دەبەخشێت.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

*** بەشداریی ئافرەت لە نێو گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە شانازی بکەین بەوەی کە خانمی سیاسەتمەدارمان هەیە؟**

- بەشداریی ئافرەتانی هەرێمی کوردستان لە بواری سیاسیدا لە ئاستێکدایە کە ناتوانین بڵێین خراپە، بەڵام هێشتا بە پێی داواکاری و خواستی ئێمەی ئافرەتان نییە، واتە ئەو ڕێژەی هاوبەشیی ئافرەتان لە بواری سیاسیدا، هێشتا بەو ڕاددەیە نییە کە بتوانێت تەعبیر لە خواستی هاوبەشی و بەشداریی سیاسیی ئافرەتان لەم سەردەمە بکات، ئافرەتی سیاسەتمەدار وەك کەسانی ئەکادیمی و سیاسی هەن، بەڵام ئافرەتان ژمارەیان زۆر کەمە وەك سیاسەتمەدار لە کایە سیاسی و گشتییەکان بەشدار بن، ئەوانەشی بەشدارن، زۆربەیان لەسەر بنەمای حزبایەتییە، تەنانەت هەتا ئێستا نەك ئافرەتان، زۆربەی پیاوەکانیش لەسەر بنەمای خزمایەتی و حزبایەتی و واستە، لە کایەی سیاسەت بەشدارن، نەك لەسەر بنەمای توانا و لێهاتوویی و شارەزایی، ئەوانەیان کە شایانی دروستکردنی بڕیاری سیاسین، ڕەنگە بە پەنجەی دەست بژمێردرێن.

کەمبوونی ڕێژەی خانمان لە ناوەندە سیاسییەکان، بۆ کەمتەرخەمیی ئافرەتان ناگەڕێتەوە، بەڵکو بوارنەدانە و ڕێگەپێدراو نییە، جا بە هەر هۆکارێك بێت، (کۆمەڵایەتی، کەلتوور و دابونەریت و پەروەردەی خێزانی و.. هتد)، بۆیە دەکرێت بڵێین: زۆر گەشبین نین لەوەی کە بەشداریکردنی ئافرەتان لەو ئاستەدایە کە بە خواستی ئیمەی ئافرەتان بێت، پێویستە زیاتر بوار بدرێت و بەشداریی ئافرەتان لە سیاسەت و لە ناو حزب و ڕێکخراو و کایە گشتییەکان فراوانتر بکرێت.

*** هەمیشە باس لە گرنگیی بەشدارپێکردنی ئافرەتان لە وەفدە سیاسییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و عێراق و دەرەوە دەکرێت، بەڵام ئەو گرنگییە فەرامۆش کراوە، ئایا هۆکار چییە؟ ئایا بەشدارپێکردنی ئافرەت لەم بابەتە تاچەند بە پێویست دەزانن؟**

- هۆکارەکەی بۆ کۆمەڵێك فاکتەر دەگەڕێتەوە، لەوانە: نوێگەریی ئەزموونی سیاسەتی دەرەکی و کاری دیپلۆماسی، هەروەها نەبوونی ئەزموون و دامەزراوەی جێگیر، ئافرەت کوردمان هەیە کە بە کردەوە دەتوانێت کاری سیاسەتی دەرەکی بکات، بەڵام بەشدارنەکردنی لە کاری دیپلۆماسی بۆ قۆرخکردنی ئەو بوارە لە لایەن پیاوانی حزبەوە دەگەڕێتەوە، کە زیاتر بە پیاوان و کەسە نزیکەکانی خۆیانی دەسپێرن. واتە کەمتەرخەمی کراوە لە بینینی ڕۆڵی کارای ئافرەتان لە کاری دیپلۆماسی و تواناکانیان پشتگوێ خراون.

بێگومان بەشداریکردنی ئافرەتان لە هەموو کایە و پۆست و دامودەزگاکان گرنگی و بەهای خۆی هەیە، بەتایبەتی ئافرەت بە سرووشتی خۆڕسکی خۆی بوونەوەرێکی دیپلۆماسییە و بەشداریی ئافرەت هاوسەنگی و کارایی زیاتر بە پەیوەندییە سیاسییەکان دەبەخشێت، ئەگەر بە فیعلی بواری پێ بدرێت، نەك بە ڕووکەش و شکڵی بێت، جگە لەوەش کە سەیری ڕێژەی هاوبەشیی ئافرەتان لە کاری سیاسیدا دەکرێت، ئاستی پێشکەوتن و ڕووناکبیریی کۆمەڵگە دەردەکەوێت. بۆیە زۆر گرنگ و پێویستە کە ئافرەت لە گفتوگۆ و دانوستاندنەکان ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت.

*** ئایا بەشداریکردنی ئافرەت لە پرۆسەی سیاسیی وڵات، تا چەند گرێ کوێرەکانی پرسی کۆمەڵایەتیی خودی ئافرەت چارەسەر دەکات؟**

- بەشداریکردنی ئافرەت لە پرۆسەی سیاسیی وڵات، لە ئاستێکی زۆر کەم توانیویەتی کێشەکانی کۆمەڵایەتیی خودی ئافرەت چارەسەر بکات، چونکە کۆمەڵگەی کوردی هێشتا بڕوای بە توانستی ئافرت نییە و ڕووناکبیریی تاك و گشتی لە ئاستی پێوست نین، هەر بۆیە زۆر کەمتەرخەمی کراوە لەمەر ئەو پرسە و پێوستە بە هەند وەربگیردرێت. ئەو کارە پێویستی بە وشیارکردنەوەی خودی ئافرەتان هەیە و دەبێت حزب و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان کاری جددی و زیاتری لەسەر بکەن، بە هاندان و کردنەوەی خولی ڕۆشنبیری بۆ کاراکردن و باشترکردنی پرسی ئافرەتان و هاتنەدی هاوسەنگیی ڕاستەقینە لە نێوان ئافرەتان و پیاوان لە پێناو چارەسەرکردن و باشترکردنی ئەو پرسە و هاوبەشیی ئافرەتان لە هەموو کایەکاندا.

*** لە پێناو بەشدارپێکردنی خانمان لە پرۆسەی سیاسیی هەریمی کوردستان، پێویستە چی بکرێت؟**

- لە پیناو بەشداریکردنی فیعلی ئافرەتان و کاراکردنی توانستەکانیان پێویستە:

١- متمانەی تەواو دروست بکرێت لەلایەن خودی خۆیانەوە، بەوەی کە ئافرەتان بەشێکی گرنگن لە کۆمەڵگە و هیچ کۆمەڵگەیەك بە بێ هاوبەشیی ئافرەت ناتوانێت کۆمەڵگەیەکی تەندروست و سەرکەوتووی تۆکمە و بەهێز بێت.

٢- پێویستە هەوڵ بدرێت ڕۆشنبیریی گشتی و هزری و سیاسی بۆ ئافرەتان فەراهەم بکرێت، چ لە لایەن حزب و حکومەت و دەزگاکان بێت، یان لە ڕێگەی ڕێکخراوە مەدەنی و ناحکوومییەکان، هەروەها ئافرەتان خۆیان دەبێت هەوڵی بەردەوام بدەن بۆ ڕۆشنفکری و کرانەوەی هزری خۆیان لە ڕێگەی خۆپێگەیاندن و خوێندنەوەی بەردەوامەوە.

٣- کۆمەڵگە بە جۆرێك ببێت کە مافەکانی ئافرەتان بە یاسا دابین کرابێت و پێشێلکردنی یاسا، لێپێچینەوەی بۆ بکرێت و خەمساردی و کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی یاسا نەکرێت.

٤- هاوبەشیی ئافرەتان لەسەر بنەمای توانست و کارامەیی و لێهاتوویی خودی ئافرەتەکان بێت، نەك تەنیا پاساو بێت بۆ بەشداریکرن. بەڵکو ئافرەتان بە لێهاتوویی و پشتبەستن بە تواناکانیان بە کردەیی هاوبەشی بکەن و بتوانن سەرۆك حزب بن و کۆمەڵگە بەڕێوە ببەن و، پلانیان بۆ ڕێکخستن و ستراتیژیی سیاسی و پلانسازی سیاسی و دارشتنی داهاتووی گەش هەبێت.

**ئەو ڕێژەی هاوبەشیی ئافرەتان لە بواری سیاسیدا، هێشتا بەو ڕاددەیە نییە کە بتوانێت تەعبیر لە خواستی هاوبەشی و بەشداریی سیاسیی ئافرەتان لەم سەردەمە بکات**

**ئافرەتان ژمارەیان زۆر کەمە وەك سیاسەتمەدار لە کایە سیاسی و گشتییەکان بەشدار بن، ئەوانەشی بەشدارن، زۆربەیان لەسەر بنەمای حزبایەتییە**

**پێویستە زیاتر بوار بدرێت و بەشداریی ئافرەتان لە سیاسەت و لە ناو حزب و ڕێکخراو و کایە گشتییەکان فراوانتر بکرێت**

**بەشداریکردنی ئافرەت لە پرۆسەی سیاسیی وڵات، لە ئاستێکی زۆر کەم توانیویەتی کێشەکانی کۆمەڵایەتیی خودی ئافرەت چارەسەر بکات**

# هۆکار و چارەسەری گزیکردن لە ناوەندەکانی خوێندن



تا ئێستاش «قۆپییە»، یا گزیکردن لە ناوەندەکانی خوێندن تەنانەت لە زانکۆ و پەیمانگەکانیش بەدی دەکرێن. بە بۆچوونی پەروەردەکاران گزیکردن فاکتەر و هۆکاری زۆری هەیە و، ڕایان وایە دیاردەی گزیکردن بە یەکێك لەو گرفتە هەرە قورسانە دادەنرێت کە بەرۆکی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەگرێت، مامۆستایەکی زانکۆش جەخت لەوەدەکاتەوە کە جێبەجێنەکردنی سزاکان وەك خۆی و پاڵپشتینەکردنی بەرپرسە گەورەکانی ناوەندەکانی خوێندن لە مامۆستایان و ستافی ئەکادیمی لە کاتی گرتنی گزییەکان، هۆکاری سەرەکیی زۆربوونی گزییە لە ناوەندەکانی خوێندن. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر تاوتوێی ئەم پرسە دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



**گزیکردن کارێکی نائاسایی و لادەر و ڕەفتارێکی نادروستە بە مەبەستی شێواندنی واقیع ئەنجام دەدرێت**

**بایەخێکی زیاد لە پێویست بە تاقیکردنەوەکان دراوە، بە جۆرێک قورس و گەورە کراوە لەلای قوتابی، کە لەگەڵ بیستنی ناوەکەی» یان نزیکبوونەوەی کاتەکەی بە شێوەیەک لە شێوەکان قوتابیان و تووشی شڵەژانی دەروونی دەبن**

**زۆریی ژمارەی قوتابیان و کەمیی چاودێران لە هۆڵی تاقیکردنەوەکاندا، ئەویش لەو هۆکارانەیە کە ئاسانکاری بۆ گزیکردنی قوتابی دەکات**

«کوڕەکەم لە قۆناغی بنەڕەتییە و ماوەیەك پێش ئێستا یەکێك لە هاوڕێکانی هانی ئەوەی دابوو کە لە تاقیکردنەوە قۆپیە بکەن، بەڵام بە هۆی ناشارەزایی کوڕەکەم قۆپیەکەی لەلایەن مامۆستاکەی لێ دەگیرێت، مامۆستاکە بە بێدەنگی کاغەزەکەی لێ وەردەگرێت و بەڵێنی ئەوەی لێ وەردەگرێت کە دووبارەی نەکاتەوە، بەڵام من وەکو دایکێك تا ئێستا لە کوڕەکەی خۆم نەبووراوم». ئەمە قسەی سەروین جەودەتی تەمەن ٣٨ ساڵ بوو. لە درێژەی قسەکانیدا زیاتر گوتی: «پێویستە بەرپرسانی پەروەردە بڕیار بدەن، بە ڕەچاوکردنی لایەنی دەروونیی قوتابی ڕێوشوێنی توند بگیرێتەبەر، بۆ ئەوەی هەم قوتابی زیاتر خۆی ماندوو بکات، هەمیش نەکەوێتە ژێر کاریگەریی هاوڕێی خراپ. هەر کەسێك ئەمڕۆ هاوڕێی خۆی فێری قۆپیەکردن بکات، سبەی فێری تلیاك و حەشیشەشی دەکات».

کامەران ئەبابەکر خۆشناو مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە، سەبارەت بە هەمان پرس ئاماژە بەوە دەکات کە «گزیکردن کارێکی نائاسایی و لادەر و ڕەفتارێکی نادروستە بە مەبەستی شێواندنی واقیع ئەنجام دەدرێت، واتە بە مەبەستی بەدەستهێنانی دەستکەوتێکە، مخابن گزیکردن ئەمڕۆ وەك دیاردەیەك لە زۆرێك لە کایەکانی ژیانی کۆمەڵگەکاندا (کارگێڕی، بازرگانی، ڕامیاری، پەروەردە و خوێندن و... هتد) بوونی هەیە و هەستی پێ دەکرێت، کە خۆی لە فێڵکردن بە مەبەستی سەرکەوتن دەبینێتەوە، بۆیە ئەگەر گزیکردن بە هەموو شێوەیەك و لە هەموو کات و بوارەکاندا کارێکی خراپ و بەد بێت، ئەوا لە پرۆسەی پەروەردە و خوێندندا دوو هێندەی دی ناشیرین و کرێتە، بەڵام بەداخەوە زۆرن ئەوانەی هێشتا پەنا بۆ ئەم کارە دەبەن. ئەم دیاردەیەش لە لایە قوتابیان، لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا زیاتر دەبێت، ئەویش بە مەبەستی دەرچوونی، تەنانەت هەندێکجار بە مەبەستی هێنانی نمرەی بەرز دەکرێت، چونکە ئەنجام و نمرەی بەدەستهاتووی تاقیکردنەوەکان وەك هەڵسەنگاندنێك دەبنە پێوەر بۆ دیاریکردنی ئاستی قوتابیان». سەبارەت بە جۆر و شێوەی گزیکردنیش گوتی: «جۆرەکانی زۆرن، لەوانە: بردنە ژوورەوەی پەڕەی بچووك بچووك، نووسین لەسەر دیوار و تەختە و ڕەشکەرەوە، وێنەگرتنی بابەتەکان و بردنە ژوورەوەی مۆبایل، بردنە ژوورەوەی هێدفۆن و بلوتووز، وەرگرتنی ناوپۆل بە دەنگ یا چاو و.. هتد، هەروەها زۆر بەداخەوە ئەمڕۆکە گزیکردن لە نێوان قوتابیان و خوێندکاران لە هەموو قۆناغەکاندا بە زانکۆشەوە بوونی هەیە، تەنانەت زۆر جار لە نێوان ئەو قوتابیانەشدا بوونی هەیە کە لە ئاستێکی زیرەکیی بەرزدان، هەروەك لەنێو ئەوانەشدا هەیە کە سستن لە فێربووندا، لە هەردوو ڕەگەزیشدا بوونی هەیە. هەر لەم ڕوانگەیەوە دیاردەی گزیکردن بە یەکێك لەو گرفتە هەرە قورسانە دادەنرێت کە بەرۆکی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەگرێت». گوتیشی: «هۆکار زۆرن بۆ ئەوەی قوتابیان پەنا بۆ ئەم دیاردە کرێتە ببەن، لەوانە: خێزان هۆکاری سەرەکییە، چونکە ئەگەر دایك و باوکان کەمتەرخەم بن بەرانبەر منداڵەکانیان و بەواداچوون و لێپێچینەوە لەسەر بابەت و وانەکانیان نەکەن، ئەگەری زۆرە منداڵە قوتابییەکانیان تووشی هەڵە ببن. یان هەندێك خێزان وێڕای ئەوەی ژینگەیەکی لەباریان نییە، بەڵام بەردەوام خەریکی میوانداری و سەردانیکردنن» بێ گوێدانە ڕەوشی قوتابی و خوێندکارەکانیان، یان کارکردنی بەشێك لە قوتابیان و بۆ هاوکاریکردنی دایك و دایك بێگوێدانە ئەرك و خۆئامادەکردنەکانی خوێندن، تایبەت لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا، یان کێشە کۆمەڵایەتییەکانی خێزان دەبنە مایەی ئەوەی قوتابیان کەمتر بایەخ بە وانەکانیان بدەن، ئەمەش زۆر جار وا دەکات، دواجار بەمەستی دەرچوون پەنا بۆ گزیکردن ببەن. هۆکارەکانی قوتابخانە و سیستەمی خوێندنیش وا لە قوتابی دەکات پەنا بۆ گزیکردن ببات، لەوانە: بایەخێکی زیاد لە پێویست بە تاقیکردنەوەکان دراوە، بە جۆرێك قورس و گەورە کراوە لەلای قوتابی، کە لەگەڵ بیستنی ناوەکەی» یان نزیکبوونەوەی کاتەکەی بە شێوەیەك لە شێوەکان قوتابیان و تووشی شڵەژانی دەروونی دەبن، چونکە دواجار بەپێی سیستەمەکە هەر چەندە قوتابیان لەئاستی تێگەیشتن و زیرەکیی بەرزیشدا بن، تەنیا بەپێی (نمرەی بەدەستهاتوو) مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، هەندێکجاریش پرسیاری تاقیکردنەوەکان لە ئاستی پێویستدا نین و زۆر بە قورسی دەهێندرێتەوە، بەتایبەت کاتێك تاقیکردنەوەکان یەك لە دوای یەك دەبن و، زیاتر سترێسیان دەکەوێتەسەر، هەروەها زۆریی ژمارەی قوتابیان و کەمیی چاودێران لە هۆڵی تاقیکردنەوەکاندا، ئەویش لەو هۆکارانەیە کە ئاسانکاری بۆ گزیکردنی قوتابی دەکات. لە لایەکی دیکەشەوە خراپیی شێوازی وانەوتنەوەی هەندێك مامۆستا، وا دەکات، قوتابی دواجار هیچ

تێناگات لە مامۆستاکەی و پەنا بۆ گزیکردن دەبات، چاوپۆشیکردنی و ئاسانکاری و نەرمی نواندن چاودێرانەوە بۆ قوتابیان و خوێندکاران لە هەوڵەکانیان بۆ گزیکردن و هەروەها سستی لە سزادانی ئەو قوتابیانەی گزییان کردووە لەلایەن دەستەی کارگێڕیی قوتابخانەوە، دەبێتە هۆی هاندان بۆ ئەوان و زۆری دیکەش کە پەنا بۆ گزیکردن ببەن».

ئەو کەسایەتییە ئەکادیمییە سەبارەت بە ڕێکارەکانی چارەسەر گوتی: «چارەسەرکردنی گرفتێکی وا بە لایەنێك و بە چەند خاڵێك ناکرێت، بەڵکو پێویستە زەمینەسازیی پێشوەختەی بۆ بکرێت، ئەوانیش هەر لە خێزانەوە کە یەکەم قوتابخانەیە دەستپێدەکات، پێویستە دایك و باوکان هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن بەرانبەر منداڵەکانیان، بەدواداچوون و لێپێچینەوەی ڕۆژانە و هەفتانەیان هەبێت، شوێن و کات و دەرفەتی گونجاو بۆ خوێندنییان برەخسێنن، ئامۆژگارییان بکەن، دواتر مامۆستایان دەبێت ڕێگاکانی وانەوتنەوەی گونجاو و لەبار و کەرەسەی سەردەمی بۆ وانەوتنەوە بەکار بێنن و دڵنیا بن لە تێگەیشتنی قوتابیان، پرسیارەکانیان بۆ سزادن نەبێت، چاوپۆشی لە قوتابی سەرەڕۆ و لادەر و گزیکار نەکرێت، دواتر کارگێڕی قوتابخانە دەبێت ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبێت لە چاودێریکرن و بەدواداچوون و ئامۆژگاریکردنی قوتابیان و پاداشتی ئەوانەی شایستەن و سزای ئەو قوتابیانەی کە لادەرن، چونکە دواجار پرۆسەی پەروەردە پێش فێرکردنە».

بەهزاد سەلیم خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایی لە کارگێڕی داهێنان و دارایی، سەبارەت بە هۆکار و چارەسەری گزیکردن لە ناوەندەکانی خوێندن دەڵێت: «گزیکردن بابەتێکە کە نەك تەنیا لە ناوەندەکانی خوێندن، بەڵکو لە تەواوی کایەکانی ژیانی مرۆڤ بوونی هەیە و زۆربەی مرۆڤەکان بۆ ئەوەی بگەن بە خواست و ویستی خۆیان، بەردەوام بیرۆکە و داهێنان و بەرهەمی دەستی یەکتریان کۆپی کردووە و بە ناوی خۆیان تۆماریان کردووە. کەواتە ئەو دیاردەیە شتێکە کە تەنیا لە ناوەندەکانی خوێندن نییە و هەر جۆرێك لە گزی و بردنی بیرۆکە و خراپ بەکارهێنانی مافی گشتی لە بوارە جیاوازەکان یاسا و سزای تایبەت بە خۆی هەیە. ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە گزیکردن لە ناوەندەکانی خوێندن، دیسان یاسا و سزای خۆی هەیە. لە کوردستان یەکێك لەو هۆکارانەی کە وای کردووە ڕێژەی گزی زۆر بێت، بریتییە لە نەبوونی یاسای باش بۆ ئەو مەبەستە و هەروەها جێبەجێنەکردنی ئەو سزایانەی کە هەن، وەك خۆی. بۆ نموونە کاتێك قوتابییەك گزی دەکات و لێی دەگیرێت، زۆربەی کات قوتابییەکە هەڕەشە لە مامۆستاکە دەکات و لە دواییدا لێی خۆش دەبن، بە بێ وەرگرتنی هیچ سزایەك. کەواتە جێبەجێنەکردنی سزاکان وەك خۆی و پاڵپشتینەکردنی بەرپرسە گەورەکانی ناوەندەکانی خوێندن لە مامۆستایان و ستافی ئەکادیمی لە کاتی گرتنی گزییەکان، هۆکاری سەرەکیی زۆربوونی گزیکردنە لە ناوەندەکانی خوێندن».

دکتۆر بەهزاد سەلیم، جەخت لەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵگە و خێزانەکان ڕووناکبیریی ئەوەیان تێدا نییە، کە بیر بکەنەوە و بڵێن: ئەگەر منداڵەکانمان هیچ فێر نەبوون، کەواتە بڕوانامەکانیان سوودی نییە، بەڵکو ئامانجیان تەنیا بەدەستهێنانی بڕوانامەیە، جا بە هەر شێواز و ڕێگایەك بێت، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لەو بڕوانامەیە سوودی ماددی وەرگرن». گوتیشی: «هۆکارێکی دیکەی دیاردەی گزی بریتییە لە باش نەبوونی سیستەمی پەروەردە و خوێندنی باڵا، بەوەی کە قوتابیان دلخۆش نین و ژینگەی گونجاویان بۆ فەراهەم نەکراوە، تاکو بە حەز و خولیاوە وانەکان بخوێنن و مەبەست لە خوێندن لە لایان تەنیا ئیلتیزامێکە کە دەبێت بەجێی بگەیەنن و لە کۆتاییدا بڕوانامەیەکیان پێ ببەخشرێت. هەروەها پسپۆڕنەبوونی مامۆستایان و ستافی ئەکادیمی لە بواری خۆیان و شارەزانەبوون لە تێگەیشتنی ڕەفتاری تاکەکان و خوێندنەوەی ناخ و پێداویستیی قوتابیان وای کردووە ئەو ژینگە گونجاوەی کە پێویستە بۆیان فەراهەم نەکرێت. بەشێکی گەورەی ئەو کێشەیە بۆ زۆربوونی ژمارەی قوتابیان دەگەڕێتەوە لە هۆڵەکانی خوێندن کە وای کردووە، مامۆستایان سەرەڕای کێشەی ناپسپۆڕیی خۆیان کێشەی زۆریی قوتابیانیش دێتە سەر تەواوی کێشەکان و، بەمەش گرنگی نادرێتە قوتابیان و قوتابیانیش لەو ژینگە ئاڵۆز و بێ کوالیتیە هان دەدرێن، بۆ زۆر ڕێگای ناتەندروست کە بتوانن فەراغی نادڵنیایی و تێنەگەیشتنی خۆیانی پێ پڕ بکەنەوە. کەواتە چارەسەرکردنی دیاردەی گزی پەیوەستە بە چارەسەرکردن و گرنگیدانی زیاتر بەو بابەتانەی کە لە سەرەوە باسم کردن و ئاشناکردنی قوتابیان بە کرۆك و گرنگیی خوێندنەکەیان کە لە داهاتوودا چۆن دەتوانن سوودی لێ ببینن.

**خراپیی شێوازی وانەوتنەوەی هەندێک مامۆستا، وا دەکات، قوتابی دواجار هیچ تێناگات لە مامۆستاکەی و پەنا بۆ گزیکردن دەبات**

**سستی لە سزادانی ئەو قوتابیانەی گزیان کردووە لەلایەن دەستەی کارگێڕیی قوتابخانەوە، دەبێتە هۆی هاندان بۆ ئەوان و زۆری دیکەش کە پەنا بۆ گزیکردن ببەن**

**کاتێک قوتابییەک گزی دەکات و لێی دەگیرێت، زۆربەی کات قوتابییەکە هەڕەشە لە مامۆستاکە دەکات و لە دواییدا لێی خۆش دەبن، بە بێ وەرگرتنی هیچ سزایەک**

# غازی غەفوور هونەرمەند و هەڵوێست و شانۆ



فەرهەنگ غەفوور


وەك خۆت گوتت: «ئەدی كوو، ژیان هەر وایە، گوێی مەدەرێ كاروان سەرایە».. ئەو كاروانسەرایە نەپساوەیە و كاروان دێت و كاروان دەڕوا، كاروانچی سەردەردێنێ و كاروانچیی دیكەش سەردەنێتەوە، لەوەتەی ئادەم و حەوا پێیان خستووەتە سەر ئەو بستە زەوییە، ماڵبەكۆڵ كەوتوونەتە رێی كاروانی ژیان و یەكی نوێ دێت و یەكی كۆن بەجێ دەمێنێ، بەڵام كاروانی ژیان هێشتا بەردەوامە و بەردەوامیش دەبێ.

تۆ گوتت ژیان هەروایە و كاروان سەرایە، وا خۆشت وەك زۆر كاروانچیی دیكە لە كاروان دابڕای و بۆ هەمیشە هەواری خۆت لە شێخەڵا هەڵدا و راكە راكەی ژیانی پڕ حەسرەت و ماندوون، پڕ بەرەنگاری و شۆڕش و ئاوارەیی، پڕ هەڵوێست و كار و رەنج، ژیانی سەر تەختەی شانۆی ژیان و شانۆی نیشتمان و شانۆی پیرەشار و شانۆی كۆڵانەكانی تەیراوەت پێچایەوە و، لە دوای خۆت زۆر حەسرەت و زۆر ئومێدی شكۆفە نەكردوو و، زۆر خۆزیا و بریات بەجێ هێشتن.

كاروان سەرا هەر ماوە و كاروان هەر دەڕێدایە و تۆی كاروانچیش لە دوایین هەواری سەرزەمین، لە شێخەڵا بارگەت داكوتا و سەدان چیرۆكی سەر تەختەی شانۆ، سەدان چیرۆكی كۆڵانەكانی گەڕەك و سەدان چیرۆكی ناو شار و سەدان چیرۆكی شاخ و پێشمەرگایەتی و، سەدان چیرۆكی ناو هۆڵەكانی شانۆت لەگەڵ خۆتدا بردە دووتوێی خاك.

خۆت گوتەنی، ژیان هەر وایە و گوێی مەدەرێ كاروان سەرایە. رۆژگار پڕ ناخۆشی و نەهامەتییە، ناخۆشی و رەنج و تێكۆشان مرۆڤ دەخارێنن و پڕی دەكەن لە وزەی خۆڕاگری و مانەوە. سەردەمانێك تەختەی شانۆ و هۆڵەكان جمەیان دەهات و چەندان خاراوی دەستی رۆژگاری وەك (غازی) و هاوشێوەكانی، چیرۆكی ژیانی پڕ چەرمەسەریی كوردەوارییان دەگێڕایەوە و بە نمایشەكانیان هاواری قوڕگی كوردی بریندارییان دەگەیاندە قووڵایی گوێیەكان و قووڵایی ویژدانەكان. ئەو رۆژانە، ئەو سەردەمانە، ئەو رۆژگارە چ رۆژگارێكی پڕ شكۆ و هەیبەت و سام بوون؟ ئەو كوڕگەلانە چ كوڕگەلێكی لەگیانی خۆ بردوو بوون؟ ئەو هونەرمەندانە چ ئاوێنەنمایەكی پڕ بە باڵای خەمەكانی گەلەكەیان بوون؟ ئەو رۆژگار و سەردەم و رۆژانە، بە (غازی)یەكان یەك دەنگ و یەك رەنگ و یەك هاوار، بووبوون بە ئاوێنەنمای گەلێكی پشت پەردەی ژیان و ئازادی. ئەو رۆژگار و سەردەم و رۆژانە، (غازی)یەكان زمانحاڵی مەردوومی بێ زمانی دەورووبەریان بوون، زمانحاڵی پەرێشانحاڵانی دەورووبەریان بوون، زمانحاڵی خەڵكی سادەی بەشمەینەتی كۆڵان و گەڕەك و شار و نیشتمان بوون.

غازی غەفوور، وەك هونەرمەندێك و وەك پێشمەرگەیەك و وەك مرۆڤێك، ئەوەی لەدەستی



هات، پێشکەشی گەلە بێبەشەکەی خۆی کرد و بەشی خۆیشی هەر مەینەتی بوو. ئەوەندەی توانیی تێکۆشا و دریغی نەکرد لە خەبات و خزمەت بە هونەر و بە رۆڵەکانی گەلەکەی.

غازی غەفووری هونەرمەند و مرۆڤ، لە بواری هونەریی خۆیدا، لە شانۆ و دراما، شان بە شانی هونەرمەندانی گەل، سەردەمێکی زێڕینیان لە شۆڕشی شانۆ و تێکۆشانی نەتەوەیی تۆمار کرد،. هەریەکێ لەو کارەکتەرە جوانانەی سەر تەختەی شانۆ و نێو دراماکان، بوون بە سمبولێکی جوانی هونەر و چوونە ناو تۆمار و یادەوەریی ئێمەمانانەوە. (غازی) بەو رۆڵ و هەڵوێستانەی خۆی، بوو بە جێی رەزامەندیی هاوپیشە و هاوڕێگاکانی خۆی، بەو رۆڵگێڕانانەی خۆی، بوو کارەکتەرێکی زیندوو، کە بۆ هەمیشە لە یادەوەریی خەڵکدا دەمێنێتەوە، ئەدی ئەوە نییە کارەکتەری کوڕە جوانەکەی ناو کۆلارەکەی حاجی مەکی، کارەکتەری حەمەی شەق وەشێن و شەلاتی، پیاوی قادر ئاغای، کەوەکانی قەرەچووغ، کارەکتەرە جیاوازەکانی ڕاوچی و گوڵی نهێنی و بێنەوایان و چەندین فیلم و درامای دیکە، کە جێی سەرنج و مایەی رەزامەندیی بینەر و بیسەری تامەزرۆی شانۆ و هونەر و هەڵوێستی کوردانە بوو.

غازی غەفوور، ئەگەر دەرچووی هیچ ئەکادیمیایەکی هونەری نەبوو، بەڵام ئەکادیمیای ژیانی کوڵەمەرگی و خەبات و تێکۆشان ئەویان راهێنا و، کردییان بەو کارەکتەرەی لەگەڵ هەموو رۆڵێکدا دەگونجا و بە نمایشەکانی گوزارشتی لە واقعی تاڵی خۆی و دەوروبەری دەکرد.

غازی غەفوور، یەکێك بوو لەو دەیان هونەرمەندە جەسوورانەی شانۆ و درامای هەولێر و کوردستان، کە بینەر و بیسەری تامەزرۆیانی ئەو هونەرە شانازییان پێوە دەکرد. ئیدی گوێی مەدەرێ، ژیان کاروان سەرایە و تۆش بووی بە یادەوەرییەکی مەیدانی هونەر، ئەمما یادەوەرییەکی جوان و سەنگین و شایان.



# پریانکا لە ڕۆژی ڤالانتایندا بانگەشەی بۆ فیلمە ڕۆمانسییەکەی Love Again کرد

پریانکا چۆپرا ڕۆژی ڤالانتاینی وەك کاتێکی گونجاو هەڵبژارد بۆ بانگەشەکردن و هاوبەشکردنی ترەیلەری فیلمە کۆمیدییە ڕۆمانسییە نوێیەکەی Love Again کە سام هیگان و سێلین دیۆن ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە نیك جۆناس هاوسەری ژیانی ڕاستەقینە و ئەکتەر و گۆرانیبێژی پریانکا وەك چەند ساتێکی ڕۆمانسی لەگەڵیدا دەرکەوتووە.

میرا (پریانکا چۆپرا) ژنێکە کە خەبات دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت ژیانی خۆی بباتە پێشەوە و هەوڵ دەدات دەستگیرانە مردووەکەی لەبیر بکات، بەڵام نامە دەنێرێت بۆ ژمارە تەلەفۆنە کۆنەکەی کە لەلایەن کۆمپانیاکە ئەکتیڤ کراوەتەوە و، لەلایەن پیاوێکی دیکەوە بە ناوی ڕۆب هەڵگیراوە کە سام هیوی ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت، پاشان ڕۆب دەبێتە هەواداری دەقەکانی میرا بۆ دەزگیرانەکەی کۆچکردوو، دڵسۆزییەکەی بە سەرنجڕاکێش دەزانێت.

فیلمی Love Again لە دەرهێنانی جیم ستڕۆز بڕیارە لە ١٢ی ئایاری ٢٠٢٣ لە سینەماکان نمایش بکرێت، چیرۆکەکەی لەسەر بنەمای فیلمی ئەڵمانی SMS fur Dich لە ساڵی ٢٠١٦ وەرگیراوە کە لە دەرهێنانی کارۆلین هێرفۆرت-ە. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە فیلمەکە سەرەتا ناوی ئێستای خۆی نەبووە، بەڵکو ناوی Its All Coming Back to Me بووە.

# جارێکی دیکە شەڕ لە نێوان سێلینا گۆمێز و هایلی بیبەردا هەڵدەگیرسێتەوە

پێدەچێت شەڕی نێوان سوپەرستار سێلینا گۆمێز و سوپەرمۆدێل هایلی بیبەر هەرگیز کۆتایی نەیەت، تەنانەت ئەگەر خۆیان رایبگەیەنن کە پەیوەندییان ئاسایی بووەتەوە.

لەم دواییانەدا فۆلۆوەرێك دووبارە ڤیدیۆیەکی بڵاوکردەوە کە هایلی بیبەر مانگی رابردوو لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تیك تۆك بڵاوی کردەوە و دواتر سڕیەوە، هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی وێنەیەکی سێلینا بە جلوبەرگی دەریاوە، کە تیایدا کێشی زیادە دەرکەوت.

هاوسەری جەستن بیبەر، لەو کاتەدا لە ڤیدیۆکەدا وتی: «ناڵێم کە شایەنی ئەوە، بەڵکو دەڵێم کە کاتی خودا هەمیشە گونجاوە».

گۆمێز بە وەڵامدانەوەی ئەرێنییەکەی بۆ ئەو ڤیدیۆیەی کە دووبارە بڵاوکراوەتەوە گوتی: «ئاساییە، رێگە نادەم ئەم شتانە بمخەنە خوارەوە، لەگەڵ هەموو کەسێکدا جوان بە!»

هایلی رەتی کردەوە سڕینەوەی کلیپەکەی تیك تۆك پەیوەندی بە سێلینا گۆمێزەوە هەبێت، و لە تویتێکدا نوسیویەتی: «من هەرگیز لێدوان لەسەر ئەم جۆرە شتانە نادەم، بەڵام ئێمە تەنیا شەوێکی کچانمان بەسەر دەبرد، و کردمانە تیك تۆکی هەڕەمەکی بۆ خۆشی، ئەمە ئەنقەست نییە، بۆ هەر کەسێك، بە ئیمۆجییەکی بریقەدار و دڵێکی سپییەوە».

دوای چەندین ساڵ لە ناکۆکیی سۆشیال میدیا لە نێوان هەوادارانی سێلینا و هایلی بەهۆی تۆمەتبارکردنی دووەمیان بە دزینی جەستن بیبەر لە سێلینا گۆمێز، لە ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٢ گالای مۆزەخانەی ئەکادیمیا ئەوانی کۆکردەوە و ئێوارەکەیان پێکەوە بەسەربرد.

لەو کاتەدا لە سۆشیال میدیا وێنەیەك کە فۆتۆگرافەرە بەناوبانگەکە تایرێل هامپتۆن لە هەژماری تایبەتی خۆی لە ئینستاگرام بڵاوی کردەوە، تێیدا سێلینا و هایلی یەکتریان لە باوەش گرتووە و لەسەر یەك مێز دانیشتوون، وەك ئەوەی باشترین هاورێ بن.

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لەم بابەتە ئەوەیە کە هیچ کام لەو دوو ئەستێرەیە چیتر ئەو وێنە زۆرانەیان بڵاو نەکردووەتەوە کە لە دوای ئەو مەراسیمەی کە کۆی کردنەوە لە لاپەڕە فەرمییەکانیان لە سۆشیال میدیادا بڵاویان نەکردەوە، وەك هەوڵێك بۆ کۆتاییهێنان بە هەمیشەیی شەڕی مەجازی لە نێوان هەوادارەکانیان.



## حەسنا لەعکوبی بۆ گوڵان:

# شانۆ بۆ من به فیرۆدانی کاته



حەسنا لەعکوبی کچە نمایشکار و ئەکتەر، پشت ئەستوورە بە توانا هونەرییەکانی خۆی و ئەو ئیرادە و حەزەی بۆ کاری نواندن هەیەتی، بە سوودوەرگرتن لە پێشکەوتنی سینەمای مەغریبی و کرانەوەی بەسەر ئەوروپا و جیهانی عەرەبی و ئەو هەموو فیستیڤاڵە جیاجیانەی کە لەو وڵاتە بە بەردەوامی ساز دەکرێن، لە دیمانەیەکدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی داوەتەوە.

*** وەك كچێك هونەر تا چەند بە سەخت دەبینیت؟**

- كاری هونەری بە گشتی زۆر سەختە، هونەرمەند تووشی زەحمەتییەكی زۆر دەبێتەوە تا بتوانێت ناوێك بۆ خۆی پەیدا بكات و بوونی خۆی وەك هونەرمەندێكی سەركەوتوو بسەلمێنیت، ئەمە پێویستی بە چەند ساڵێك دەبێت ، گرنگترین هۆكاری سەركەوتنی هونەرمەندیش بە رای بەردەوام بوونیەتی لە بوارەكە.

*** مەرجی دیاریكراوت هەیە بۆ بەشداریكردن لە كاری هونەریدا؟**

- هەندێك هێڵی سوور هەیە ناتوانم بیانبەزێنم، تەنانەت ئەگەر رۆڵەكەش سەرەكی بێت و جورئەتەكەش مەبەست و ئامانجێكی هونەریی دیاریكراوی هەبێت، بۆ پاراستنی ناوبانگی خانەوادەكەم دەمەوێ هەمیشە ناوبانگێكی باش و وێنەیەكی جوانم هەبێت لە كۆمەڵگەدا، من نامەوێ بۆ سەركەوتنی كاری یان بیرۆكەكەی دەرهێنەرێك پشت بە جورئەتی هونەرمەند ببەستێت، بەڵام من درك بەوەش دەكەم كە زۆر جار جورئەت پێویستە و مەرجیش نییە تەنیا بە جەستە بێت.

*** جوانیی روخسار چ رۆڵێكی هەیە لە سەركەوتنی ئافرەتانی هونەرمەنددا؟**

- من وەك كچێك سەرەتا پشتم بە توانا و بەهرەی خۆم بەستووە، چونكە پێویستە بەهرەی هونەریت هەبێت تا بتوانیت بوونی خۆت بسەلمێنی، لە نواندندا دەموچاو و جوانیی دەرەوە رۆڵی سەرەكییان هەیە، لە سینەما یان تیڤی پێویستە هونەرمەند دەموچاوێكی گونجاوی هەبێت بۆ ئەوەی دەربكەوێت، بەڵام من حەز ناكەم تەنیا پشت بە جورئەت ببەستم و بەو جۆرە رۆڵانە بناسرێم، بەڵكو رۆڵی جیاوازم دەوێ دوور لەوەی كە پشت بە جوانی و بەژن و باڵای خۆم ببەستم.

*** پێتوایە وەك پێویست هاوكاریی هونەرمەندە گەنجەكان دەكرێت؟**

- جەماوەری وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست حەز لە كار و هونەرمەندی گەنج دەكەن، بەڵام گرفتەكەیان ئەوەیە كە دەرفەتی زۆر بە ئەكتەرە گەنجەكان نادەن، بۆیە دەبینین كە دراما توركییەكان گشت كەناڵەكانیان داگیر كردووە، بەتایبەتی كەناڵە عەرەبییەكان، چونكە جەماوەری وڵاتانی عەرەبی حەز دەكەن هەندێ دەموچاوی نوێ ببینن، كە چاویان پێیان نەكەوتبێت، بۆیە پێویستە كەناڵە عەرەبییەكان دەرفەت بە گەنجان بدەن، لە هەمان كاتدا وەك دراما توركییەكان دیمەنی جوانی شوێنەكانیش زیاتر نمایش بكەن.

*** راگەیاندن یان نواندن، زیاتر لە كامیان نزیكتریت؟**

- من زیاتر لە راگەیاندن نزیكم و هەر لە منداڵییەوە خولیای بووم، بەڵام بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە بواری شانۆدا خوێندوومە و زۆریش حەز بە شانۆ دەكەم، بەڵام نامەوێت ئێستا خۆم سەرقاڵی شانۆ بكەم، چونكە هەست دەكەم دەبێتە هۆی بە فیڕۆدانی كات. نواندن لای من هەر لە منداڵییەوە وەك بەهرەیەك بوو، هەروەها خۆشەویستیشم بۆ نواندن هەبوو، لەبەر ئەوە پەیوەندیم بە پەیمانگەوە كرد و بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە بواری شانۆی درامیدا خوێندم، بۆیە زیاتر حەز لە بواری نواندن و شانۆ دەكەم، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا لە وڵاتانی عەرەبی ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخساوە كە من شایەنیم، واتە مافی خۆمم پێ نەدراوە، تا ئێستا ئەو دەرفەتەی خەونی پێوە دەبینم، بۆم نەهاتووەتەدی، سەرەڕای ئەمەش حەز دەكەم لە ریكلامەكاندا نواندن بكەم، بۆ ئەوەی زیاتر بناسرێم و هەوڵ بدەم تواناكانم پێش بخەم و بگەمە ئەو ئاستەی كە خۆم دەمەوێت.





زۆرن ئەو کچە یاریزانە کوردانەی کە لە وڵاتانی تاراوگە نیشتەجێن و ئاست و ئەنجامی گەورەیان لە یارییە جۆراوجۆرەکان هەیە. مەست ساڵح یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی کوردستانە و لەگەڵ خانەوادەکەی لە وڵاتی نەرویژ دەژی. ئێستا لە ریزی یانەی ئوتلێیرا یاری دەکات و خاوەن ئاستێکی بەرزی یاریکردنە لە یاری تۆپی دەستی، لە ماوەی ڕابردووش لەگەڵ هەڵبژاردەی کچانی تۆپی دەستی عێراقی بەشداری پاڵەوانێتیی ڕۆژئاوایی ئاسیای کرد و توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات.

مەست ساڵح ساڵی ٢٠٠٤ لە شاری ترۆندهایم -ی وڵاتی نەرویژ لەدایك بووە. دایك و باوکیشی خەڵکی شاری سلێمانین، پێشووتر یاری بۆ یانەی تیللێری نەرویژی کردووە، ئێستاش لە ریزی یانەی ئوتلێیرا ئای ئیل یاری دەکات. گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

مەست ساڵح

یاریزانی تۆپی دەستی یانەی ئوتلێیرای نەرویژی:

# بەداخەوە لە کوردستان زۆرترین گرنگی بە تۆپی پێ دەدرێت

*** بۆچی لە نێو ئەم هەموو یارییە جۆراوجۆرە، یاریی تۆپی دەستت هەڵبژارد؟**
-چونکە لە منداڵییەوە حەزم لە یاری تۆپی دەست بووە، زۆریش چاودێریی ئەم یارییەم کردووە لە تیڤییەکانەوە، هاوڕێیەکانیشم ئەو یارییەیان دەکرد، بۆیە منیش هاتمە ناو ئەم وەرزشە.

***گرێبەستت لەگەڵ یانەکانی وڵاتی نەرویژ هەیە؟**
- لە یانەی ئوتلێیرای نەرویژی یاری دەکەم، لە تەمەنی دە ساڵییەوە لەم یانەیەم.

***چۆن بوو پەیوەندیت بە هەڵبژاردەی عێراقی کرد، لە کاتێکدا تۆ لە وڵاتی نەرویژ نیشتەجێیت؟**
-من هاوینی ڕابردوو لەگەڵ خانوادەکەم گەڕامەوە بۆ سلێمانی، لەوێش چووم بۆ مەشقەکان لە ڕێگەی خاتوو سازانی پوورم کە سەرۆکی یانەی ئەفرۆدێتە، لە یارییەکیش بەشداربووم، لەوێوە منیان بۆ هەڵبژاردەی عێراق دەستنیشان کرد.

*** بڕیارت نەداوە بۆ یەکێك لە یانەکانی کوردستان یاری بکەی؟**
- حەز دەکەم بۆ کوردستان و عێراقیش یاری بکەم، بەڵام بەپێی کات، چونکە من قوتابیم لە وڵاتی نەرویژ، بەڵام زۆر خۆشحاڵ دەبم کە بۆ کوردستان یاری بکەم.

*** ئاستی یاریی تۆپی دەستی لە کوردستان بەراورد لەگەڵ وڵاتی نەرویژ چۆن دەبین؟**
- بەراورد بە وڵاتی نەرویژ جیاوازیی زۆری هەیە، چونکە نەرویژ لە ئاستی جیهانیشدا پێشەنگە لە رووی یاریگا و گرنگیدان بە یارییەکە، هیوادارم کوردستان و عێراقیش گرنگی بەم یارییە بدەن و داهاتووی باشی لەسەر ئاستی وڵاتان هەبێت.

*** وەکو کچە یاریزانێکی کورد لە ئەوروپا خەونی وەرزشیت چییە؟**
- حەز دەکەم سەرکەوتوو بم لە یارییەکەم و خزمەتی کوردستان و عێراق بکەم، خەونی خۆم بەدیهێناوە کە لە هەڵبژاردەی عێراق یاری دەکەم و دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ من.

*** بەرنامە و پلانت بۆ داهاتوو چییە؟**
- مەشقی بەردەوام بکەم، بۆ ئەوەی بتوانم سەرکەوتوو بم، ببمە یاریزانێکی باشتر و بتوانم بڕوانامەیەکی باش بەدەست بهێنم.

*** وەکو کچێکی کورد چ هەستێکت هەیە کاتێك تۆ یاریزانێکی لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق؟**
- هەستێکی خۆشە و دەمەوێ لێرەوە سوپاسی دایك و باوکم بکەم کە زۆر پاڵپشتیان کردم بۆ ئەوەی بگەمە ئەو ئاستە.

*** بە هیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دروست بکرێ و تۆش یەکێك لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە بیت؟**
- بە خۆشحاڵیەوە تیپێکی ئاست بەرز دروست بکرێت بۆ کوردستان و منیش یەکێك بم لەم یاریزانانە ئەوە ئاواتی هەموو کوردێکە.

*** یانەکانی ئەوروپا داوای یاریکردنیان لێت کردووە؟**
- نەخێر، تاکو ئێستا پێشنیارم بۆ نەهاتووە، من تەنیا لە یانەکەی خۆم لە خولی نەرویژی یاری دەکەم.

*** گرفتی وەرزشیی کوردستان لە چیدا دەبینی؟**
- نەبوونی یاریگای پێویست، دروستکردنی یاریگای شیاو بۆ ئەوەی یاریزانان بتوانن مەشقی باشی تێدا بکەن، بەداخەوە لە کوردستان بەراورد بە یارییەکانی دیکە زۆرترین گرنگی بە تۆپی پێ دەدرێت.

*** چ پەیامێکت بۆ کچانی وەرزشکار لە کوردستان هەیە؟**
- هیوادارم کچانی کوردستانیش سەرکەوتووبن و بگەنە ئاستی کچانی ئەوروپا.

*** ئامانجت لە وەرزشکردنت چییە؟**
- دەمەوێ مەشقی زیاتر بکەم بۆ ئەوەی بگەمە ئاستێکی بەرز و لە داهاتوودا بتوانم خزمەتی کوردستان بکەم.

*** چیت ماوە لە کۆتاییدا باسی بکەیت؟**
- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەرکردنەوەی یاریزانان.

# پاریس سانت جێرمان دەستبەرداری ئەستێرەیەکی دەبێت

یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسی بیر لە دەستبەرداربوون لە نەیمار داسیلڤا، ئەستێرەی بەرازیلی دەکاتەوە لە گواستنەوەی هاوینی داهاتوودا.

ڕۆژنامەکانی بەریتانیا پەیوەندی لە نێوان هەردوو یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسی و مانچستەر سیتی ئینگلیزی هەیە، بۆ ئەوەی یاریزانە بەرازیلییەکە پەیوەندی بە ریزەکانی مانچستر بکات.

سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە گواستنەوەی یاریزانەکە لە رووی داراییەوە هیچ کێشەیەکی نابێت و ئەگەری هەیە گواستنەوەی ٧٠ ملیۆن پاوەندی تێبچێت.

لە هاوینی رابردوودا ناوی نەیمار بە خولی ئینگلیزی بەسترابووە، بەڵام پێپ گواردیۆلا ئەو کاتە رەتیکردەوە پاریس سانت جێرمان نەیماری پێشکەشی یانەکەیان کردبێت بۆ ئەوەی گرێبەستی گۆڕینەوە ئەنجام بدەن، بەمەش نەیمار لە پاریس سانت جێرمان مایەوە.

چەند سەرچاوەیەک دەڵێن ئێمباپێ پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ نەیمار نییە و دەیەوێت پاریس سانت جێرمان دەستبەرداری ئەو یاریزانە بێت.

یاریزانە ٣١ ساڵە بەرازیلییەکە گرێبەستەکەی لەگەڵ پاریس سانت جێرمان تاوەکو هاوینی ٢٠٢٥ دەبێت، یاریزانەکە لە ١٧٣ یاری ١١٨ گۆڵی تۆمارکردووە و ٧٧ ئاسیستی هەیە.



# یانەکانی سعودیە ئۆفەری گەورە پێشکەش بە ئەستێرەیەکی فەرەنسی دەکەن

تۆڕی هەواڵی ریلیڤۆی ئیسپانیا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە گرێبەستی کەریم بنزێما لەگەڵ ریال مەدرید لەم وەرزەدا تەواو دەبێت، کەریم ئێستا دەتوانێت گرێبەست لەگەڵ هەر یانەیەکی تر مۆربکات.

بە گوێرەی سەرچاوەکە، هێشتا چارەنووسی بنزێما لەگەڵ ریال مەدرید ناڕوونە و هیچ کام لە بەرپرسانی ریال مەدرید لێدوانێکی روون لەبارەی داهاتووی ئەو یاریزانە فەرەنسییە نادەن.

سەرچاوەکە نووسیویەتی: بنزێما ئۆفەرێکی سەرنجڕاکێشی لە سعودیەوە هەیە بۆ ماوەی دوو وەرز پێگەیشتووە بە مووچەی ساڵانە ٦٠ ملیۆن یۆرۆ، بەڵام ناسنامەی یانەکە ئاشکرا نەکراوە.

لە هەمان کاتدا هێما بۆ ئەوەش کراوە دوای هەر ئەنجامێکی خراپ لەگەڵ ریال مەدرید، بنزێما لە هەواڵی ئەگەری دوورخستنەوەی ئەنچیلۆتی دەترسێت، چونکە ئەو ڕاهێنەرە ئیتاڵییەی زۆر خۆشدەوێت، کە بەردەوام پاڵپشتی دەکات و متمانەیەکی زۆری پێدە بە خشێت .

لە دوای چوونی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بۆ سعودیە، دەنگۆی ئەوە هەیە چەندان ئەستێرەی دیکەی گەورە ڕووبکەنە خولی سعوودیە.

کەریم بنزێمای ٣٥ ساڵ، ماوەی ١٤ وەرزە یاری بۆ ریال مەدرید دەکات، لە کۆی ٦٢٨ یاری، ٣٣٩ گۆڵ و ١٦٣ ئاسیستی لەگەڵ ریال مەدرید کردووە.



# لاپۆرتا وڵامی سەرۆکی لالیگا دەداتەوە

خوان لاپۆرتا، سەرۆکی یانەی بەرشلۆنە هێرش دەکاتە سەر سەرۆکی دەستەی لالیگا و دەڵێت: تێباس دژایەتی خۆی بۆ بەرشلۆنە دووپاتکردەوە و لە بنەڕەتدا نەیدەویست مێسی لە بەرشلۆنە بێت.

سەرۆکی یانەی بەرشلۆنە لە پەیامێکدا گوتی: خاڤێر تێباس جارێکی دیکە ماسکەکەی فڕیدا و نیشانیدا، کە ئەو دژی یانەی بەرشلۆنەیە، ئەو نەیدەویست مێسی لەگەڵ بەرشلۆنە بەردەوامبێت و بە روونی خواستی خۆی بۆ ڕاگرتنی من لە سەرۆکایەتیکردنی بەرشلۆنە پێشانداوە.

لاپۆرتا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە تێباس لە ساڵی ٢٠٠٥ نەیدەویست مێسی لە بەرشلۆنە بێت، من بە وازهێنانم لە کارەکەم ئەو دڵخۆش ناکەم روونە، کە تێباس وا بە ئاسانی لێمان خۆشنابێت، دوای ئەوەی ڕێککەوتنی CVCمان قبوڵ نەکرد بۆیە دووپاتیدەکەمەوە، کە من خواستی ئەو بە دەستلەکارکێشانەوەم تەواو ناکەم و ئەمە بۆ ئەندامانی یانەکە بەجێدەهێڵم، بەڵام هەر کەسێک هەوڵ بۆ تێکدانی مێژووی بەرشلۆنە بدات، وەڵامی توندمان دەبێت و ئەوەی کراوە ئەنجامی کاری گەورەیە.

لاپۆرتا گوتی: وەک سەرۆک ڕێگە نادەم مێژووی یانەکەمان بشێوێنرێت، لە دوای لێکۆڵینەوەکان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی دەکەین و هەموو شتەکان ڕوون دەکەینەوە.

لاپۆرتا لە یاریگەی کامپ نوی یانەکەی زیاتر قسەیکرد و گوتی: لە بارەی ناوبژیوانان، لێکۆڵینەوەکان لە لایەن لایەنی دەرەکییەوە ئەنجامدەدرێن، پارێزەرێکی بێلایەن لێکۆڵینەوەی توووند لە بارەی پرسەکەوە دەکات، لە بارەی زانیارییە دزەپێکراوەکان، نە داواکاری گشتی و نە پۆلیسیش یانەکەی بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە ئاگادار نەکردووەتەوە.

خوان لاپۆرتا دووپاتیدەکاتەوە، کە ئەوان باوەڕی تەواویان بە ڕۆژنامەگەری ئازاد و سەربەخۆ هەیە لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا و دەڵێت: بەداخەوە بۆ دزەپێکردنی زانیارییەکان، کە دەکرێت دوای لێکۆڵینەوەکان لە لایەن داواکاری گشتییەوە کەمتەرخەم بە توندترین شێوە سزابدرێت کە تاوەکو زیندانی کردبێت.




# کچانی ڕواندز دەیانەوێت ببنە پاڵەوانی کوردستان

تیپی فوتساڵی کچانی یانەی وەرزشیی ڕواندز ئەم وەرزە بەشدارن لە یارییەکانی خولی فوتساڵی نایابی یانەکانی کوردستان، تیپەکە بە ئامادەکاریی باشەوە بەشداریی لەم وەرزەی خولەکە کردووە، کچانی ڕواندز لە کۆمەڵەی دووەم شانبەشانی هەریەك لە یانەکانی (سەید سادق، قەڵادزێ، خەلاتی پێنجوێن) یاری دەکات، لەیەکەم یاریی خولەکەشدا بە ئەنجامی(١٤-٠)گۆڵ لە کچانی قەڵادزێی بردەوە و، زەنگێکی ئاگادارکردنەوەی بۆ سەرجەم یانەکانی دیکە لێدا، لە بارەی ئامادەکارییەکانی تیپەکەش هیوا عەبدولڵا ڕاهێنەری تیپی فوتساڵی کچانی ڕواندز، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەکارییەکانمان بۆ وەرزی ئەمساڵ زۆرە و تیپێکی بەهێزمان دروست کردوە، ئامانجی ئێمە لەم وەرزە ئەوەیە بتوانین ئاست وئەنجامی شایستە پێشکەش بکەین لە خولی پلە نایابی یانەکانی کوردستان، لە شاری کەرکووك سێ یاریزانی ئەو شارەمان هێناوە بۆ ئەوەی بتوانین بەم یاریزانانە ئاست و ئەنجامی شایستەتر بەدەست بهێنین»، لەبارەی گرفتەکانی یانەکەش مامۆستا هیوا گوتی: «کێشەی داراییمان هەیە، ئەوەش بۆ ئێمە گرفتێکی گەورەیە، پێویستمان بە چەند یاریزانێکی دیکەیە بۆ ئەوەی پێکهاتەی یانەکەمان بەهێزتر بکەین، ئێمە نوێنەری دەڤەری سۆرانین لەم خولە، بۆیە ئەمساڵ دەمانەوێت تیپێکی بەهێزی خولەکە بین و یەکێك لە یانە ڕکابەرەکانی کوردستان بین، ئومێدی زۆریشم بە یاریزانانی تیپەکەمان هەیە کە دەتوانن ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین».



# هەندرێن
# چاوی لە ئەنجامی گەورەیە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەندرێن ئەم وەرزە جیاواز لە یانەکانی دیکە ئاست و ئەنجامێکی شایستەی بەدەست هێناوە لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، تیپەکە لەم چەند یارییەی ماوە، دەیانەوێت ئەنجامی شایستەتر پێشکەش بکەن، بۆ ئەوەی یەکەمی ریزبەندی یانەکانی کوردستان وەربگرن، لە کۆی ئەنجامدانی ١٨یاریی ڕابردووش خاوەنی ٢٩ خاڵە و، نیازی وایە لە یارییەکانی داهاتوودا ژمارەی خاڵەکانی لەگەڵ تیپەکانی پێشەنگ کەمتر بکاتەوە، لە بارەی بارودۆخی تیپەکەش دلشاد مەعرووف ڕاهێنەری یانەی وەرزشیی هەندرێن، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەکارییەکانی تیپەکەمان بەردەوامە بۆ سەرجەم یارییەکان، ئێمە ڕۆژانە مەشقەکانی خۆمان ئەنجام دەدەین و دەمانەوێ باشترین ئامادەکاریمان هەبێت بۆ سەرجەم یارییەکانی خولەکە،



# کچانی مەخموور بوون بە پاڵەوانی فوتساڵی پەروەردەکان

لە درێژەی چالاکییەکانی ساڵی تازە و بە مەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یارییە وەرزشییەکان لە ناوەندەکانی خوێندن و پەروەردەی قەزاکان، بەڕێوەبەرایەتی چالاکیی وەرزشی و دیدەوانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر، پاڵەوانێتیی فوتساڵی پەروەردەی قەزاکانی بۆ هەریەك لە هەڵبژاردەی پەروەردەکانی (ناوەندی هەولێر، دەوروبەر، خەبات، دەشتی هەولێر، مەخموور، شەقڵاوە، کۆیە) ی لە هۆڵی یانەی ئافرەتانی هەولێر ئەنجام دا، دوای ئەنجامدانی چەندین یاری هەردوو هەڵبژاردەی پەروەردەکانی ناوەندی هەولێر و مەخموور گەیشتنە یاریی کۆتایی پاڵەوانییێتییەکە، لە یاریی کۆتاییشدا کچە یاریزانانی هەردوو تیپ توانییان ئاستێکی بەرزی وەرزشییان نیشان بدەن، سەرئەنجامیش کچانی مەخموور توانییان بە ئاست بەرزی خۆیان یارییەکە لە بەرژەوەندی خۆیان یەکلای بکەنەوە بە ئەنجامی (٣-١) گۆڵ و ببنە پاڵەوانی پاڵەوانێتی پەروەردەکانی سنووری پارێزگای هەولێر، لە کۆتاییشدا خەڵات و دیاری بەسەر تیپە سەرکەوتووەکان دابەش کرا، لەبارەی ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانیتیەش بێجان ئیبراهیم بەڕێوەبەری چالاکیی وەرزش و دیدەوانی، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ بەرنامەی خۆمان هەبوو بۆ ئەوەی بتوانین کۆمەڵێك چالاکیی وەرزشیی جۆراوجۆر بۆ پەروەردەی قەزاکان ئەنجام بدەین، بەردەوامیش دەبین لە ئەنجامدانی چالاکی، سوپاسی پەروەردەکانیش دەکەین بە گوڕوتینەوە بەشداریی چالاکییەکانیان کرد، ئاستی پاڵەوانێتییەکە زۆر بەرز بوو، ئامانجمان خزمەتکردنی وەرزشە لە ناوەندەکانی خوێندن و یەکە وەرزشییەکانی پەروەردەی قەزاکان، سوپاسی بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر دەکەین بۆ ئەو پاڵپشتی و هاوکارییە بەردەوامەی بۆ کەرتی وەرزشی لە سنووری پارێزگای هەولێر هەیانە، لە داهاتوو بەرنامەی دیکەی وەرزشیمان دەبێت، بۆ ئەوەی بتوانین درێژە بە کارکانمان بدەین بۆ خزمەتی وەرزش.





هەر یارییەکیش بارودۆخێکی تایبەتی خۆی هەیە، لە بارەی گۆڕانکارییەکانیش دلشاد مەعرووف گوتی» « چەند یاریزانێکمان لە یانەکە نەماوە و بۆ قۆناغی دووەم یاریزانی تازەمان هێناوە، دەمانەوێت ئەم قۆناغە ئاستێکی شایستە پێشکەش بکەین، یاری بۆ یاری پلانی تازەمان دەبێت بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی باشتر بۆ یانەکەمان دەستبەر بکەین، لەبارەی گرفتی تیپەکەش دلشاد مەعوروف گوتی: «سوپاسی بۆ کارگێڕیی یانەکە کە هاوکاریی تەواومان دەکەن بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی باشتر پێشکەش بکەین، ڕۆحییەتی یاریزانانی یانەکەشمان زۆر بەرزە و دەمانەوێ بەم شێوازە بەردەوامبین بۆ یارییەکانی داهاتووی یانەکەمان، بۆ ئەوەی خاڵی زیاتر لە خولەکە بەدەست بهێنین، ئامانجی گەورەمان هەیە لەم وەرزە، یانەکانیش هەموو بەهێزن و شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجام دەکەن، خولی نایابی کوردستان ئەمساڵ بەهێزیی تەواوی پێوە دیارە، یانەی هەندرێنیش یەکێك دەبێت لەو یانانەی کە ئاست و ئەنجامی باشتر بەدەست دەهێنێت».

# ئەوانەی ناتوانن کێش دابەزێنن!

ئەگەرچی دابەزاندنی کێشی لەش هەرگیز مەحاڵ نییە لەوکاتەی کە کۆنترۆڵکردنی مەسەلەیەکی ئاڵۆزە، بۆیە لەوانەیە کە دابەزاندنی کێش وا ئاسان نەبێت، چونکە جگە لە بڕی کالۆری و خۆراکی رۆژانە و سەرفکردنی وزە بە جووڵە یان مەشقی وەرزشی، گەلێك فاکتەری دەرەکی و ناوەکی رۆڵیان هەیە، وەکو: ژینگە و دەوروبەر، شێوە و کوالێتیی خەو، سترێس، دەرمان، بارستایی ماسوولکەکانی لەش، بۆماوەیی یان جینەکان کە هیچی لەگەڵ ناکرێت، دواخستن یان نەخواردنی ژەمە سەرەکییەکان، زیاد پشت بەستن بە مەشقی وەرزشی، ریجیمی خۆراکیی هەڵە و نازانستییانە، کەم خەوی، کەم خواردنەوەی ئاو، ناهاوسەنگیی بەکتریای سوودبەخشی ریخۆڵە، نەخۆشیی وەکو سستبوونی گلاندی دەرەقی Hypothyroidism، بەساڵاچوون و کەمبوونەوەی بارستایی ماسوولکەکان بەتایبەتی ئافرەت پاش تەمەنی وەستانی یەکجارەکی سووڕی مانگانەی Menopause، هەروەها بەکارهێنانی هەندێك دەرمان کە وەکو زیانی لابەلا رێگە لە کەمبوونەوەی کێش دەگرن.




## ئۆمیگا ٧ چییە؟

ئۆمیگا ٧ کە بە ترشی پالمیتۆلیك Palmi-toleic acid ناسراوە، یەکێکە لە ترشە چەوریی تاکە ناتێرەکان و بە شێوەیەکی سرووشتی لە چەند خۆراکیدا هەیە، هەروەها بە شێوەی کەپسوول لە دەرمانەخانەکاندا بەردەستە. ئاڤۆکادۆ، میوەی بەکتۆرن Buckthorn، زەیتی کاکڵەکانی ماکادامیا macadamia nuts کە لە کاکڵەکانی بندق دەچێت، هەروەها ماسیی سالمۆن و تونا لەگەڵ ساردین سەرچاوەی باشن بۆ ئۆمیگا٧. سوودە تەندروستییەکانی ئۆمیگا٧: کەمکردنەوەی ئاستی کۆلیسترۆڵ و چەوریی گلیسریدە سیانییەکان لە خوێندا، پاراستنی تەندروستیی دڵ، دابەزاندنی ئاستی ئینسولین لە خوێندا، باشترکردنی فرمانەکانی جگەر، هاندانی کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، هاندانی کرداری هەرسکردنی خۆراك و رێکخستنی جووڵەی رێڕەوەکانی کۆئەندامی هەرس، هاندانی دروستبوونی پرۆتینی کۆلاجین و نوێبوونەوەی خانەکانی پێست، بۆیە بە شێوەی کرێمی پێست بەکاردەهێنرێت.








# قاوە و پەستانی خوێن

توێژینەوەکان ئاماژەیان بەمە کردووە کە رۆژانە خواردنەوەی ٢-٣ کوپ قاوە یان زیاتر هاندەرە بۆ کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن. باسی ئەمەش کراوە کە قاوە سوودبەخشە بۆ تەندروستیی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، بە مەرجێك رۆژانە لە ٤-٥ کوپ تێپەڕ نەکات، چونکە لە لێکۆڵینەوەی دیکەدا هاتووە کە زیاد خواردنەوەی قاوە لەوانەیە زیان بە کۆئەندامی دڵ و سووڕان بگەیەنێت، بەتایبەتی لە کەسانی تووشبوو بە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێندا. هەروەها ئاماژە بەمەش کراوە کە خواردنەوەی ٢-٣ کوپ قاوە رۆژانە بە شێوەیەکی بەردەوام، هاندەرە بۆ دابەزاندنی پەستانی گرژبوونی ماسوولکەی دڵ یان لێدانی دڵ، کە دەکەوێتە سەر دیواری خوێنبەرەکان Systolic blood pressure واتە ژمارەی یەکەم یان ژمارەی سەرەوەی کەرتی پەستانی خوێن. بەرزبوونەوەی ژمارەی یەکەم یان ژمارەی سەرەوەی پەستانی خوێن پەیوەندی زۆری هەیە بە ئەگەری روودانی جەڵتەی مێشك Stroke و نۆرەی دڵ. جگە لەمانە، خواردنەوەی قاوە نابێتە هۆی کەمبوونەوەی توانای لاستیکیی خوێنبەرەکان یان سخبوونی خوێنبەرەکان Arterial stiffness کە پەیوەندی زیادبوونی ئەگەری نەخۆشییە کوشندەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕانەوە هەیە.



# بەهای خۆراکیی زەیتی کانۆلا

زەیتی کانۆلا Canola oil زەیتێکی تەندروستە، ترشە چەورییە تاکە ناتێرەکان Mononunsaturated بە ڕێژەی ٦٣٪ لەخۆ دەگرێت لەگەڵ ڕێژەیەکی نزمی ترشە چەورییە تێرەکان Satu-rated کە لە ٧٪ تێپەڕ ناکات، هەروەها سەرچاوەیەکی باشە بۆ ڤیتامینەکانی E و K، لەگەڵ ترشە چەورییەکانی ئۆمیگا ٣ و ئۆمیگا ٦. سوودە تەندروستییەکان: پاراستنی تەندروستیی دڵ، هاندانی کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، پاراستنی تەندروستیی پێست بە شێوەی کەمکردنەوەی ئەگەری زوو دەرکەوتنی هێڵەکانی لۆچبوون لەگەڵ کەمکردنەوەی زیپکە، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، سووککردنی سخبوونی جومگە لە حاڵەتەکانی هەوکردنی ڕۆماتۆیدی جومگەکاندا، هەروەها کەمکردنەوەی هەڵمژینی کۆلیستیرۆڵ لە کۆئەندامی هەرسدا بەوەی کە زەیتی کانۆلا ڕێژەیەك مادده فایتۆستیرۆلەکانی Phytosterols تێدایە.





# خۆراک بۆ سووککردنی خەمۆکی

لەم چەند ساڵەی دواییدا توێژەران گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە جگە لە دەرمان و چارەسەری دەروونی، خۆراك رۆڵی گرنگی هەیە بۆ سووککردنی نیشانەکانی خەمۆکی، بۆنموونە لێکۆڵینەوەیەکی زانکۆی سیدنی-ئوستراليا جەختی لەمە کردووەتەوە کە نیشانەکان لە تووشبووانی خەمۆکیدا زۆر سووك بوون پاش گۆڕینی خۆراکیان بۆ خۆراکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست Mediter-ranean diet. ئاماژە بەمەش کراوە کە کوالێتی باشی بەکتریای ریخۆڵە Gut microbiome کە پەیوەستە بە جۆری خۆراك، رۆڵی گرنگی هەیە بۆ کۆنترۆڵکردن و سووککردنی نیشانەکانی خەمۆکی. بە چەند گۆڕینێکی تایبەتی خۆراك دەتوانرێت کە گەشە و ژمارەی چەند جۆرێکی سوودبەخشی بەکتریای ریخۆڵە زیاتر بکرێت، کە رۆڵیان هەیە لە کۆنترۆڵکردنی نیشانەکانی خەمۆکیدا، بۆنموونە: دوورکەوتنەوە لە خۆراکە ناتەندروستەکانی وەکو خۆراکی زیاد پرۆسێس کراو و بڕی زیادی شەکر، جۆراوجۆرکردنی خۆراك لە پاقلەمەنییەکان و ئەو خۆراکانەی کە پرۆبایۆتیك Probiotic لەخۆ دەگرن، وەکو ماست و کیمچی Kimchi، هەروەها سەوزە گەڵا تاریکەکان لەگەڵ ئەو خۆراکانەی کە ئۆمیگا٣ لەخۆ دەگرن وەکو گوێز و ماسی.



# یەک مانگ پێش ڕوودانی نۆرەی دڵ

تا ئێستا نەخۆشیی دڵ هۆکاری یەکەمی مردنە لە ئافرەتان و پیاواندا لە سەرتاسەری جیهاندا. نۆرەی دڵ Heart attack بە چەند نیشانەیەك دەست پێدەکات کە لە نەخۆشیی تریشدا هەن وەکو هێڵنج، دڵەکزێ یان هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکیی فیزیکی. لێکۆڵینەوەکان جەخت دەکەنەوە کە یەك مانگ پێش سەرهەڵدانی نۆرەی دڵ، چەند نیشانەیەك لە تووشبوودا دەردەکەون کە بریتین لە: هەستکردن بە ماندووبوونێکی سەخت بەتایبەتی لە کۆتایی رۆژدا، سەرسووڕان Dizziness کە لەوانەیە هاوکات بێت لەگەڵ سینگ ئێشە و هەناسەتەنگیدا، سك ئێشە یان ناڕەحەتیی گەدە کە لە نزیکەی ٥٠٪ی تووشبوواندا بەدی دەکرێت، کە هەندێك جار هاوکاتە لەگەڵ هێڵنجدا، ئارەقەکردن جا ئارەقەی سارد یان زیاد ئارەقەکردن بە جووڵەیەکی کەم یان لەکاتی شەودا، ئاوسانی قاچ و گۆزرینگ و پێیەکان لەبەر کەمبوونەوە توانای دڵ بۆ پاڵنانی خوێن و گەڕانەوەی خوێن بۆ خوێنهێنەرەکانی قاچ، هەروەها دڵەکوتێ لە ئەنجامی کەم گەیشتنی خوێن بە خودی ماسوولکەی دڵ.

# واکمەنی سۆنی گەڕایەوە

هـەر ئامێرێـك ئەگەرچـی باویشـی نەمابـێ و چووبێتـە ئەرشـیفەوە و لـە مـۆزە هەڵگیرابـێ، جارێکـی دیکـە ئۆگرانـی نۆسـتالۆژیا و یادگارییـەکان داخـوازی دەکەنـەوە و سـەرلەنوێ بـە جۆرێکی دیکە بەرهـەم دێتـەوە. بۆ نموونە ئامێری Walkmanی سـۆنی. پێشـووتر ئـەو ئامێـرەی کـە تایبـەت بـوو بـە گوێگرتـن لـە مۆسـیقا و گۆرانـی لـە نـاو گەنجانـدا زۆر بـاو بـوو. پێشـووتر کاسـێت (شریت)ی لەسـەر دادەنرا و دواتـر بـوو بـە دیجیتالـی و لـە دوایشـدا هـەر نەمـا.

جارێکی دیکە سۆنی دوو مۆدێلی لەم ئامێرە بە شێوازێکی دیکە بەرهـەم هێنایـەوە. هـەردوو ئامێرەکـە شاشـەی لەمسـیان هەیـە و بـە جۆری NW-A300 و NW-ZX700 ناسراون. سیستەمی ئەندرۆید ١٢یان لەسەرە و لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێ و دەکرێ گۆرانی لە مۆسیقا لە Spotify دابەزێنی.

جۆری NW-ZX700 کە گرانباییترە و تواناکانی زیاترن لە جۆری NW-A300 شاشـەکەی ٥ ئینجە و رامەکـەی ٤ گیگابایتـە و میمـۆری ناوخـۆی ٦٤ گیگابایتـە و هەتا ٢٣ کاتژمێر شـەحنی دانابەزێت.



# کاتژمێرێکی زیرەکی هەمەکارە

کاتژمێـرە زیرەکـەکان هەتـا دێـت پـەرە دەسـتێنن و کاتژمێـری نوێتـر و ناوازەتـر بەرهـەم دێـت. کاتژمێری جۆری kaptrek یەکێکە لەو کاتژمێرە زیرەکـە ناوازانـە. بەتەنیـا کاتژمێـر نییـە، بەڵکـو زۆر ئەرکـی گرنـگ ئەنجـام دەدا. کاتژمێـری شاخەوان و ئەو گەشتیارانەیە کە رێگایەکی دوور بـە پێـی دەڕۆن. چونکـە باشترین GPS تێدایـە و دۆزەرەوەیەکی گرنگیشە. لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێـت و بـەرزی پێـو و مـەودا پێـوە. ئاسـتی پاڵەپەسـتۆی هـەوا لـە شـوێنە بـەرزەکان دیـاری دەکات. لە هەمـووی گرنگتر دەکرێت وەك ریمۆت کۆنترۆڵـی درۆن و کامێـرای ئەکشـن سـوودی لێوەربگیردرێـت.. دوگمەیەکـی تایبەتـی لەسـەرە ئەوکاتـەی کـە تووشـی رووداوێکـی نەخـوازراو بـووی لـە رێـگادا بـە داگرتنـی دوگمەکـە پەیوەنـدی دەکات بـە شـوێنە فریاگوزارییـەکان بـۆ ئـەوەی بەهانـای بەکارهێنەرەکـەوە بێـن.

# کیبۆردێکی ناوازە دەبێتە

کیبۆرد ئەگەر گرنگترین پارچەی کۆمپیوتەریش نەبێت، بەبێ ئـەو بەکارهێنانـی کۆمپیوتـەر دژوارە و دەکـرێ بڵێیـن هـەر نابێـت. گشـت دوگمـەکان و کاراکتەر و فەرمانەکان لەسەر کیبۆردن. جا ئەگەر کیبۆردێك بێت و خۆی شاشەی هەبێت دەبێ چی بـێ. کیبـۆردی جـۆری Kwumsy کیبۆردێکـی ناوازەیە. خاوەنی ٧١ دوگمەیە لەگەڵ شاشـەیەکی ١٢ ئینجی لەمسـی. بەشـی دوگمەکانـی هـەروەك کیبۆردێکـی ئاسـاییە، بـەڵام بەشـی شاشـەکەی جیـاوازە و دەکرێت وەك شاشەی دووەمی کۆمپیوتـەر






## شاشەی دووەمی کۆمپیوتەر

سوودی لێوەربگیردرێت. شاشەکە دەکرێت وەك شاشەیەکی جیاواز بێت و هەم دەکرێت وەك شاشەی یاریدەدەر.

ئەوکاتەی لە کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێ، دەکرێ پرۆگرامێکی جیا لە پرۆگرامی شاشەی سەرەکی لەسەر بکرێتەوە. شاشەکە شوێنی ماوسیش دەگرێتەوە و کارئاسانی بۆ کردنەوەی پرۆگرامەکان دەکات. کیبۆردەکە نە تەنیا بۆ کۆمپیوتەر بەڵکو بۆ مۆبایل و تەبلێتیش دەبێت و لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس دەگونجێت.






## هێدسێت یا چاویلکەی دیجیتاڵی DJI

درۆنە فیلم هەڵگرەوەکان ئاسانکارییەکی زۆریان کردووە لە پیشەسازی سینەما و تەلەڤزیۆندا. بەکارهێنەری درۆنەکان لە دوورەوە و بەهۆی کۆنترۆڵ کردنەوە جا بەهۆی مۆبایلەوە بێت یا کۆنترۆڵی تایبەت بەخۆی دەتوانێت درۆنەکە بۆ شوێنە دووردەستەکان و ئەوەندەی مەودای درۆنەکە دەیبڕێ بیفڕێنێ.


کۆمپانیای DJI بۆ کۆنترۆڵ کردنی درۆنەکانی لە رێگای دوورەوە ئامێرێکی نوێی داهێناوە ئەویش DJI FPV Goggles V2یە. ئەم ئامێرە وەك هێدسێت لە چاو دەکرێ و دەتوانێت بە وردی کۆنترۆڵی درۆنەکە بکەی و چونکە راستەوخۆ فیلمە هەڵگیراوەکان لەسەر شاشەی چاوەکان دەردەکەون.

مەودای بڕکردنی ئامێرەکە هەتا ٤ کیلۆمەترە. پشتیوانی لە شەپۆلی ٢,٤ گیگا دەکات. فیلمەکان بە فۆرماتەکانی Mov,MP4, MKV هەڵدەگرێتەوە. فیلمەکان دەکرێت بە کوالیتی ٨١٠ فرێم لە چرکەدا هەڵبگرێتەوە. راستەوخۆ فیلمەکان بۆ سەر هێدستەکە دەگوازرێنەوە.



# قەڵەمی زیرەک یادداشتەکانت دەکاتە دیجیتالی

نووسەران و رۆژنامەنووسان حەز دەکەن ئەوەی بە قەڵەم دەینووسن، راستەوخۆ بچێتە ناو کۆمپیوتەرەوە ببێتە دەقێکی دیجیتالی، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تایپی نەکەنەوە. قەڵەمی سمارتی جۆری **Nuwa** جارێکی دیکە دەقەکان دەکاتەوە دیجیتالی. لە بواری دیزاینەوە قەڵەمەکە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ قەڵەمێکی ئاسایی، بەڵام بەهۆی سێ کامێرای تایبەتەوە جارێکی دیکە کۆپییەکە لەو دەقانەی دەینووسی هەڵدەگرێتەوە دەیکاتەوە دەقێکی دیجیتالی. قەڵەمەکە وەك قەڵەمێکی ئاسایی دەنووسێت، بەڵام جیاوازی لەگەڵ قەڵەمی ئاسایی ئەوەیە کە زیرەکە و لەسەر کاغەز نەبێت نانووسێت. بە ئاسانی پڕ دەکرێتەوە و هەر بە خێرایش شەحن دەبێتەوە. لە رێگای بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل یا کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت و دەقەکان بۆ کۆمپیوتەر یا مۆبایل بەرێ دەکات.






## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت ئایا دەکرێت تۆماری دەنگ بکەم لە واتساپ و ئاپەکانی دیکە؟**

خوێنەری بەڕێز دەنگ تۆمارکردن لە پرۆگرامی WhatsApp یان پرۆگرامەکانی دیکە وەك مەسنجەر یا ئیمۆ یا هەر ئاپێکی دیکە کە بۆ پەیوەندی کردن هەیە، لە خودی ئاپەکاندا شوێنێك نییە بۆ دەنگ تۆمارکردن، بەڵام بەهۆی پرۆگرامی گرنگی Call Recorder – Cube ACR بە ئاسانی دەکرێت دەنگ تۆمار بکرێت. دوای دابەزاندنی ئەو پرۆگرامە هەرکاتێێك کە لە واتساپ یا هەر ئاپێکی دیکەی پەیوەندی کردنەوە، پەیوەندیت بۆ هات هێمایەکی مایك دەردەکەوێت کە نیشان دەدا پرۆگرامەکە ئامادەیە بۆ دەنگ تۆمارکردن، هەرکاتێك ئیزنی پێبدەی دەنگ تۆمار بکات ئەوە بە ئاسانی دەیکات. ئەو پرۆگرامە بۆ هەموو پەیوەندییەك دەبێت.



# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی سکرین سێڤەر

سکرین سێڤەر ئەو وێنە یا ئەو دیمەنە جوڵاوە سەرنج ڕاکێشەن کە لەو کاتەدا بەکارهێنەر پێویستی بە کۆمپیوتەر یا لاپتۆپ نامێنێ دێتە سەر شاشەکە. وێنەکان جار هەیە دیمەنێکی سروشتی ناوازەن، وەك تاڤگە، یا ڕووبار یا دارستانێك پڕ لە جریوەی مەل و باڵندەی دەنگخۆش... لە ئینتەرنێتدا ئەگەر بەدوادا بگەڕێی بە هەزاران سکرین سێڤەری screensaver جوان و سەرنج و ڕاکێش هەن کە دەکرێت بەبێ بەرامبەر دایبەزینی. بەڵام ئەگەر بتهەوێ خۆت سکرین سێڤەر دروست بکەی ئەوە پرۆگرامی Animated Screensaver Maker بەکار بێنە. بە ئاسانی و بەبێ شارەزایی دەتوانی جوانترین سکرین سێڤەر دروست بکەی، چونکە خۆی سەدان دیمەنی جوڵاو و سەرنج ڕاکێشی تێدا هەیە تەنیا بە سێ کلیك سکرین سێڤەر دروست بکە. وێنەی دڵخوازی خۆت دابنێ و پاشان ئێفکتی تایبەت بە وێنەکە بدە و دواتر خەزنی بکە. لەو پرۆگرامەدا زیاتر لە ٥٠ بابەتی تایبەت کە بەسەر شەش دەستە دابەش کراو هەیە. وەك ڕۆژهەڵاتن، دەریا و ڕووبار و چیا و شار و گیانداران. دەکرێت هەر کامیان بۆ سکرین سێڤەر هەڵبژێری.





## ماڵپەڕێک بۆ فێربوونی چەندین زمان

ئەگەر دەتهەوێ خۆت یان منداڵەکان بە ئاسانترین شێوە فێری زمانی ئینگلیزی یان زمانەکانی دیکە ببن، زۆر شێواز و ڕێگا هەن، وەك ماڵپەڕ و خولی فێربوون و فیلم و دراما و....تاد. گەلێك ماڵپەڕ هەن بۆ فێربوونی زمان، ماڵپەڕی www.thefa-blecottage.com یەکێکە لە ماڵپەڕە باش و سەرکەوتوو و ئاسانەکان. لەو ماڵپەڕەدا نە تەنیا زمانی ئینگلیزی بەڵکو دەتوانی فێری زمانەکانی، فەرەنسی، ئیتالی، ئەڵمانی، ئیسپانی ببی. شێوازی فێرکردنەکەی زۆر ئاسانە چەندین چیرۆکی تێدایە کلیك لەسەر چیرۆکەکان دەکەی و پاشان بۆکسێك دەکرێتەوە دەتوانی بەشێوەی دەنگ یا ڤیدیۆ هەڵبژێری و هەرچەندە بە دەقیش لە خوارەوە دەنووسرێت.



## ڕۆبۆتی Robotis Engineer Kit1

ڕۆبۆتی ئەنجیر کیت (Robotis Engineer Kit1) لە چەندین پارچە پێکهاتووە، بەهۆی ئەوەوە دەکرێت سێ ڕۆبۆتی جیاواز دروست بکەی و ئەگەر شارەزاییت لە جیهانی ڕۆبۆتدا هەبێ دەکرێ لەوەش زیاتر دروست بکەی. یەکێك لەو ڕۆبۆتانەی بەهۆی Engineer Kit1وە دروست دەکرێت، ڕۆبۆتی DR.Rە.

دکتۆر R ڕۆبۆتێکی هاوشێوەی مرۆڤە، بەڵام لەبری ڕوخساری مرۆڤی هەبێ، مۆبایلی لەسەر داندراوە، بەهۆی ئەو موبایلەوە دەکرێت هەڵسوکەوتەکانی ببینی و هەروەها هەستەکانی خۆی بە هۆی ئەو مۆبایلەوە دەردەبڕێ.


ڕۆبۆتی ناوبراو تا بڵێی ڕۆبۆتێکی هەستیارە، بە هەر جوڵەیەکی بەکارهێنەرەکەی جوڵەیەك لە خۆی نیشان دەدا. بۆ نموونە ئەگەر لێیبدەی نارەحەت دەبێت، ئەگەر بە ئارامی دەستی بەسەردابێنی خۆشحاڵ دەبێت، ئەگەر چەپڵەی بۆ لێدەی هەڵدەپەڕێ. ڕۆبۆتی ناوبراو ڕوخساری کەسەکانی بیر دەمێنێ و دەیانناسێتەوە. جگە لەوەش کەلوپەلەکایش دەناسێتەوە.



# ڕەنگێکی گونجاو بۆ جوانیی لێوت دیاری بکە

ڕەنگی بۆیە و سووراوی لێو، پێویستە زۆر بە کارامەیی هەڵبژێردرێت و ببێتە یەکێك لەو ماکیاژانەی کە جوانیی روخسار گەشاوە دەکەن، هەر ڕەنگێك گوزارشت لە مۆدێکی ماکیاژ دەکات، شێوازەکانی بۆیەی لێو چەندین ڕەنگ و بۆیە لە خۆ دەگرن، دەتوانن بەم چەشنە سوودیان لێی وەربگرن: سەرەتا دەتوانیت بۆیەی بریقەداری (سیداکیشن بۆتانیکال) لە مارکەی (لۆتزباڵز) بکەیتە ڕەنگی سەرەکیی لێوت، دەتوانیت ڕەنگی بریقەی لێوت لە هەمان ڕەنگی پێستت بێت، هەروەها ڕەنگی بریقەی نیود مۆدێکی نایابی هەیە کە بۆ بۆنە و یادەکان تەرخان کراوە. ڕەنگی پەمەیی و سووری تۆخی بریقەدار بۆ زەماوەند و ئاهەنگ گونجاون. ئەوانەی حەز بە لێوی پڕ و سەرنجڕاکێش دەکەن، دەتوانن سوود لە بۆیەکانی خانمە ئەکتەری جیهانی ئەنجلینا جوولی وەربگرن، کە زیاتر گرنگی بە ڕەنگی هەناری و جەرگی دەدات. دەکرێت ڕەنگی سپی و مۆر بە ڕەنگی سەرەکیی لێوت دابنێیت، کە بۆ گەشت و دەرچوون گونجاوە. ڕەنگەکانی (پەمەیی و شین) ناسکن و نایابن بۆ دانیشتن و کۆبوونەوەی دەستەخوشکان و هاوڕێیان.









# دەست و بازنی مەچەکی بووک

لەگەڵ خۆشبوونی کەشوهەوادا، لە مەودوا خانمانی بووك جلی تەنك و بێ قۆڵ دەپۆشن، بۆ ئەم مەبەستە خشڵەکان زیاتر دەدەکەونەوە و باو دەبن، دەست و مەچەکیش لەگەڵ جلی بووکدا تەنك و یان بە دەرەوە دەبن، بۆیە بازنەکان ڕۆڵی خۆیان لە ڕۆژی مارەبڕین و زەماوەنددا دەبینن، خانمایش دەتوانن سوود لەو خشڵە وەربگرن بۆ ڕازاندنەوەی دەست و مەچەکەیان، بازنی گەورە و پان مۆدی ئەو وەرزەیە، هەروەها کاتێك بازنە پانەکان بە وردە خشڵی بچووك و نەخش و نیگارەوە بێت، سەرنجڕاکێشتر و کراوەتر دەردەکەوێت، بۆ ئەوانەی کە دەستیان بچووکە یان لاوازن، ئەو جۆرە خشڵە دیمەنێکی جوان بە دەستەکانیان دەدات، مارکەکانی جیهانیش وەك: یۆکۆ لەندن yoko London ئاماژە بۆ کۆلیکشنی ڕایندڕۆپ دەکەن کە شێوازی بازنەکانە بە قەبارەی پان و ڕازاوە بە نەخشی ورد و بازنەیی لەسەر بازنەکە. مارکەی عیزە فەهمی، بە بازنی لاسی بەشدارە و چەندین زەخرەفە و نەخشی بە پیت لەسەر بازنەکەیدا کردووە، کە هێندە ناسکن کاتێك لە دەستت دەبێت هەمووان سەرسام دەکات. بازنەکانی برۆکاد لەلایەن دیزاینەر david webb بازنی ڕەنگ زەردی سەر بە مووروو، مۆدێکی نایابی داگیر کردووە، بۆ مارەبڕین و ئاهەنگی گواستنەوەش گونجاوە.



# ڕەش ڕەنگی شاهانەی جلوبەرگە

ڕەش ئەو ڕەنگە دڵخوازەیە کە هەموو ئافرەتان حەزی پێ دەکەن، ڕەنگی سەرەکی و نا سەرەکی جلەکانیانە، بەهۆی ئەوەی ڕەنگێکە لەگەڵ پێست و هەموو ڕەنگی جلی دیکە خۆی شیك دەکات، بۆیە بە ڕەنگی سەرەکی جلوبەرگ دادەنرێت، پێویستە هەموو خانمێك زیاتر لە (٥) پارچە جلی ڕەشی هەبێت، چونکە تاکە ڕەنگە لەگەڵ هەموو جلوبەرگێکدا دەگونجێت. لە نمایشەکانی جلوبەرگدا ڕەنگەکانی جلی ڕەش دەخرێتە کۆتایی نمایشەکە تا دواجار لەبەرچاوی هەمووان بمێنێتەوە، ڕەنگی ڕەش ناوازەیە، هەروەها بۆ هەموو کات و شوێنێك دەگونجێت. دەتوانی لە کاتی بۆنە یادەکاندا کراسێکی درێژی ڕەش هەڵبژێریت، چاکێتی ڕەش دەکرێت بۆ کاتی فەرمی و زانکۆ بپۆشرێت، بەدی و بلووزی ڕەش بۆ کاتی ماڵ و دەرچوون هەڵدەبژێدرێن. هەروەها دەکرێت پارچەیەکی جلەکەت لە ڕەش هەڵبژێریت، تا تەواوکەری جلەکانی دیکەت بێت. زۆربەی خانمانی ئەکتەر و ناوداران گرنگی بە ڕەنگی ڕەش دەدەن، لەوانە: جەسیکا بەیل، کاران وازن، ڤیکتۆریا سیکرێت، کە لە زۆربەی نمایشەکانیشیاندا ڕەنگی ڕەش بە ڕەنگی سەرەکیی بەرهەم و جلەکانیان دادەنێن.





## هەڵکەندن و گواستنەوەی دار و ڕووەک

دارەکان، کە مایەی سەرچاوەی ژیان و دابینکردنی ئۆکسجین و جوانی و بەرهەمی جۆراجۆرن، بە تایبەت ئەوانەی لە شوێنە گشتییەکاندا خۆڕسك یان لە ڕێگەی خەڵکەوە دەڕوێن، هەندێ جار ئەو دارانە هێندە گەورە دەبن کە دەبنە ڕێگر لە بەردەم هاتووچۆ یان دروستکردنی پڕۆژەیەك، یان دەکەوێتە نێو پڕۆژەیەکی ستراتیژی کە پێویست دەکات دارەکە هەڵبکەنرێت، بەڵام لە وڵاتی ژاپۆن ئەگەر دارێك ڕێگر بێت لە دروستکردنی ڕێگەیەك، ئەوا دارەکە بە ڕەگەکانییەوە هەڵدەکەنن و دەیگوازنەوە بۆ شوێنێکی دیکە و دووبارە دەیچێننەوە، بێ ئەوەی لە ناوبچێت، ئەوان بەم جۆرە پارێزگاری لە ژینگە و دار و بەردیان دەکەن، تاوەکو ژینگەیەکی پاك و تەندرووستیان هەبێت، بیرۆکەکەش ئاسانە و لە داهاتوودا دەبێتە ڕێگەی دروست بۆ گواستنەوەی ڕووەك و دارەکان.

## پیشانگای قاوە و ش





هەوادارانی قاوە و شیکۆلاتە لە کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد دەبن، چەندین شوێن و کافێ و قاوەخانە لە کوردستان بە گشتی و لە شاری هەولێر بەتایبەتی کراونەتەوە، کە ڕۆژانە خەڵك سەردانیان دەکەن و کووپە قاوەیەك نۆش دەکەن، گرنگیی ئەو خواردنەوە بە تامە وای کردووە کە فیستیڤاڵ و پیشانگاشی بۆ بکرێتەوە، بۆ دووەم ساڵ لە بەردەم پارکی شانەدەری هەولێر، پیشانگای قاوە و شیکۆلات بۆ ماوەی چوار ڕۆژ کرایەوە، لە پیشانگاکەدا، ئەوانەی بەرهەمی قاوە لە وڵاتان هاوردە دەکەن، یان بە دەستکاری و برژاندنی خۆیانەوە داهێنانیان لە ئامادەکردنی قاوە کردووە، بە کەپرە جوانەکانی پیشانگاکە بەشدار بوون و قاوەیان نمایشی خەڵك و گەشتیاران دەکرد، بۆ ئەوانەش کە بەوێدا تێدەپەڕین یان بەلایەنەوە گرنگ بوو، فرێکییان تێست دەکرد و ئەوەی بە دڵی بووایە داوای بەرهەمەکەی دەکرد، کە ڕاستەوخۆ لە پیشانگاکە بە نرخێکی ڕەمزی بە خەڵك دەدرا، زیاتر لە (٢٠) کەپر بۆ پیشانگاکە دانرابوون، جگە لە قاوە، کاری دەستیی ئافرەتان و کەرەستەی کەلەپوور و کەلتووریی کوردەواری نمایش کرابوون، هەروەها زیاتر لە ٢٠ کۆمپانیا و ئامادەکەرانی قاوە بەرهەمەکانیان پێشکەشی خەڵك دەکرد، پیشانگاکە بە بۆن و تامی هەر فنجانە قاوەیەك شوێنەکەی







## شەقامێک بۆ بەکارهێنەرانی مۆبایل

زۆربەی خەڵك، كاتێك بە ڕێگەدا دەڕۆن مۆبایلیان لە دەستە، چاوێكیان لەسەر ڕێگەكەیە و چاوەكەی دیكەش لەسەر شاشە، كە زۆر جار بووەتە هۆی كەوتنی كەسەكە یان ئامێری مۆبایلەكە، بۆ چارەسەری ئەو گرفتە لە وڵاتی چین، چارەسەریان داهێناوە، ئەویش بە دروستكردنی شەقامێكی تایبەت بەوانەی ئالوودەی ئامێرەكانی تەكنەلۆجیا و مۆبایلن، ئەو شەقامە لە شاری (چۆنگویشنگ)ی چینی دروست كراوە، پانییەكەی (٣) مەتر دەبێت، یەكێكیان بۆ ئەوانەیە مۆبایل بەكاردەهێنن و ئەوەی دیكە نابێت مۆبایلت بە دەستەوە بێت، ئەگەر كەسێك مۆبایلی لە دەست بێت و لەو شوێنە بڕوات كە قەدەغە كراوە، سەرپێچی بۆ دەكرێت، ئەو شەقامە بۆیە دروست كرا، بەهۆی ئەوەی ژمارەیەكی زۆری خەڵكی ئەو وڵاتە خەریكی مۆبایلن و زۆر جار بووەتە هۆی كەوتنە نێو زێراب و یان پێكدادان و یانیش خۆیان لە كەرەستە و شت دەدەن.








## ــــــیکۆڵاتە لە کوردستان

بۆنداری قاوە كردبوو، كە ئەوەش بووبووە جێی سەرنجڕاكێشانی خەڵك و میوانان و گەشتیاران، ئامانج لە كردنەوەی ئەم پێشانگایە، زیاتر ناساندنی كەلتووری قاوەیە، چونكە خەڵك كەمتر ئاشنایە بە قاوە بەراورد بە چا، قاوەكانیش هەندێك لە توركیا و هەندێك لە ئیتاڵیا و هەندێكێش لە شاری هەولێر ئامادە دەكرێت، قاوەكانی پیشانگاكە لە ٣٩ تامی جۆراجۆر پێك هاتبوون، دووەم جارە ئەم پێشانگایە لە هەولێر دەكرێتەوە، ئێستا خەڵك بە گشتی ڕووی لە قاوەی جۆری قەزوان كردووە، قەزوانیش لە شاخاكانی كوردستان هەن كە وەك بەروبوومی خۆماڵیە بۆ سەرچاوەی قاوە، یەكێكی دیكە لە بەشداربووانی پێشانگاكە كە خاوەنی براندێكی خۆیەتی ئاماژە بەوە دەكات كە لە جیهاندا، ١٢ جۆری برژاندنی قاوە هەیە، بەڵام ئەو سێ جۆری دیكەیشی زیاد كردووە و تام و بۆنی قاوەكەی بووەتە براندێكی تایبەت بە خۆی، خۆی لە جیهاندا ١٢ شێوازی برژاندن هەیە و لە كوردستان كراوەتە ١٥ شێواز، چونكە هەر برژاندنێك بەشێوەی خولەكە و، بۆنی خۆی هەیە و توانیویانە ئەو جۆرە تامە بدۆزنەوە كە تاڵییەكەی هەندێك كەم بكاتەوە و لە بری ئەوە چەوری بە قاوەكە بدات.




# پەرستگەیەک لە مس

هەمیشە باڵەخانە و شوێنە پیرۆزەکان لە کۆنکرێت و بەرد دروست دەکرێن تاوەکو زۆرترین ماوە بمێننەوە، کەچی لە وڵاتی چین کەنیسەیەك لە مس دروست کراوە، تەواوی پەرستگەکە لە مسە، تەنانەت شێوەی وا پێناچێت کە مس بێت، بەڵام پێکهاتەکەی مسە، لەو وڵاتەدا سێ ئایینی سەرەکی هەن، ئەوانیش ئایینەکانی (کۆنفۆشیزم-تاویزم-بودیزم)، کە بەناوبانگترین پەرستگەی چین پەرستگایەکە کە لە مس دروست کراوە، کەناوی (کنتین)ـە، لە نزیك شاری یون-تان! خۆبی پایتەختی هەرێمی یۆن تان-ئەو شارەش لەسەر بەرزاییەکە کە (٢٠٠٠)م لەسەر رووی دەریاوە بەرزە.



## کاریکاتێر

باس لە کێشەکانی سنووری ئەمریکا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی دەکات، کە خەڵکێکی زۆر بە شێوەیەکی نا یاسایی دەچنە نێو ئەمریکاوە، لە کاریکاتێرەکەدا وا دەردەکەوێت پەیکەری سەربەخۆییش لە تاو کێشەی سنوورەکان دەناڵێنێت.




## کتێب

**ڕێگری شاژنەکان**
**The Bandit Queens**

ڕۆمانێکی جوانی کچە نووسەری ئەمریکی و بە ڕەچەڵەك هیندستانی، (پارینی شارۆف)ـە کە دەرچووی زانکۆ تێکساسە لە ئۆستن، ئێستا وەك ڕۆژنامەنووس کار دەکات، باس لە ئافرەتێکی گەنج دەکات کە پڕوپاگەندەی ئەوە لە سەری بڵاو دەبێتەوە ئەو ئافرەتە هاوسەرەکەی خۆیی کوشتووە، دواتر لەلایەن کۆمەڵێك لە ئافرەتانی ناوچەکەیەوە هاوکاری دەکرێت، تاوەکو بێتاوانیی خۆی بسەلمێنێت، تیرەی کتێبەکە (٦,٢٥ X ١,٢٣ X ٩,٤٩) سەنتیمەترە، ڕۆمانێکی شانیۆیی و دۆمیستیکە.



## یاسا

**ماددەی ٢٥ی هۆشبەر**

بەپێی ماددەی (٢٥) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەهۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان، هەرکەسێك یەکێك لەم کردارانەی خوارەوە ئەنجام بدات بە لەسێدارەدان یان زیندانی هەتاهەتایی سزادەدرێت:

یەکەم: ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری قەعڵی یانیش پێشینەی کیمیایی، یان ڕووەکێك لەو ڕووەکانەی مادەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقڵی لێ بەرهەم دێت، بەمەبەستی بازرگانی پێوەکردنی لەسەر ساغ ببێتەوە.

دووەم: ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقڵی بەمەبەستی بازگانی پێکردن بەرهەم هێنابێت یان دروستی کردبێت.

سێیەم: بە مەبەستی بازرگانی پێوەکردن ڕووەکێکی چاندبێت، کە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقڵیی لێ بەرهەمبێت، یان ڕووەکێك لەو ڕووەکانە لەهەر قۆناغێکی گەشەکردنیدا بێت هێنابێتی یان هاوردە یان هەناردەی کردبێت، یان بازرگانی بە تۆوەکەیەوە کردبێت.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

لە رووی پیشەییەوە دەرگای نوێ بە رووتدا دەکرێتەوە، دادپەروەرانەش بڕیار بدە، هەرگیز بە دوای کەموکووڕیی خۆشەویستەکەتدا مەگەڕێ، جەستەت لە حەوانەوە بێبەش مەکە و کەمێك پشوو وەربگرە.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

هەمیشە وشەی بەهێزکەر بەکار بهێنە بۆ هاوکاریی هاوپیشەکانت، خاوەن کەسایەتییەکیت کە هەموان بایەخت پێ دەدەن چ هاوبەشی ژیانت یان خێزانەکەت، چونکە کەشێکی خۆش ساز دەکەیت، سیستمی خۆراکی تەندروست پەیڕەو بکە.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

بە قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبیت، بەرەو بەدەستهێنانی ئامانج و خواستەکانت هەنگاو دەنێیت، مامەڵەی باش لەگەڵ هاوبەشی ژیانت کاریگەریی ئەرێنیی هەیە،بۆ تەندروستییەکی باشتر، وا باشترە زیاتر بایەخ بە خواردنەوەی ئاو بدەیت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

هەوڵ بدە زیاتر ڕێککەوتنت لەگەڵ هاوپیشەکانت هەبێت، لە رووی سۆزدارییەوە هەمیشە ئارامی و هێمنیی خۆت بپارێزە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی بەهێز بنیاد بنێیت، ئەم ماوەیە دەروونت ئارامە و تەندروستیت باشە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

هاوکاریکردنی هاوپیشەکانت لە کۆتاییدا پاداشتی بۆ خۆت تێدا دەبێت، کاتێکی زیاتر تەرخان بکە بۆ خۆشەویستەکەت، چونکە پێویستی پێت هەیە، لەپێناو تەندروستییەکی باشتر بەیانیان ڕاهێنانی وەرزشی بکە و خۆت فەرامۆش مەکە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**


پشتیوانیکردنی هاوپیشەکانت زۆر گرنگە، چونکە ڕۆژێك دێت پێویست بە هاوکاریی ئەوان ببێت، هەندێك لە خێزانەکەت پشت بە تۆ دەبەستن، هەربۆیە گرنگە ئاگاداریان بیت، بەپێی توانا هەوڵ بدە ڕاهێنانی وەرزشی بکەیت.

# فیلم





## بێ بوغزوکینە
## No Hard Feelings

فیلمێکی کۆمیدی و ڕۆمانسییە، باس لە کچێك دەکات کە دەیەوێت خۆشەویستی بکات بە شێوەیەکی ئاسایی، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا تووشی کێشە و گرفت لەگەڵ خۆشەویستەکانی دەبێتەوە، فیلمەکە لە مانگی ٦ی ئەم ساڵ نمایش دەکرێت، لە دەرهێنانی جینی ستوپنتسکی، لە نووسینی ئیلیگی بریڵد، ماوەی فیلمەکە، یەك کاتژمێر و ٥٥ خولەکە، لە نواندنی: جینیفەر لۆرینس، ئەندری بارت، ماتیۆ برۆدرێرك، حەسەن مینیهاچ، ئیبۆن مۆس، ناتالی مۆرالیس ـە.



## پەند و وتە

ماری ئەنتوانێت جۆزێف جەین، کۆتا شاژنی فەرەنسا بەر لە هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسا، لە ساڵی ١٧٥٥ لە شاری هۆفبێرگ لە نەمسا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٧٩٣ لە فەرەنسا کۆچیی دوایی کردووە، دەربارەی ئازار و خەمەکانی ژیان و ناوزڕاندنەکان دەڵێت: «کاتێك کەسێك ئازارت دەدات و ناوت بە خراپە دەهێنێت، پێویستە لەسەر ئەو سێ پرەنسیپە بڕۆیت، هەموو شتێکم بینی، هەموو شتێك گوێبیست بوو، لە کۆتاییدا هەموو شتێکم لە بیر کرد».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا کەسێك دیارە، کە دوو شێوەی هەیە، یەکێك ڕەشە و ئەوەی دیکەش سپییە، هەوڵ بدە بۆ ئاستی زیرەکیت لە ماوەی (٣٠) چرکەدا ڕاست و دروستیی فێڵی وێنەکە بزانیت چۆنە و چۆن گیراوە.




## بەفری ڕوون و سپی



بەفر یان بەستەڵەك، دوو ڕەنگی هەیە، یەکێکیان سپییە و ئەوەی دیکەش ڕوونە کە ناوەوەی دیارە، تا ئێستا پرسیوتە بۆچی هەندێك بەفر سپییە و هەندێکیش بێ ڕەنگە، هۆکارەکەش ئەوەیە کە بەفر بەشێوەی سپی دەردەکەوێت کاتێك ئۆکسجین و ماددەی دیکە لە پێکهاتەکەیدا هەبێت، بەڵام ئەگەر ئاوەکە گەرم بکرێت پێش بەستنی ئەوە بەفرەکە بێ ڕەنگ و ڕوون دەبێت، چونکە لە دوای گەرمکردن ئاوەکە لە ماددە پیسەکان تەواو پاك دەبێتەوە، هەروەها لە سرووشتدا زۆربەی ڕەنگی بەستەڵەك و بەفرەکان ڕوون نین، بەهۆی ئەوەی کە پێکهاتەی جۆراوجۆر، یان ماددەی دیکە هەن لە نێو ئاوەکەدا، بەم چەشنە لە کاتی بەستنیدا پێکهاتەکان ڕەنگی بەفرەکە شێلوو یان تۆخ دەکەن، بەمەش ڕەنگی بەستەڵەك و شەختە و بەفر، ڕوون نییە.


### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هاوڕێکانت لە کارەکەت ستایشت دەکەن و بە بیرۆکەکانیان زیاتر هاوکاریت دەکەن، کەسایەتیت هۆکارە بۆ ئەوەی ئاشنای کۆمەڵێك هاوڕێی نوێ ببیت، ڕەنگە لە نێوانیادا هاوبەشی ژیانت بدۆزیتەوە، وەرزش ئەنجام بدە، بۆ ئەوەی لە پەستانی ڕۆژانە دوور بکەویتەوە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

پێویستە زیاتر بە گرنگی بە چارەسەری کێشەکان بدەیت و هەوڵی خۆدزینەوە نەدەیت، چونکە دواتر باجەکەی قورس دەبێت، ڕەنگە لەگەڵ هاوبەشی ژیانت ناکۆکییەکانتان زیاتر ببێت، بەڵام دەبێت زۆر لەسەرخۆیانە ڕەفتار بکەیت، کەم خەوی زیان بە جەستەت دەگەیەنێت.




### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کارکردنی بە کۆمەڵ یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی ئەنجامێکی باشترت هەبێت لە ڕووی پیشەییەوە، لە بیرکردنی ڕابردوو ئارامت دەکاتەوە، هێندە بایەخ بە کێشەکانی پێشووت مەدە، واز بهێنە لە خواردنی خێرا لەپێناو تەندروستیتدا.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

متمانەت بە خۆت هەبێت ئەگەر هەڵەشت کرد، چونکە کاریگەریی ئەرێنی لە بەرەوپێشچونی کارەکەا هەیە، ئەگەر هەمیشە پشت بەخۆت ببەستیت، کێشە سۆزدارییەکان کۆتاییان دێت، گوێگرتن لە میوزیك ئارامت دەکاتەوە.




### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


کێشەکان پەستانێکی زۆریان لە پیشەکەتدا خستووەتەسەر شانت، بەڵام گرنگە بە خێرایی بەدوای چارەسەردا بگەڕێیت، بە قۆناغێکی قورسدا تێدەپەڕیت، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەستەکانت ئاڵۆزن و تەندروستیت کەمێك نائارامە.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لە ڕووی پیشەییەوە هەرگیز لە گۆڕانکارییە نوێیەکان مەترسە، چونکە خاوەنی توانایەکی باشیت و دەتوانیت چارەسەری کێشەکان بکەیت، هەوڵ بدە ئەو ناکۆکییانەی لەگەڵ هاوڕێکانت هەتە کۆتایی پێ بهێنیت و هاوڕێی نوێش بناسیت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:


https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly February 27, 2023 Issue,No.1355


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626